# تۆ نیشتمانمی

هۆنراوە

# تۆ نیشتمانمی

خالید شەیدا

چاپی یەکەم

٢٠٢١

**ناوی کتێب:** تۆ نیشتمانمی

**بابەت:** شیعر

**نووسەر:** خالید شەیدا

**پیت چنین:** شاعیر

**نەخشەسازی و بەرگ:** دڵشاد خۆشناو

**تیراژ:** ١٠٠٠ دانە

**چاپ:** چاپخانەی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (    )ی ساڵی (٢٠٢١)ی

دراوەتێ.

**پێشکەشە بە**

خەبات ی گوڵی بەهاری ژیانم

بانوو و هێشوو، دوو خونچەی گوڵی ڕۆژگارم

# پێشەکی نووسەر

ئەم هۆنراوانەی نووسیوومن هەمووم لە تووی ئەم کتێبەدا کۆکردونەتەوە و لە چاپم داون، هەمووی هەڵقوڵاوی ناخی دەروونی خۆمن، هەر شیعرێک لە کات و ساتێکدا نووسراوەتەوە، هەر یەکێکیان گوزارشت لە شتێک دەکەن، بێگومان شیعر لە لای من زۆر پیرۆزە، چونکە لە هەست و نەستی شاعیرەوە وەکو کانییەک هەڵدەقولێ، کاتێ کە ئیلهامی شیعریکم بۆ دێت دوایی دەینووسمەوە، جاری واش هەیە کە ناینووسمەوە بۆ ڕۆژی پاشتر شیعرەکەم لەبیر دەچێت، واتە لەکیسم دەچێت، جا بۆیە شیعر هیچ کاتێکی دیارکراوی نییە، جاری وا هەیە زوو دێتە ناو هزر و دڵ و دەروونەوە، جاری واش هەیە هەر دیار نییە.

شیعر بە لای منەوە، ئەو جیهانە پاک و بێگەردەیە و پڕاوپڕە لە بەرائەت و سۆزوە بێ خەوشەی گەر هەر کەسێ نەتوانی پڕ بە پیستی میهرەبانیەکەی دەست بە باڵەکانیەوە بگرێ و لەگەڵ شوێن وپێیە نەرمەکانیدا ڕێ بکا، ئەوە ئاستەمە تا سەر بتوانی لە ئامێزی پڕ میهری شیعردا بمینێتەوە، زۆر بوون لەوانەی کە بە شیعر دەستیان پێ کرد و دوایش وەکو مۆمێک هێدی هێدی کز بوون و کوژانەوە و تەنانەت لە شیعریش عاسێ بوون، ئەوە شیعر نەبوو دەستی لە هەوکی ئەوان گیر کرد بوو، بەڵکو ئەوە ئەوان بوون لەگەڵ شیعر گەمەیان دەکرد و شەڕیان بە شیعر دەفرۆشت، هەوکی شیعریان بەرنەدەدا و وازیان لێ نەدەهێنا... ئاخر هونەری شیعر هونەری نووسینەوەی سۆز و هەستە ڕاستەقینەکان و ڕێژنە و لێزمەی بارانی سۆز و باڵگرتنی بەزەیی و دەستکردنە گەردەنی بەرائەت، ئامێزکردنەوەیە بە جەستەی میهرەبانیدا.

شیعر بە لای منەوە ئەگەر نەیتوانی موچڕکێک بەجەستە دابێنێ و

تەزوویێک بە گیان ببەخشێ و ڕامان بچڵەکێنێ و لە شوێنی خۆیەوە، واتە ڕاستەقینەکەی لە دایک نەبێ، ئەوە لە دیدەی من شیعر نییە، جگە لە چەند وشەیەکی سارد و سڕ و کرچ و کاڵ و بێ هەناسە و بێ گیان بەولاوە پەیامێکی پێ نییە و پەیامێکی تر نادا، ئەوە ماوە بیڵێم بەداخەوە لەم وڵاتە وێرانەیمە ڕێز لە شیعر ناگرن و شیعریان تا ڕاددەیەک پەراوێز خستووە، بۆیە خوێنەری شیعر کەم بووە و کەس بەلای شیعرەوە ناچێ، ئەوەتە ساڵانە شاعیرانمان ڕوو لە چاپخانەکان دەکەن دەیانەوێت لە سەر ئەرک و خەرجی چاپخانەکە کتێبەکیان بۆ چاپ بکەن، کەچی بەداخەوە پێیان دەڵێن داوای لێبووردن دەکەین شیعر خوێنەری نەماوە، ئێمە شیعر چاپ ناکەین، ئەوەی دووبارە دەکەمەوە شیعر لە دیدەی منەوە ڕۆناکییە بۆ ژیان، تا ژیانیش بەردوام بێت شیعریش بەردەوام دەبێت، نووسەر کە شتێ دەنووسێ مەرج نییە بێ کەموکورتی و هەڵە بێت، لەوەی من نووسیمە هیوادارم خوێنەر تێدا سوودمەند بێت و کەلێنێک لە کتێبخانەکان پڕ بکاتەوە، باوەشێکی گەرمیش بۆ تێبینی و سەرنجەکانی خوێنەران دەکەینەوە.

**خالید شەیدا**
**٢٠١٩/٩/٢٥**

# تۆ دەکەم بە نیشتمانی خۆم ....!!!

عەیامێکە
وەکو گەریدەیەکی
ماند و شەکەت و هیلاک
بە دوای نیشتمانی خۆم دا
دەگەڕێم...
بەلام تاکو ئێستا...
نیشتمانم هەر لێ ونە و
هەر بۆم نەدۆزاوەتەوە...
وا ئەم جارەش دیسان
ئەسپی خۆم تاو دەدەم و
تەکانێکی تریش دەدەم
ئەگەر هەر نەمدۆزیەوە
بڕیار دەدەم ئەی یار
تۆ دەکەم بە نیشتمانی خۆم
ئالایەکیشت لە گوڵ
بۆ هەڵدەکەم...

هانۆڤەر
٢٠١٩/٢/١٢

# سەمای کلۆ بەفرەکان ...!!!

بەفر سپی و جوانە
سیمبۆڵی وەرزی زستانە
عەشقی شاخ و دۆڵە
زۆر جوان و نەرم و نۆڵە
کاتێ بەفر دەبارێ...
شاخ و دۆڵەکان...
ئامێزی بۆ دەگرنەوە
بەفر دڵی ڕووبار و کانییە
خۆشەویست و هێمای سروشت و جوانییە
هاوڕێی سەڕما و سۆڵە
ڕێبوارێکی زۆر ماندیە
بەفر کە دەبارێ...
گۆرانی بۆ سروشت دەچڕێ
سەما لەگەڵ چیا و دۆڵ دەکا و
خەمەکانی ناو دڵیان دەشواتەوە
حەزی لە کانی و ڕووبارە
بۆیە هەر لە زستان ڕێبوارە
هەر دەبارێ....
تا دڵی شاخ و دۆڵەکانی
پێ خۆش بێ....

بەفر تۆ ئازیز و خۆشەوستی
عاشقی جوانی و سرۆشتی .

هانۆڤەر
٢٠٠٥/١٢/٣٠

# هەرگیز ناکرێ لەبیرتکەم ...!!!

هەموو ساتێک لە ناو خەیاڵم دای
هەر شوێنک تۆی لێ نەبێ
دڵم یەک چرکە بە بێ تۆ ناسرەوێ
ئەو شوێنە بە بێ لافاو وێران دەبێ .

هانۆڤەر
٢٠١٦/ ٢ / ٢

# سەمای ماچی ئێواران .....!!!

لەگەڵ جولانەوەی جەستەت
خەویشت لە دەریا  زڕی
شەپۆلەکانیش لە خەو ڕابوون
کەوتنە جووڵە ...
لەگەڵ سەماکەت ئاوێتە بوون
باڵندەکانیش ئیتر ناگەڕێنەوە بۆ لانە
لەگەڵ هەمان ئاوازی تۆ سەما دەکەن
ڕۆژیش وا خەریکە جارێکی تر هەڵبێتەوە
تا تێر لە سەما سحراویەکەت
بڕوانێ ...
سەماکەت پڕە لە عەشق
نوقمی هەناسەی خۆشەویستییە
پڕە لە سۆز و وەفا ...
پڕە لە ئیلهام و ئاواز ...
توایتەوە لە ناو ڕووحێکی بە ناز
لە ناخەوە دەمانهەژێنێ وەك ساز
بە بێ شەرابیش مەست دەبێت
بەرز هەڵدەفڕێ وەك باز
کە دەنیشێتەوە ...
دەبێتە پەیکەرێکی شاز .

هانۆڤەر
٢٠٠٨/١١/١

# سەفەر ....!!!

سەفەرم کرد
خەمەکانی تۆم لە ناو جانتا
لەگەڵ خۆم هەڵگرتبوو...
لە هەر وڵاتێک لام دا...
خەمێکی تۆم لە وێ جێهێشت
ئاخیر خەم مابوو...
لە وڵاتێک جێبێڵم...
کاتی جانتام کردەوە...
بینیم لە سەرمانە...
ڕەق و وشک هەڵگەڕابوو
هەناسەی تیا نەما بوو...
لە ناوەراستی شارا ناشتیان
پەیکەرێکیان بۆ دروستکرد...
ناویان لێنا خەمکی خەمان...
تا ببێتە سیمبۆڵی غەریبی لە هەندەران.

هانۆڤەر
٢٠١٧/٨/١١

# سەفەر مەکە ....!!!

سەفەرت کرد
بەڵام ئیمرۆ وەرزی خەزان بوو
وەرزی گەڵاریزان و سەرگەردان بوو
وەرزی شووم بوو ...
وەرزی دڵداران و خۆشەویستی نەبوو
دەزانم تۆ تێنووی ئەم خاکەی ...
دەزانم تۆ عەشقی ...
خۆرەتاوی ئەم وڵاتەی ...
دەزانم دڵت بەم وڵاتە نەبێت ناکرێتەوە
دەزانم تۆ دڵداریت و ...
دڵت زامێکی گەورەی تیایە ..
ئەگەر ڕۆژێک دوورکەیتەوە ..
زامەکانت دەکولێنەوە ...

هانۆڤەر
٢٠٠٩/٣/١

# *شتراسنبان....!!!

کچێك لە دەرگا وەستا
دەکەوت ئەگەر نەمگرتبا
دانیشت لە بەرامبەرم
ماچی بۆ دەهاویشتم
قژی خاو و درێژ بوو
مەمکۆلانی لە دەربوو
دڵی پڕی عەشق بوو
زۆر تێنووی ماچی لێو بوو
باریکەلە و قژ زەرد بوو
خەندەی پڕ لە سەر لێو بوو
کچی وام قەت نەدیبوو
وامزانی فریشتە بوو
لەبەر چاوم زوو ونبوو .

* جۆرە شەمەندەفەرێکە لە ناو شار بۆ گەڕەکەکان هاتۆچۆ دەکات.

هانۆڤەر
٢٠١٢/١١/١

# شەقام ....!!!

شەقام جەستەی قوربانیانی داپۆشیوە
شوێنەواری خوێنیان وشک بووە
بەس هەر لە پێش چاوانە و دیارە
کەسیش لە بیری نەچووە
ئەوانە بوونە قوربانی ئەم شارە
ئەوانی دیش بووینە مەشەخۆر و
بووینە فرعەون لەم وارە
لە کۆنەوە وتوویانە کێ کردی
ئێستاش کێ دەیخوا لەم شارە
کە ئەم شتانەش دەبینیم
بە دەست خۆم نییە...
هەست و هۆشی کوردایەتیم لا نامینێ
بەجارێک لە کەلەم دەردەچێ...

هانۆڤەر
٢٠١٨/٣/٢

# شەرم ناکەن دانارزێن ...!!!

هەتاکو کەی ئەم دزییە
هەر لەوە ئازانە قوتی خەڵك بخۆن
پێشمەرگە وا هەمووی لە سەنگەرن
خاك دەپارێزن لە دوژمن
نیوەی زیاتر کرێچین
تەنیا پێج سەد هەزار وەردەگرن
ئێوەش لە سەر دەریای نەوت خەوتوون
خاوەنی کۆمپانیا و بالەخانەی زەبەلاحن
باکتان بە کەس نییە و خەمیش لە کەس ناخۆن
زگی خۆتان تێرە و ئاگاتان لە زگی برسیش نییە
ناترسێن ڕۆژێك میللەت لە تورەیی
وەکو گەردەلوولەیەك هەڵچن
دار و بەردی ئەم نیشتمانەتان
بەسەردا بروخێنن .

هانۆڤەر
٢٠١٥/٣/١٦

# شەنگاڵ هەرگیز لە بن نایێ ...!!!

خەیاڵتان خاوە
خەونەکانتان نایێتە دی
هەر وەك بلقەی سەر ئاون
زوو لەبەر چاوان ون دەبن
ئێوەی ڕیش درێژی چڵکنی پڕ لە قرێژ
هیچ شێوەتان لە مرۆڤ ناچێ
بێ مروەتن مرۆڤ کوژن
خوێن دەڕێژن...
شەنگاڵ ئێوە ناگرێتە ئامێز
بڕۆن هەی نەگریسینە دوورکەونەوە
با سیمای شەنگاڵیش پیس نەبێت
شەنگاڵ لە دوورەوەش نایەوێت بتانبینێ
دوورکەنەوە یەخەی شەنگاڵ بەردەن
شەنگاڵتان کردوە بە گۆمی خوێن
ئاهو و ناڵەی دایکان دەتانگرێت
چۆن کوڕەکانیان لە دەست دا و
هەموو شەقامەکانی شەنگاڵیان بە خوێن سوور کرد
گریان و نوزەی منداڵەکان دەتانگرێت
چۆن لە برسان
لە ناو ئەم چیایە چۆڵ و هۆڵە

لە سەر کەڤرەکان ڕازان
زۆربەشیان لەبرسان مردن
کچەکانتان هەمووی برد و هەراجتان کرد
هەندێکیشیان لە خەفەتان
خۆیان کوشت
تا شەرەفیان لەقە نەکرێت
ئێوەی داعش بێ شەرەف و بێناموسن
هەمووی بیژین...
کەس نازانێ کوڕی کێنە و لە کوێ هاتوون
هەمووی پێخواس...
ئێمە هەمووومان ئامادەین گەورە و بچووك
لە پێناوی خاکمان بجەنگێن تاکو نەمان
ناهێلین یەك بست لە خاکمان نزیك ببنەوە
دەبێت دەرسێکتان بدەینێ
دەتانکەینە پەند و عیبرەت بۆ هەموو جیهان .

هانۆڤەر
٢٩ / ٨ /٢٠١٤

# شەوەکانی غوربەت ......!!!

من زۆر قینم لە شەو دەبێتەوە
حەز دەکەم نە من شەو ببینم و
نە شەویش من ببینێ
نەك هەر من تەنیا شەوم
خۆش ناوێ دژایەتی شەو دەکەم
خەڵك زۆرن ڕکیان لە شەو دەبێتەوە
کە شەو دادێ
وا هەست دەکەم وەك بولبولێك
لە ناو قەفەزێکی داخراوم
کە ناتوانێت یەك بست هەڵبفڕێ
من بۆیە شەوم خۆش ناوی
چونکە هەناوی پڕە لە تاریکی
لە ناو تاریکی عەیامێکە
ونی کردوم ...
گەر تۆ نەبی
کەس شک نابم بمدۆزێتەوە .

هانۆڤەر
٢٠١٢/ ٣/٢١

# دڵم پڕە لە ژان .....!!!

سەرم دێشی لەبەر خەمان
نە زستانە و بەفر باریوە نە باران
کەچی هەموو لەشم دەلەرزی لە سەرمان
ئەوە عەیامێکە ژان لە لای من دوایی نایێ
نەمدەزانی زامی خەمەکانم هیندە قوڵن
زۆر بە ئاسانی سارێژ نابن .

هانۆڤەر
٧/ ١/ ٢٠١٥

# شێرە ژنەکەی قەڵا و منارە ....!!!

بەیانیەکی تاریك و ڕوون
کەس نەیدەوێرا لە ماڵ بێتەدەر
دەکەوتە بەر دەسترێژی گولـلەن
خەجێخان لە خەو هەڵسا
قۆڵی خۆی لێ هەڵماڵین
چەکەکەی کردە شانی
هاواری بۆ میللەت کرد
ئەمرۆ ڕۆژی ڕاپەرینە
دەی هەرکەسێ وەخۆکەون ئازابن
ئیمرۆ ڕۆژی شێرانە
کاتی خۆی هۆلاکۆمان بەزاند
ئیمرۆ نۆرەی بەعسیانە
قارەمان بن چاونەترس و جەربەزە بن
لە گولـلە دوژمن مەترسێن
وەك ڕێژنە بن
دار و بەردی ئەم نیشتمانەیان
بەسەردا بروخێن
لە سەنگەر بن هیچ مەوەستن
تا هەموو نیشتیمان ئازاد دەکەین
لە دوژمن
ئەم خەجێیە شیرەژن بوو
پێشەنگی ڕاپەرین بوو
لە سەنگەر بوو
دژی دوژمن دەجەنگا کۆڵینەدا

تا شەهید بوو
قارەمان بوو داستانێکی بۆ خۆی تۆمار کرد
ناوەکەی چووە ناو لاپەرەی مێژوو .

هانۆڤەر
٢٠١٥ /٣/١٢

# شینی گەڵا هەڵوەریوەکانی پایز....!!!

من بۆ پایزم خۆش بوێ
هەرگیز دۆستایەتی ناکەم و
نایکەمە هاوڕێ ....
چونکە ئەو هەموو ساڵی ...
دوای ئەوەی هاوین بەسەر دەچێ و کۆتایی دێ
لەگەڵ من دەیکاتە ململانێ و
هەر ڕۆژێ شەڕێکم پێ دەفرۆشی
چاوی بە جوانیەکەی من هەڵنایێ
بۆیە ڕەشەبای دەنێرێتە سەرم
هەموو گیانم دەهەژێنێ
هەرچی گەڵا هەیە
هەمووی دەوەڕێنێ
پەرش و بڵاویان دەکا
کەس نازانێ ...؟
سەری خۆیان بۆ کوێ هەڵدەگرن
دەچن بۆ کوێ ...!
دەبنە پەناهەندە ...

هانۆڤەر
٢٠١٥/١٢/١٠

# شێوەکان هەموو وەك یەکن .....!!!

هەموویان شەهیدی یەک ڕێگان
خاوەنی یەک ڕێباز و هەڵوێستن
بوونە پێشەنگی ئەم میللەتە
خاکیان هەمووی بە خوێن سوورکرد
بوون بە شەهیدانی قەڵەم
بوێر و جەربەزە و چاونەترس بوون
باکیان بە مردن نەبوو
بۆیە لای میللەت خۆشەویست بوون
ڕۆژێک دێ خوێنیان
بە زایەع نەچێ
بکوژ و تاوانباران بگرن و
پەتیان بخەنە هەوکێ .

هانۆڤەر
٢٠١٨/٥/١٨

## شەوێك لە شەوان ......!!!

خەمکی خەمان عەیامێکە
هەر وەک گۆدۆ چاوەڕێی تۆم ،
بەڵکو ڕۆژی لە پڕ وەدەرکەوت
ئەو دەرگایە داخراوانەی ،
لە سەر ئەم میللەتە خێر لە خۆ نەدیووە
واڵا بکەی...
با چیتر لەم گۆشەگیریدا دانەنیشن
وەرەوە.. وەرەوە خێرا وەرەوە
ئەو گرێکوێرانە ڕۆژ تا ڕۆژ
کوێرتر دەبن...
بەڵکو زۆر بە ئاسانی بۆیانی بکەیتەوە .
خەمکی خەمان دەی زوو وەرە
ئێمە عەیامێکە لە ناو بوخچەیەکی داخراوین ،
بەڵکو بۆمانی بکەیتەوە ،
تا تێر هەوای ئەم شارە وێرانە هەڵمژین
سەدان ساڵە هەر لە ناو بوخچەیەکی داخراوین ،
هەر کۆت و زنجیر دەکرێن ،
یەک تۆزقاڵ ئازادیمان نییە
نازانین تاکو ئێستا
ڕەنگی ئازادی کووە ،

وەرە دەی زوو وەرە
بەڵکو ئەو کۆت و زنجیرانە بشکێنیت ،
بەڵکو بە یەکجاری نەجاتمان بێت .
خەمکی خەمان دەی زوو  وەرە ....
ئاوڕێک لە کۆماری سێدارە بدەرەوە
مقەسێکی گەورە لە دەست بگرە ،
هەموو ئەو پەتانە ببڕە ،
با چیتر بۆ گەنجانی ئەم وڵاتە هەڵنەواسرێن .
خەمکی خەمان دە زوو وەرە
فیرعەونەکانی ئەم شارە ،
ئەم شارەیان هەموو وێران کرد ،
گیرفانێکی قووڵیان هەیە
قەت پڕ نابێ .
دەی زوو وەرە ...
مەقەسێک لەگەڵ خۆتا بێنە
گیرفانیان لە ژێرەوە ببڕەوە ،
تا چیتر پارەی تیا نەنێن
چونکە زۆر چاوچنۆکن ،
هەتا دەمرن قەت تێر نابن ،
خەمکی خەمان دەی وەرە زوو قوربان
لەم  ئێوارە کش و ماتە
شۆربەوە بە ناو دەشتی شەمامک دا
بۆ خۆت پیاسەیەک بکە ،
ئەم خەڵکە هەموو ناخیان ڕەش بووە ،
لە جیاتی هەوای ئەم دەڤەرە
جگە لە خەم و خەفت

هەوایەک نییە هەڵیمژن ،
مێشکیان هەمووی ژەنگی گرتووە
زۆر هیلاک و ماندوون ،
عەیامێکە چاوەڕێی تۆن ،
بەڵکو ببیت بە سمارتەیەک ،
مێشکی ژەنگ گرتوویان
بۆ سپی بکەیتەوە ...
خەمکی خەمان دەی وەرە زوو قوربان
خوێنی ڕژاوی کیژۆلەکانی ئەم شارە وێرانە ،
تەنیا لەبەر یەک ماچ ،
ڕۆژانە خەڵتانی خوێن دەکرێن ،
بیکە بە تابلۆیەک...
لە پێش دەرگای قەڵا هەڵیانواسە
با ببنە سیمبۆڵێک
لەم شارە ...

هەولێر
٢٠١٨/٩/١٩

# فرمێسکەکانی تەنیا ئیدریس .....!!!

فرمێسکی چاوی هەموو منداڵە هەژارەکان
هەر یەکە و بۆ مەرامێک دەگریێ
فرمێسکیان لە چاوان دەرژێ
لەوەتی هەم تاکو ئێستا
نەمدیوە منداڵی دەولەمەندێک بگریێ
چونکە لە هیچیان کەم نییە
ژیانیان وەکو شاهانەیە
ئەوەی لەم وڵاتە کاوڵبووە
قوڕی بەسەری کراوە
هەر منداڵە هەژارە
زگی لە برسان دەکوشی
منداڵی فرعەونەکانیش
پڕی ناو گیرفانیان دۆلارە
هەر ڕۆژی لە شارێکن
لە ناو کۆشک و تەلارێکن
دەوریان بە کچ تەنراوە
کوڕی هەژاریش
بوویتە عەس عەسی
سەرجادەکان...
سەر و گێلاکی  لەبەر خۆرەتاو
سووتاوە ...

پێنج سەد دیناری
له ناو گیرفانی نییه
بیدا بە چایێ...

هانۆڤەر
٢٠١٥ / ٨/٥

# فرمێسکەکانی غەریبی .....!!!

که منداڵ بووم
نەمدەزانی گریان چییە
هەموو ڕۆژان دەگریام
بەلام نەمدەزانی
بۆ دەگرییێم و
بۆ فرمێسک لە چاوەکانم دەڕژێ
ڕاستە کە برسیم دەبوو یان تێنوو
یاخو جارناجارێ زگم دەئێشا
من هەرگیز بۆ خەم نەگریاوم
چونکە نەمدەزانی خەم چییە
بەڵام ئێستا کە گەورە بوومە
هەگبەم پڕ پڕە لە خەم
ڕۆژ نییە خەمێکم بۆ زێتر نەبێت
من بە بێ گریان ناتوانم بژیم
گەر ڕۆژێک نەگرییێم
هەرگیز دڵم خۆش نابێت
وا هەست دەکەم
شتێکم ون کردوە
من خەمم هیندە زۆرن
هەر ڕۆژێ بۆ خەمێک دەگرییێم
بەڵام ئێستا دەزانم گریان چییە
بۆ دەگرییێم...

من بۆ منداڵێک گریام
لە ڕۆخی دەریا گیانی خۆی بە ئاو سپارد
بۆ گەنجەکان فرمێسکم هۆن هۆن ڕێشت
دەریای ئیجە هەمووی هەڵلووشین
بوونە خۆرکی ماسیەکان
ئەو دەریایە چاوچنۆک و زۆر چڵێسە
ئەو ماسیانەی لە ناویدان
ئەوانیش زۆر چاوبرسین
قەت تێر ناخۆن
من هەر دەگرییێم
هەرگیز نامەوێ
فرمێسک لە چاوەکانم
چک بن
تاوەکو بە جارێ
ئەو دڵەی من لە ناخەوە
گڕگرتوویەتی خامۆش نەبێ ...

هانۆڤەر
٢٠١٥/١٠/٣٠

# کاڵبوونەوە .....!!!

ئەوەندەی بیر لە تۆ دەکەمەوە
ڕەنگ و ڕووم بە بەرەوە نەماوە
لەڕ و لاواز بوویمە و
ڕەنگم وەك زەردێنەی هێلکە
زەرد هەڵگەڕاوە
ڕەنگم سیس و وشك بووە
وەکو گەڵا هەڵوەڕیوەکانی پایز
ئەوەی دوێنێ منی دیوە
ئیمرۆ بمبینێ
زۆر زەحمەتە بمناستەوە
ڕەنگی پیریم لێ نیشتووە
ڕەنگم تەواو کاڵبوویتەوە
ڕۆژانە ئەوەندەی خەفەت دەخۆم
دڵم بوویتە لانەی خەمان
خەم بەرۆکم  بەرنادا
مەگەر لە دەستی خەم ڕاکەم
ڕێگایەکی تر شك نابەم
مەگەر پەنا بۆ مردن ببەم
تا بە جارێ نەجاتم بێت
بۆ خۆم بە یەکجاری بحەسێمەوە .

هانۆڤەر
٢٠١٠ /٥/٢١

# کۆبانێ .....!!!

لەگەڵتانداین
بەسەر  بەگیان
لە پێناوت خەبات دەکەین
تاکو نەمان
هەر دەجەنگێن
دەست لە چەکمان هەڵناگرین
خوێن دەڕێژین
گۆڕستانیان لە کاسەی سەر
بۆ چێدەکەین
لێناگەرێن یەك بست لەم خاکە پیرۆزە
داعش پێیەکانیان تیا بنێن
قاچیان لە ژێرەوە دەبڕینەوە
سووك ڕسوا و ئەتکیان دەکەین
دەیانکەینە پەند و عیبرەت
بۆ هەموو جیهان.

هانۆڤەر
٢٠١٤/٩/٢٢

# کۆتایی دیکتاتۆرەکان ......!!!

با هەموو دونیا هی ئێوە بێت
کورسی ژێرتان لە زێر و گەوهەر و ئەڵماس بێت
کۆشك و تەلارتان لە کەشکەلانی ئاسمان بێت
بۆ کوێی دەبەن ڕۆژێك هەر دەبێت بە جێبهێڵین
ئیمرۆ پارووی میللەت قووت دەدەن زۆر بە ئاسانی
بەڵام ڕۆژێك دادێ ئەو پارووەتان
لێ دەبێتە زەقنەبووت و ژەهری مار
کەسیش نییە فریاتان کەوێ .

هانۆڤەر
٢٠١١ / ١/ ٢٥

# شاسوارەکەی وڵاتی من .....!!!

دروود بۆ تۆ
ئەی شاسوارەکەی پیرە هەولێرێ
ئەی کوڕە چاونەترس و جەربەزەکەی
نیشتمانە وێرانەکەم
تۆ هەتاکو مابووی
باکت بە مردن نەبوو
بە بێ ترس ئەوەی لە ناو هەگبەت بوو
هەڵتدەرێشتن...
ئەوەی بەسەر زارت داهاتبا
دەتگووتن ...
بەڵام هەزار حەیف و مخابن
دەستە ڕەشەکان
خەڵتانی خوێنیان کردی
وا ئێستا زۆر بە ئازادانە
بە سەر شۆستەکان ڕێدەکەن
بە ڕاستی تۆ شاسوارێکی
مەیدانی کوردەواری بوویت
تۆ لە مردن باکت نەبوو
خەڵکت فیر کرد
چاونەترسی بن
بتی بێدەنگیت هەمووی شکاند
هەمووت وردوخاش کردن
تۆ شەهیدێکی زیندووی

ناوت چووە ناو لاپەڕەی مێژوو
هەتا دونیا مایە
ناوت لە سەر زارانە
هەر بە زیندوویی دەمێنێ و نامرێ.

هانۆڤەر
٢٠١٥/١٠/٢٠

# نیشتمانێکم هەبوو .....!!!

کاتی خۆی نیشتمانێکم هەبوو
دەستیان بە سەر داگرتبوو
وەکو باڵندەیەک
پەڕی باڵیان هەڵقاچی بوو
نەیدەتوانێ  بفڕێ
ئێستاش هەر هەمان
نیشتمانی جارانم هەیە
گوایە ئازاد بووە
بێ خاوەن و بێ سنورە
بەڵام قاچیان لە ژێرەوە بڕیتەوە
پەکی کەوتووە کەمئەندامە
ناتوانێ بە پێ ڕێ بکا .

هانۆڤەر
٢٠١٦/٧/١١

# کوا .....!!!

کوا ئاو ...
کوا کارەبا...
کوا مووچە ...
ئەوە بیست و چوار ساڵی ڕەبەقە
هەر لەگەڵ خەڵک درۆ دەکەن
میللەت  چاری ناچارە
باوەشێن دەکا
بە موقەبا...
هەمووی تورە و بێزارە
خەڵکی قەڵا و منارە
لە گەرمانە...
بووینە کەباب لەم شارە
هەمووی زۆر باش دەزانن
بەڵام کڕ و بێدەنگن
دەزانن کێ تاوانبارە .

هانۆڤەر
٢٠١٥/٨/٧

# وڵاتەیەکگرتووەکان ...!!!

کوان لە کوێنە وڵاتە یەکگرتوەکان
هەموویان کەڕ و لاڵ بوون
نوقەیان لە دەم دەرنەهات و نەهاتنە گۆ
بە بەرچاوی هەموو دونیا، فەرمانی کوردیان کرد
هەمووی گەواد و تەرەس و بێشەرەفن قۆچیان لێهاتییە
کوان مافی مرۆڤ
بۆ ئەوانیش بێدەنگ بوون
وا فەرمانی کوردیان کرد
کەچی فزەیان لە دەم دەرنەهات
لەمەودوا من هەرگیز
پێیان ناڵێم مافی مرۆڤ
بەڵکو پێیان دەڵێم
دژە مرۆڤ...
من قەت باوەڕتان پێ ناکەم
تف لە ڕێسا و بەڵێنتان
تف لە بڕیار و کردەوەی داهاتووتان
گەر ڕۆژێک دەستم بڕوا
هەمووتان کۆ دەکەمەوە
فرێتان دەدەمە ناو زبڵدانی مێژوو
بۆ ئەوەی هەموو کەس نەفرەتانکا
دەرحەق بە هەڵس و کەوتەکانتان .

هانۆڤەر
٢٠١٥/٧/٣٠

# کێ هەیە بتوانێت ....!!!

پرچی خۆری ئەم وڵاتەم بۆ دابێنێ
زۆر ئاڵۆز و تێکئاڵاوە
زۆر زەحمەتە ئەم جارەیان
بە سانایی شانە بکرێ
ئەدی چی بکەین...
چارە چییە...
هەر ڕێگایەک دەگرینە بەر و
هەر مەحاڵە ....
ئەم جارەیان چارە نییە
دەبێت هەمووی بە یەکەوە
بە یەکجاری بیتاشین و
سفر بکرێ .

هانۆڤەر
٢٠١٥/٧/٣٠

## کێ هەیە خاتوو دکتۆر شایان نەناسێ ...!!!

ئەو شێرە ژنەکەی هەولێرە
چاو نەترس و بوێرە
هەمیشە لە پشت میللەتە
زۆر ڕاستگۆیە و دلسۆزە
ژنێکی بەوەفایە
دژی دزی و گەندەڵە
لە هەرەشان ناترسێ
چونکە ئەو لەسەر حەقە
ئەی گەنجانی شارەکەم
بێ هیوا و بێ ئایندە
بێ ئیش و کار و پیشە
ڕۆژێ هەتا ئێوارە
دەخولێنەوە لەم شارە
بە بێ کار و بێ پارە
گیرفانت هەمیشە بە تاڵە
هەمووتان وەرنە سەر جادە
ببن بە داکۆکیکەر
لەم ژنە پالەوانە
کە پالپشتی ئێوەی کرد
دژی دز و جەردە و
مافیاکانی شار
ئێستاکە دایتیانە دادگا

تا بیکەنە تاوانبار.

هانۆڤەر
٢٠١٨/٥/٢٠

# که جێتهێشتم ...!!!

که جێتهێشتم هەموو شتێک
وەک تەنیایی دەورەی لێدام
نەمتوانی هۆن هۆن بۆت بگرییێم
زۆر دەترسام وێنەکانت
وەکو بەردی بنی دەریا
لەبەر چاوم زوو ون بن
ئەم ناوە بە جارێک کش و ماتە و
کپ بووە ...
ژیان لە شارەدا وەکو میلی کاتژمێر سەکنییە
بۆ هەر شوێنک دەچم
تەنیایی قۆڵی دەخاتە قۆڵم و
لەگەڵ خۆی دەمبا.

هانۆڤەر
٢٠١٥ /٤/٧

# کە ژنێك دەکوژن ...!!!

گەوادەکانی شار
هەموویان دەستیان بە سمێلیان دادینن
دەڵێن بە خوای چابوو
خوێنیان ڕشت...
چونکە لە سەر شەرەف بوو
ئەوانە هەمووی گەوادی
دەرەجە یەکن...
بێشەرەف و تەرەس و ماڵۆسن*
بۆیە بە کوشتنی ژنان
زۆر دڵ خۆشن.

* ماڵۆس : واتا بەرازی مێینە

هانۆڤەر
٢٠١٨/٢/٢٤

# که سەیری دونیا دەکەم ...!!!

ڕۆژی زستانم بەهارە
دەبا ئۆخەی دڵم دامرکێ و
دڵم پڕ بێ لە بۆن و بەرامی ئەم شارە
عەیامێک بوو دوور بووم لێت
بەڵام دڵم هەر لە لات بوو
لە دوورەوەش بۆنت خۆش بوو
بۆیە هەمیشە دڵم بۆ تۆ مەست بوو
بڕوا ناکەم هیچ شتێ
لە نیشتمانی من جوانتر و شیرینتر بێ
ئەگەر بە بەهەشتیش نەچێ
دەبا ئەو دۆزەخەش
هەر بۆ من بێ .

هانۆڤەر
٢٠١٨ / ٩/١٣

# که منداڵ بووم ....!!!

حەزم دەکرد بمگرییێنی
کە گریاشم حەزم دەکرد
ژیرمکەیەوە بە شیرینی
تا چیتر فرمێسکم نەرژێ ،
لە غەریبی...

هانۆڤەر
٢٠١١/ ٩/ ١٧

# کەنگر و ڕێواس و کاردی ...!!!

کورد سەرکردەیەکی دلسۆزی نییە وەکو غاندی
پەرۆشی میللەتەکەی و وڵاتەکەی بێ
خواردنی ڕۆژانەی تەنیا نانی ڕەق بێ
بۆ ئەوەی میللەتەکەی ڕۆژێک لە ڕۆژان
زەلیل و تووشی ڕۆژی ڕەش نەبێ.

هانۆڤەر
٢٠١٨/٣/٢٢

# گەر ڕۆژێکم لە تەمەن مابێ...!!!

نابێ هەرگیز خوێنت
بە زایە بچێ
دەبێت بکوژەکەت
وەکو سەگ پەتی بخرێتە مل
لە ناوەڕاستی شارا هەڵبواسرێ
تاکو ببێتە عیبرەت بۆ هەموو کەسێ.

هانۆڤەر
٢٠١٤/١٢/٢٣

# گەردەلوولەی ڕك ....!!!

بڕوا ناکەم ،
میری دزان ...
لە پایتەختی مەملەکەتی گەندەڵستان،
بەئاسانی ...
واز لە دزیەکەی بهێنێ،
پڕێسکەی خۆی کۆکاتەوە،
ئەو وڵاتە بە جێبێڵێ...
هاکا بەمزووانە...!
گەردەلوولەی رق هەڵسا،
هەر چییەکی هەیە ...
لە ژێرەوە بە دزیەوە چاندویەتی،
لە ڕەگ و ڕیشەوە...!
هەڵدەتەکێنێ و دەریبێنێ ...

هانۆڤەر
٢٠١١/ ٢/ ١٦

# لالش....!!!

ئیمرۆ لالش بەتەنیایە
فرمێسکی لە چاوان قەتیس مایە
کەسی بە دەورایا نەمایە
لە ناو تۆز و غوبار ونە
جەستەی بە گولـلە کون کونە
هەر تاو تاوێ چاو دەگێرێ
کەسی لە نزیکەوە نابینێ
تاکو پەنای وەبەر بێنێ
لالش ئیمرۆ وەك کۆترێك
بە بێ ئاو  و بە بێ دانە
لانەکەشی لێ وێرانە
هەموو گیانی کون کون بووە
خوێن لە جەستەی هاتییە
هەر هاوار هاواریەتی
کەسیش نییە فریای کەوێ
لەبەر ژانی زامەکانی هەر دەناڵی .

هانۆڤەر
٢٨ /٤ /٢٠١٢

# لەپشت دەرگا داخراوەکانی ئەم شارە ...!!!

لە پشت دەرگا داخراوەکان
حەوزێك هەبوو پڕی بوو لە ووردە ماسی
ماسی گەورەیان هێنا و تێیان کرد
هەموو ووردە ماسییەکانی
خوارد و هەڵووشی
لە پشت دەرگا ژەنگاویەکانی ئەم شارە
خانوویێکی گەورە و زەبەلاح هەیە
پەنجەرەکانی لە دیوی ناوەوە
بە بۆیاغ ڕەش ڕەشکراون
چی نییە تێدا نەبێ
هەر چییەك لە ژوورەوە ڕووبدا
کەس نییە پێ بزانێ
هەر بڕیارێکیش لەوێ بدرێ
کەس بۆی نییە بیبیستێ
لە سەر جادەی بەردەمی هەمان خانوو
گلۆپەکان بە ڕۆژ و شەو داگیرساون
کەچی لە ناو کلاوە خانووەکانی دەوروبەری
هەموو هەناویان لەبەر دوکەڵی
لالە و فانۆسەکانیان ڕەش بووە
ئەوەندەی لەبەر دابنیشن
ماڵی فیرعەونەکانی شاریش
وەك شا دەژین..!!

لە هیچ شتێك بێبەش نینە و
بێبەش نابن ...

هانۆڤەر
٢٠١٣/ ٤/ ١٥

# له دووری تۆ.....!!!

جێگەی تەنیام .. سارد و سڕە
دەستت بێنە، بە ڕووی دڵما
تۆ بزانە...
دڵەکوتەم چیت پێ دەڵێ
ئاخی سینەم چۆن گڕ دەگرێ
لەگەڵ ناڵەو...
گرمەو ترپەی هەر لێدانێ
چۆن سۆزی عەشقێ دەبارێنێ...
ئەی پەرییەکەی ئاسمانی من
ئەی ئەو کیژەی هەستم دەبەی
لێم دوور مەبە...
با دڵەکەم لێتنەڕەنجێ
لەئامێزتا ڕامهەژێنە
تا مەست دەبم
بەسە ، خەیاڵ
خەڵوەتخانەی خەم تێک بدە
بەماچی نێو زار و دەمت
لەسەر سینەت بمخەوێنە
بمگرییێنە...
تا شەو دەڕوا و ڕۆژ دێتەوە
بملاوێنە ...
منم پیری موغانی تۆ
شێت و شەیدا..!!
ئەی گوڵخونچەی باخی دڵم

سنور بشکێنە و یاخیبە
لەدەستوری ئەم کۆمەڵە
ئیدی بەسە
تەمەن کورتە
با لەناویەک بتوێینەوە
جارێکی تر سەر لە نوێ
نوێ بینەوە...

هانۆڤەر
٢١ /٤ /٢٠١٤

# له مەملەكەتی میران .....!!!

دز و جەردە
ڕوورەش بووینە و
هەر ڕوورەشن
تاكوو دوێنێ خوێنی
یەكتریان فڕ دەكرد
ئێستاش لە سەر
یەك خوانە ڕونیشتوون
گوایە دەڵێن:
برای یەكین...
كەچی هێشتاش لەگەڵ یەكتر
هەر ناكۆكن...
میراتی گەل نەماوە
بە سەر خۆیانی دابەش نەكەن
تەنانەت مردوی گۆڕستانەكانیش
لێیان توڕە و توندن
دڵیان پڕ بووە لە ڕك و كینە
چونكە شوێنیان پێ لەق كردون...
لە مەملەكەتی میران
هێرشیان كردە
سەر شاعیرێكی پرۆلیتار
وتیان دەبێ
تا بەیانی شیعرێك
لە سەر میر بنووسی

دەنا دەبێ ئەو وڵاتە
بەجێبێڵی و
جێگای تۆ لێرە نابێتەوە
شاعیر وتی:
من شاعیری هەژارانم
من خەمخۆری ئەم میللەتە
چەوساوە و بێوارەم
من نامەوێ بۆ موڵك و سامان و دۆلار
ببمە زوورنا ژەنی میران
نامەوێ بەم جۆرە بژیم
ڕازیم من بە نان و دۆیەکەی خۆم
دەبێ لە پێناوی چینی چەوساوەکەم دا بمرم .

هانۆڤەر
٢٠١٧ / ٥/١٧

# لەم ئێوارە غوربەتەدا...!!!

چاوەڕێی یەك فڕە چام كرد
لەگەڵ مژێك لە جگەرە
كەچی چایەكەم لە خەوبینی
هەمووی بووبووە هەڵم
یەك دلۆپ نەمایەوە
تا شیرینكا خەونی دڵم.

هانۆڤەر
٢٠١٢/١١/ ٢٣

# لەو دیوی پەنجەرە داخراوەکان ....!!!

سەری مەنجەڵەکانی خۆتان بگرن
با بۆنی گەندەڵی نەمان کوژێ
تەنیا بیر لە گیرفانی خۆتان مەکەنەوە
با گیرفانی خەڵکیش پڕ بێ
ئێوە چ مرۆڤێکن
هەر چی هەیە هەڵیدەڵووشن
چاوچنۆك و چاوبرسین
چاوتان بە هیچ تێر نابێ
ئەگەر هەموو دونیاشتان هەبێ
هەی خاك و خۆڵتان بە سەر
ڕۆژێك دەبێ لە بن بێن
ژیان تاسەر بۆ کەس نابێ
گەندەڵیش کۆتایی دێ .

هانۆڤەر
٢٠١١/٦/٩

# لێم مەپرسە...!!!

لێم مەپرسە
لەبەر چی دڵم تەنگە
تژی بووە لە خەم...
بەڵام نامەوێ بە تۆ بڵێم
چونکە تۆ ناتوانی ...
بەرگە بگری...
دڵت لە شووشە ناسکترە
دەترسێم لە پر بشکێ و
وردوخاش بێ
لێم مەپرسە...
لەبەر چی دڵم شێواوە
ئەوەی من لە خەوما بینیم،
تۆ بیبینیت ...
من دڵم تێکچووە و شێواوە
دەترسێم...
بە یەکجاری...
تۆ دڵت شێت و هار ببێت
لێم مەپرسە ...
لەبەر چی دڵم زامدارە
لەوەتی تۆ لەبەر چاوانم ون بووی
دڵم وەک بێژینگ کون کون بووە
چۆڕایی خوێنی تیا نەماوە
دەترسم لە پڕ لە لێدان بکەوێ و
لە ناکاو لەم غوربەتەدا بمرم

کەسیش پێم نەزانێ...

هانۆڤەر
١٥ /١٢/ ٢٠١٥

# هەرلە چوار لاوە ...!!!

لە باکور زیندان
بویتە فێرگەی کوردان
لە ڕۆژڵات پەت بێزارە
ئەوەندەی کوردی
پێ بدەن لە سێدارە
لە ڕۆژئاواش کورد
هەر بێ ناسنامە ماینە
لە باشوریش شەڕ
لە دژی داعشانە
ئەگەر چیای هەڵگورد
لە بن بێ
کورد هەمیشە دەمێنێ
لە ناو ناچێ
هەرگیز بە دەستی دوژمنان
قڕ ناکرێ .

هانۆڤەر
٢٠١٠/١١/٢٠

# لەپێش مەرگم .....!!!

ڕقم لەم بۆڵە بۆڵەت دەبۆوە
هەموو ڕۆژان بۆت دەکردم
مێشکت دەبردم
لە پاش مەرگیشم
پێویست ناکات خوت سەخڵەتکەی
بێتە سەرگۆڕم دانیشی
مەمنوونی ئەم شێوەنت نیم
کە فرمێسکی تیمساحیم
بۆ دەڕێژی ...

هانۆڤەر
٢٠١٦/٦/٧

# له پەنجەرەی خەمەکانم ....!!!

دوورکەرەوە ...
با تیشکە نەزۆکەکەت بەرنەکەوێ
هەموو سەر و سیمات ڕەشکا
لوولت بدا و خڕتکاتەوە سەریەک
بتکاتە گلۆرەیەک
وەکو تۆپێک
له هەورازی خەفەت
فڕێت بدا .

هانۆڤەر
٢٠١٥/٤/٢١

# لە چوار لاوە .....!!!

لە چوار لاوە دەورەم گیراوە
هەر هێرش دەکەنە سەرم
ئەدی چی بکەم نازانم
پەنا بۆ کێندەرێ بەرم
ئەگەر کورد خۆخۆر نەبوایە
خەم خۆر و خاوەنەکی هەبوایە
ڕۆژمان بەو ڕۆژە نەدەگەیشت
گەر کورد هەمووی تەبا بن
گاڵتەی بە تۆپ و فڕۆکە دەهات
نازانم کەی ئێمەش تەبا دەبین و یەک دەگرین
هەمووی دەگەڵ یەک وەک برا
پێکەوە بکەین خەبات
وەکو وڵاتانی جێهان
بەڵکو ببین بە خاوەنی وڵات .

هانۆڤەر
٢٠١٨ /٣/٢١

# له خەویا ....!!!

بوو بە منداڵەکەی جاران و
زۆر بزێ و چەتوون بوو
هەر لە کۆڵان بوو قەت دانەدەکەسا
هەر ڕۆژێ شەڕی منداڵێکی دەکرد
خەڵک هەمووی لێی بێزار بوون
خۆی لە هەموو شتێک هەڵدەقورتاند
دەستی لە هەموو کونێک دەگێرا
باغچەیەک هەبوو لەوبەری ماڵیان
دارە سێوێکی تێدا بوو
ڕۆژێک چوو دارە سێوەکەی ڕاهەژاند
سێوێکی زۆری لێکەوتە خوارێ
دەستی کرد بە ژماردنیان
زۆر دڵخۆش بوو
ئەو هەموو سێوانەی لە دارەکە هەڵوەراند
پاشان سێوێکی گرتە دەست و
یەکسەر قەپارێکی لێدا و خواردی
بەڵام نەیزانی سێوەکە کرمی بوو
هەمووی لە دەمی فڕێداوە دەرێ
لەگەڵ ئەوەش دا گەدەی ژەهراوی بوو
بەڵام ئەم جارەیان نەمرد
شکور بۆ خوا نەجاتی بوو
ئێستاش گەورە بووە
گەنجێکی قۆز و جوانە

چەک لە شانە پێشمەرگەیە
لە پێشەوەیە لە بەرەی جەنگە
لە سەنگەرە دەجەنگێ
دژی داعشانە .

هەولێر
٢٠١٥/٤/٢١

# له ناو حەوشەی ئەو ماڵە ...!!!

کچێک هەبوو
خەڵکی شارۆچەکەی بلە و بارزان
باریکەلە و خنجیلەنە و جوان
عاشقی کوڕک بوو...
لە زانکۆ بە یەکەوە...
لە یەک پۆڵ بوون...
بەڵام زۆر حەیف و مخابن
نەیان هێشت تارای بووکێنی ببینێ
بە بەنزین سووتاندیان و کردیان بە خەڵوز
ئای لەو باوکە بێزەمیر و بێ شەرەفە
چ ئاینێک ڕێگای پێدای کچەکەت
بکوژیت بەم شێوەیە
هەی درندەی ئاخیری زەمان .

هانۆڤەر
٢٠١٦ /١٢/٢٥

# لەوەتی هەم ....!!!

هەست بە بوونی خۆم ناکەم
وا هەست دەکەم قەرەجێکم
هەر جارێ لە شوێنێکم
لە هەر کوێ بێ...
لێم دەپرسن تۆ کێ و چی ..؟
لە کوێ هاتی...
لەبەر ئەوەی بێ نیشتمانم
نازانم بڵێم چی...
ئەگەر ئەم جارە...
لە هەر کوێ لێیان پرسـم
پێیان دەڵێم...
من خەڵکی نیشتمانێکم
هەر لە مێژە
فرۆشتوویانە بە چەرچی .

هانۆڤەر
٢٠١٥/٧/١٥

# ماچەکانی شەوی یەڵدا...!!!

لە ژێر گەڵای چاوەکانت
خۆم حەشاردا...
وتم کاتی درەنگانی شەو
کە هاتە دەرێ بۆ کورتە پیاسەیەک
لە کۆڵانە تەسکەکەی پشتەوەی ماڵیان
دەیگرمە ئامێزم و تێر تێر ماچی دەکەم
تا ماچەکانمان ببنە هێمای
شەوی یەڵدا...
،،،،،،
ئەوە ئەم ساڵیش بەرێ دەکەم
تۆ هەر دیار نیت و لە من ونی
لەوەتی لە من دووری
هێدی هێدی...
لە جەستەم خاڵی دەبیت و
بۆنی تۆم پێوە نامێنێ
دەوەرە پێش ئەوەی ساڵ تێپەری
دوا ڕۆژی پایز با پێکەوە بەرێبکەین و
پێشوازی لە یەکەم ڕۆژی زستان بکەین
با پێکەوە دانیشین
دەست لە ناو دەست نێین و
یەکتر تێر تێر ماچ بکەین
با هەر دووکمان بۆنی یەکتر بگرین
با دوژمنانیش چاویان کوێر بێ

بە بێ بەنزین گڕ بگرن
ئێمە تا بەیانی بە یەکەوە دادەنیشین ناخەوین
نەوەکو شەوی یەڵدامان بە ئاسانی
لە دەست بچێ...

هانۆڤەر
٢٠١٦/١٢/٢

# مافیا ....!!!

ئەوە عەیامێکە شەڕە
شەڕەکە بەرۆکی کوردی گرتووە
مافیایەکان هەر لە مێژە
لە ماڵەکەی خۆیان
خۆیان حەشار داوە
هەر خەریکی شاردنەوەی دۆلارەکانیانن
ئەوەی لەم ناوە خوێنی دەڕژێ هەر هەژارە
ئەوان تا ئێستا
خوێنیان لە پەنجەش نەهاتووە
ڕۆژێك نەمان دیت
زگیان لە برسان بوکشن
لە کەیف و سەفای خۆیان نەکەوتوون
هەر ڕۆژێك لە شوێنێکن
هەر ڕۆژێك لە باغەلی ژنێکن
هەندێکیشان هەر بۆ مۆدیل
چەك لە شانن
خۆیان نیشانی خەڵک دەدەن
لە پێشەوەی سەنگەرن
کە ترسیشیان لێ پەیدا دەبێت
سەد و بیست تێدەتەقینن
ڕادەکەن ،
قوربەسەری خەڵك دەکەن
تف لەوانەی ترسنۆکن

تف لەوانەی تەنیا بیر لە دۆلار دەکەنەوە
وڵات دەفرۆشن ،
ئەوانە کەی نیشتمانیان خۆشویستووە
هەمووی مافیان ،
سامانی ئەم نیشتمانەیان
هەمووی دزی و خستیان ناو بانکەکەی خۆیان .

هانۆڤەر
٢٠١٥/١/١٥

## ماڵئاوای...!!!

له دوێنێ شه‌وێڕا
پیره هه‌ولێر خه‌فه‌تباره
فرمێسک له چاوی چک نابێت
سه‌رتاپا ڕه‌شی پۆشیوه
خۆشه‌ویسترین که‌س ماڵئاوای لێکرد و
جارێکی تر نایبینیته‌وه
پیره هه‌ولێر ئیمرۆ به‌یانی له خه‌و هه‌ڵسا
ڕۆیشت بۆ گۆڕستانی چراغ
یه‌که یه‌که له ده‌رگای کێڵه‌کانی دا
مردووه‌کانی واگا هێنا
هه‌ڵسن زووکه‌ن په‌له بکه‌ن
وا خۆشه‌ویسترین مێوان به ڕێوه‌یه بۆ لاتان دێ
سیمینارێکتان بۆ ده‌کات
باسی مێژووی ئه‌ده‌ب ده‌کات
ده‌هه‌ستن زووکه‌ن
به گوڵباران پێشوازیکه‌ن...

* پێشکه‌شه به گیانی پاکی پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خه‌زنه‌داری هه‌میشه زیندوو

هانۆڤه‌ر
٢٠١٠/١٠/٣٠

# ماچەکانی تۆ ....!!!

ماچەکەی تۆم هەرگیز لە بیر ناچێ
دوێنێ کە ڕۆیشتم لە بن هەیوانێ داتمێ
تامی ماچەکەت زۆر ناوازە
هەرگیز لە سەر لێوانم کاڵ نابنەوە
هەر وەکو خۆی دەمێنێ شازە
تامی ماچەکەت لە شەکر و هەنگوین نەدەچوو
تامی ماچەکەت تامی ماچی ڕووح بوو
بۆیە دڵم هەر لە سەر پێ وەستاوە و چاوەڕێتە
گوێم لە ترپەی دڵی تۆیە کە خەیاڵ لە من دەکەیتەوە
زوو وەرە بگەرە فریام
با ئەم دڵەم شێت نەبێ
لەبەر بێ ماچی تۆ
ڕوو بکاتە کێوان و ون بێ .

هانۆڤەر
٢٠١٧/١٢/٢٣

# مردنی تۆ ......!!!

مردنەکەت هێشتا زۆر زوو بوو
چونکە میللەت پێویستی زۆری پێت هەبوو
میللەت لە دڵەوە زۆر غەمبار و پەرێشانە
چونکە تۆ تەنیا سیاسەتمەدار نەبووی
بەڵکو نووسەرێکی گەڵێک مەزن بووی
گەر تۆ نەبای ئەی میللەت دڵی بە کێ خۆشبا
ئەو گۆمە پەنگخواردوە و مەنگەی وڵات
هەر پەنگ و مەنگ دەبوو
ئەگەر تۆ نەتشلەقاندبایە
بەڵام تۆ مردوێکی زێندووی
وێنەت هەر لەبەر چاو و دڵانە
ڕێبازەکەشت هەر بەردەوامە
گەنجان سەرچۆپی...
بۆ دەگرن هەتاهەتایێ ...

هانۆڤەر
٢٠١٧/٥/١٩

# مخابن .....!!!

مخابنە ئیمرۆ نیشتمانم لە خوێن گەوزا
لە ئیتالیای مۆسۆڵۆنی میری دزان خەڵات کرا
با دڵت بەوە خۆش نەبێت.. بڵێی
ئەمە خەلاتی ئاشتی و ڕێزلێنانە
ئەمە خەڵاتی کۆتایی بنەماڵە و
سەرەمەرگی میری دزانە
زوو فریا خۆت بکەوە
پرێسکەی خۆت کۆکەرەوە
واز لە کورسیەکەت بێنە
ئەگینا چارەنووست
زیندان و بەر دادگا و نەمانە .

هانۆڤەر
٢٠١١/ ٢/ ٢١

# کۆچی مامە ......!!!

مامە هێشتا زۆر زوو بوو لەبەر چاوان ون بووی
تۆ هاوڕێ و هاوسەنگەری نەوە بووی
ڕووحت بەرێکەوت بەرەو بەهەشت چوو
حەیفە کورد سەرکردەیەکی وەک تۆی لە دەست چوو
ماڵئاوایەکەیت زۆر سەختە
گشتی بۆ تۆ دڵی تەنگ و بە پەرۆشە
قەندیل هۆن هۆن دەگرێ
سەفینیش لە حەزمەتان بێهۆشە
کوردستانیشم گشت ڕەشپۆشە
ئەزمڕ تک تک فرمێسکی لە چاوانی دێ
سلێمانیش گشتی غەمبارە
قەڵاچوالانت،، هەتیوە
شاخ و چیا بە ئازارە
هیندە شیرینی لەدڵدا
نیشتمان واگیان دەدا بۆت
دەهەستەوە سەرکردەی کورد
ئەی نازانی..!!
کێ بێ ئیدی پێمان بڵێ
ئێمە هیندە قایم و توکمەین
سەفین لە بن بێت
یەکێتی هەرگیز لە بن نایێ
سلێمانـــــی ، شاری هەڵمەت و قوربانی
ئیمرۆ لە تاوان هەمووی لە سەر چۆک واستاون
فرمێسکیان لە چاوان چک نابێت و هەر دەڕژێ

چونکە سەرکردەیەکیان لە دەست چوو
جارێکی تر سەرکردەیەکی وەکو مامەی کاریزما
بۆ کورد پەیدا نابێ و نایێ .

هانۆڤەر
٢٠١٧/١٠/٣

# مامۆستا گیان...!!!

قەسەم بەوەی کە تۆ باوەڕت پێ هەبوو
تۆ شەهیدێکی زۆر سەر بەرزی
مخابن زۆر بە ناحەق و بە نامەردی
خوێنیان ڕێشتی...
خوێنی تۆ بە فیرۆ ناچێ
ڕۆژێک دادێ دەستە ڕەشەکانی هەرێم
ئەوانەی جادەیان بە خوێنی تۆ سوور کرد
بە یەکجاری سەریان لێدەشێوێ
ئەشکەوتیان لێ دەێتە کونە مشک
فریایی هەڵاتن ناکەون...
دەکەونە بەر زەبر و زەنگی میللەت
پارچە پارچەیان دەکەن
بۆ جیهانیش دەیانکەنە پەند و عیبرەت .

هانۆڤەر
٢٠١٦ /١١/٢٥

# من عەفرینم...!!!

کێ هەیە دیرۆکێمە نەناسێ
منم ئاری و نەوەی مادم
دەستە خوشکی هەڵەبجە و
شێخ وەسان و شەنگاڵ و بادینانم
لەوەتی دونیا هەیە
ئێمە لە پێناوی نیشتمان
هەر قوربانیمان داوە و خوێن دەڕێژین
بەڵام لە زەبر و زەنگی دوژمن
هەرگیز ناترسێن و نەترساوین
ئێمە ڕەگمان لە شاخ قایم تر
دوژمن با کوێراییان دایێ
خەیاڵیان خاوە
ئێمە لە کۆتایی ...
هەر سەرکەوتوین ...
هەرگیز کۆتایمان نایێ ...

هانۆڤەر
٢٠١٨/٣/١٨

# من زەعیفە نیم ...!!!

کچێکی شەڕڤانم
سوێند دەخۆم بە شەهیدانم
نیشتمان تۆی دین و ئیمانم
هەتا ماوم لە پێناوتا دەجەنگم
چونکە کوردم
قەدەری ئێمە ئەوهایە
جگە لە چیاکان
کەس نییە....
ببێتە پشت و پەنا و دۆستمان ...

هانۆڤەر
٢٠١٨/١/٢٥

# من دەڵێم .......!!!

من دەڵێم شاری دڵم
تۆی لە ناو دانەبێ ژانە
ئەو دەڵێی ئاخر قوربان
ژیانی من لەم شارە
تاڵە هەر وەکو ژەهری مارە
ژیان لە لای من هەر پایزە و
وەرزی خزانە و گڵاڕێزانە
نیشتمانم وا ئیمرۆ زۆر پەشێوە
میللەت لە سەرانسەری وڵات
خەم و خەفەت بەجارێک بەرۆکی گرتوە و
حاڵی زۆر نیگاران و پەرێشانە .

هانۆڤەر
٢٠١٧/٩/٣٠

# من هەنوکە لە سەنگەرم ....!!!

بێ نان و بێ ئاو
هەندێ ڕۆژ لە برسا
زگ هەڵدەکوشم
لە بەر خۆرەتا و لە گەرمانە
وەکو پشکۆ داگیرسام
بەڵام وەکو قەندیل ورەم بەرزە
هیچ ناترسم باکم نییە
لە گولـلەی دەستی داعشی خوێن مژ
بەڵام بیرم هەر لە لای ماڵ و منداڵە
لە خانووی کرێچیدان
دەترسم ئەم مانگەش
مووچە وەرنەگرم
خاون ماڵەکە لە خانووەکە
دەریانکاتەدەر ماڵ و منداڵم .

هانۆڤەر
٢٠١٥/٧/٣٠

# من لەمێژە...!!!

من لەمێژە خەمەکانم
وەکو قلی تەسبیح هۆنیتەوە
هەر قلێک باسی چیرۆکێکی نەهامەتی دەکا
ئەگەر چیرۆکەکان هەمووی کۆکەمەوە
جوانترین ڕۆمانی لێدەردەچێ
جوانترین خەڵات وەدەگرێ.

هانۆڤەر
٢٠١٦/١٠/٨

# من له سیمات دەخوێنمەوە ....!!!

تۆ کچێکی ئاشقیت
زەینت تژیە لە فەنتازی و
دڵت پڕ بووە لە عەشق
بۆیە ڕاکشاوی
لە سەر ئەم خاکە بە هێمنی
بە وردی دەروانیتە ئاسمان
نەك هەر ئاسمان بە تەنێ
دەتەوێ گەشت ئەستێرەکان و
مانگ و ڕۆژیش ئاشقت بن
تا لە ناویان بتوێیەوە
لەگەڵ یەکتری ئاوێزان بن .

هانۆڤەر
٢٠١٠/١٠/١٢

# مەدالیا...!!!

له پێناوی یەک مەدالیا
کەسایەتیت وەکو شووشە ورد و خاش بوو
سووک و چروک و ڕسوا بووی
شەرم ناکەی ئەو مەدالیەی
کردیانە ملت
لاف و گەزافی پێ لێبدەی
ڕووت له میللەت وەرگێرا و
ئامێزت له مرۆڤ کوژ کرد
گەر خەڵک هەڵوێستیان هەبێ
ئیتر گوێت لێناگرن
سیدیەکان یەکە بە یەکە دەشکێنن و
فڕێدەدەنە ناو زبڵدانی مێژوو
ئەو دەستەی تۆ گوشیت
دەست نەبوو
چڕنووکی سیمرخێکی
بەدفەر بوو
ئەو دەستەی ملوانکەی دیاری
کردە ملت
دەستێکی پاک و بێگەرد نەبوو
خوێنڕێژ و بکوژ و زاڵم بوو
شەرمە بۆ تۆ
ئەم جۆرە دیاریەت قبول کرد
چۆن چاوت بەرایی هات
ئەی خوێنی گەنجی شارەکەت نەبینی..؟

چۆن شەقامەکانی
سوور کرد...

هانۆڤەر
٢٠١١/٧/١٨

# مەترسە .....!!!

هەناسە سپیەکانت
دواییان نایێت
ئەمە دوا هەناسەت نییە
هەڵیدەمژیت
ئەمە دوا پێک نییە
لەبەردەمت هەڵیدەقورێنی
ئەمە دوا پەیڤیش نییە
کە دەیانووسی
پەیڤەکانی تریشت
لە ناو هەگبەی دڵتدایە
هەرگیز کۆتاییان نایێ .

هانۆڤەر
٢٠١٢/١١/ ٢٥

# من عەفرینم ....!!!

منم عەفرین ..
چقلی چاوی داگیرکەران و دوژمنانی لەعینم
ئێوە نەوەی هۆلاکۆ و جەنگیزخانن
درندەن هیچ نازانن جگە لە کوشتن و برین
خەیاڵتان زۆر خاوە ئەو هەنگاوەی پێ بۆ دەنێن
عەفرین بە ئێوە ناکەوێ...
مەگەر بە سەر لاشەی ئێمە ڕەت بن
زگی خۆتانی بۆ هەڵدرن ...

هانۆڤەر
٢٠١٧/١/٢٢

# منداڵەکان .....!!!

زۆر بە دیقەت
لە شتەکان ڕابمینێن
نەچن بڕیاری کتووپڕ بدەن
هەرگیزیش هەڵنەخەلەتێن
بە دەستی گەورەکانتان
چونکە وڵات پێویستی بە ئێوەیە
ئێوە نەوەی دوا ڕۆژن
بۆ وڵات خەمخۆر و بەپەرۆشن .

هانۆڤەر
٢٠١٦/١١/١٠

# منداڵەکان .....!!!

وەرن وەرن منداڵەکان
لە جیاتی کەمئەندام و پەککەوتووەکان
لە جیاتی پیرەژن و پیرەمێرد و دایکی شەهیدان
لە جیاتی مامۆستا و فەرمانبەر و کرێکاران
هەر وەکو ڕێژنەی باران
بڕژێنە ناو گەڕەک و کۆلانەکان
پەنجەتان درێژکەن بۆ ناوچاویان
پێیان بڵێن ئەی دز و گەندەڵەکان
بەرهەم و سامانی وڵاتان
هەموو بۆ خۆتان برد بە تاڵان
پێیان بڵێن بەسە دزی
دەربێنن دۆلارە چاوسەوزەکان
ئەوەی نووستوون لە ژێرزەمین
نازانم بۆ کێی کۆدەکەنەوە
بۆ کوێی دەبەن ...
پێیان بڵێن با بۆخۆیان باش گوێ بگرن
ڕۆژێک  دێ لێتان دەقەومێ
میللەت هەموو لێتان هەڵدەستێ
تاج و تەختتان لێتێکدەچێ
پەشێمانیش دادتان نادا
قور بەکەنە سەری خۆ
بەسە ئیتر بانقەکان

پڕ مەکەن...
لە پاوەند و دۆلار و ئۆیرۆ...

هانۆڤەر
٢٠١٦/١٠/٢٣

# من ئەو منداڵەم ....!!!

هەرگیزا و هەرگیز بێدەنگ نابم
دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگتان و هیچ ناوەستم
من کوڕی ئەو پیاوەم
لە پێناوی ئەم گەلە ماف خوراوە
بوو بە شەهیدی قەڵەم
بەڵام نابێ خوێنی بە فیرۆ چێ
ڕۆژێ هەر دەبێ تۆڵەی هەر بستێنم
ئێمەش هەمووومان پێکران دژی دز و گەندەڵکەران دەوەستین
یان دەبێت هەمووومان پێکەوە شەهید ببین
یان دەبێت ئەم ڕژێمە و ئەم سستەمە بگۆرین...

هانۆڤەر
٢٠١٦/١٠/٧

# ئالا....!!!

من ئاڵام بێ نیشتمان بۆ چییە
ئەو نیشتمانەی تۆ باسی دەکەی
هەر قسەی سەر زاری
مافیایەکانی شارە
دەنا زۆر لەمێژە
نیشتمانیان بە دۆلار فرۆشتییە
بەر چەرچی .

هانۆڤەر
٢١ /٣/ ٢٠١٤

# مۆمی تەمەن....!!!

مۆمیی تەمەن وا هێدی هێدی دەتوێتەوە
ڕووخسارم وەکو جاران نەماوە
ڕەنگی پیریم لێنیشتووە
زۆر حەیفیش بۆ ئەو ڕۆژانەی
کە هەرزەکار بووم
لە دەستم چوون
هەر ڕۆژێک ئاخێک هەڵکێشم
دڵم پڕی زام دەبێت
ئەو ڕۆژەی تێدا نەگرییێم
دڵم بە یەکجار تەنگ دەبێت.

هانۆڤەر
٢٠١٥/١١/١٦

# مەملەکەتی گەندەڵستان

بەرپرس و سەرکردەدزەکان
هەمووی بووینە بازرگان
وڵاتیان هەمووی هەراج کرد
تەنیا بۆ پڕ کردنی گیرفان
هەناویان پڕە لە ڤایرۆس
ڕوحمیش ناکەن بە هیچ کەس
وڵاتیان هەمووی فرۆشت
مادەی سەد و چلیش تۆ خۆش
ئەوانە هەمووی گەندەڵن
یەک هۆش و بیر و سەرن
لە یەک سەرچاوە دەخۆن
تا مردنیش تێر ناخۆن
گەندەڵیش دوایی نایێ
تا خۆیان لە ناو نەچن .

هانۆڤەر
٢٠١٣ /٥/٢

# مەرج نییە....!!!

من لێرە بم یاخوود لەوێ
ئەی نیشتمان
بەڵام من تۆم هەر  خۆشدەوێ
وەکو سۆما
لە چاوەکانم  هەڵتدەگرم
تا هەتایێ
ئاواتە خوازم ڕۆژێك دابێت
ئاڵاکەت شەکاوە بێت لە دونیایێ.

هانۆڤەر
٢٠١٥ /٣/١٦

# لە وڵاتی toوونس

پیاوێکی کۆڵهەڵگری بەسەزمان
لە سەر جادە لە ناوەڕاستی بازار
گڕی بەردایە خۆی و خۆی سووتان
خۆی کردە قوربانی هەموو وڵات
خەڵک ڕژانە جادە وەکو باران
ناحەقییان قبول نەکرد
ڕژێمەکەی وڵاتیان گۆڕی  زۆر بە ئاسانی
تا چیتر خەڵک بە زەلیلی نەژی
کەچی لە وڵاتە وێرانەکەیمە
ڕۆژانە خەڵک دەکوژرێ و شەهید دەکرێ
کەسیش نایێتە گۆ و نوقەیان لە دەمی دەرنایێ
کە ئەنەما لە لای خەڵکی نە بای دێ و نە باران دێ ...

هانۆڤەر
٢٠١٨ / ٣/٢

# مەمکوژە ....!!!

مەمکوژە تا ئێوارێ
تا گوێم لە دەنگی مەلا دەبێ
ڕۆژووەکەم بشکێنم
مەمکوژە تاکو منداڵەکەم
لە باغچەی مندالان دێتەوە
تێر لە ئامێزی دەکەم و ماچی دەکەم
مەمکوژە ، مندڵەکەم زۆر ساوایە
پێویستی بە شیری منە
مەمکوژە من تاکو ئێستا
خۆشیم لە ژیانە نەدیوە
مەمکوژە تەرەس
خۆ شەرەفەکەت وەکو خۆیەتی
یەک قەترەی لێ نەڕژاوە
مەمکوژە هەی نامەرد
بە کوژتنی من شتەکان چارەسەر نابن
مەمکوژە هەی دەبووس
بە کوژتنی من دەتەوێ
خۆت لە گووناحەکانت خاڵیکەیەوە
مەمکوژە تا دوا چیرۆکی عەشقم دەنووسمەوە
مەمکوژە تا هەندێک باسی شەرەفت بۆ بکەم
مەمکوژە تا دوا داستانی عەشق دەنووسمەوە
مەمکوژە حەیایەکەت هەر سەرمۆرە و
یەک تۆزقاڵ دەسکاری نەکراوە
مەمکوژە هەی نامەرد

تا دوا نهێنی لە دڵمەوە پەنگی خواردوە
دەمەوێ بیدرکێنم
مەمکوژە هەی تەرەس
تا دوا وەسیەتم بۆ ئەو ئافرەتانە بنووسمەوە
کە تا ئێستا نەکوژراون
مەمکوژە ئیتر با بەس بێ
ئافرەت هەموو شوێنێکی پیرۆزە
بەس تەنیا بیری لە ناو گەڵی نەکەنەوە
با چیتر خوێنی لێ نەرژێ .

هانۆڤەر
٢٠١٨/٥/١٨

# مەیشکێنن......!!!

مەشکێنن کێلّی گلّکۆی سەردەشت عوسمان
بیهێنەوە ئەو پارانەی بردوتانە بۆ هەندەران
بەسە ئیتر واز لە دزی و گەندەلّی بێنن
ئێوە وەکو دانیاسورەکان قەت تێر نابن
سەروەت و سامانی ولّات نەماوە دەستی بەسەردانەگرن
ولّاتان هەمووی وێران کرد و دارمان
میللەت هەمووی بەجارێ بێزارە و وا هاوار دەکا لە خەفەتان
بە بانگەشەی ریفراندۆم میللەت چەواشە دەکەن
ئەی کوا ئاو کوا کارەبا نیوە مووچەشتان پێنادرێ
ئەگەر ناتوانن چیتر حکوم بکەن
ئیتر وازبێنن ئەم کورسییە چۆڵکەن
با خەڵک چیتر برسی نەبێ
هەتا کار لە کار نەترازاوە با جامەکە ئاوی لێنەرژێ
دەنا خەڵک قۆڵ و باسکی خۆی لێهەڵکا
بڕژێنە ناو شەقام دەردێکی واتان پێدەکا
ئەشکەوتان لێ دەکاتە کونە مشک .

هانۆڤەر
٢٠١٧/٨/١٠

# نیشتمانێك پڕ لە كۆیلە .....!!!

دڵم چ بەم نیشتمانە خۆش بێ
ئەوەی لێرە دەنگی دەڕوا
بەگ و میرن
خۆیان وەک مافیا ئاسا
خاوەنی هەموو شتێکن
کێ بۆ هەیە بەرامبەریشیان
ڕاوەستێ و بکۆکێ
دەدرێتە بەر شەق و زلەن
ئەم وڵاتە بێ حاکم و بێ خاوەنە
تا میر هەبێ
کێ حەدی هەیە
قسەیەکی لە دەم دەربێ
ئەم میرانە لەم وڵاتە
وەک فیرعەونن
لە ناو کۆشک و بالەخانەی خۆیان دانیشتوون
دەبێ خەڵک لە ڕاست ئەوان
هەتا دەژی هەر کۆیلە بن
هەر کرۆنۆشیان بۆ بەرن
بە خورتی حکومی ئەم وڵاتە دەکەن
کێ بۆ هەیە نوقەی لە دەم دەربێ
یەکسەر دەگیرێ و حەپس دەکرێ.

هانۆڤەر
٢٠١٥/٤/١٠

# نازە بێنازەکەم .....!!!

ئەوە دیسان تاوانێکی تر ئەنجامدرا
جەرگی خێزانەکیان سووتاند و
هەولێریان بێنازێکی تر کرد
بە ڕۆژی ڕۆناک ڕفاندیان
کەسیش هەستی پێ نەکرد
هەر ئەو ڕۆژی سووتاندیان و
هەموو ڕووخساریشیان شێواند
فڕێشیانداوە ناو ترومبێلەکەی خۆی
ئەمە چ سیناریۆیەکە
دەبێت لە کوێ پیلانی بۆ داندرابێت
بکوژەکان دەخوا ئێستا دەبێت
لە بن هەنگڵی کام بەرپرسێ
خۆیان حەشار دابێت و
پیلان بۆ کچێکی تر سازکەن
ئەم شارە وێرانە بێ حاکمە
ڕۆژ نییە ئافرەتی تێدا قڕ نەکرێ
نازانم خەڵک بۆ وا لاڵ بووە
نوقەیان لە دەم دەرنایێ
ئەوە هەولێر نازیشی لە دەست چوو
بڕوا ناکەم بکوژەکانیش بدۆزنەوە
کەس لە سەر ئەم مەسەلە سزا بدرێ .

هانۆڤەر
٢٠١٦/١/٧

# نیشتمانم ئافرەتێ بوو...!!!

هاوسەرەکەی پێشمەرگە بوو
لە سەنگەردا شەهید بوو
ئەو ئافرەتە بە تەنیا ماوە
دەستیان بە سەرماڵەکەی داگرت و
فەرهود و تاڵانیان کرد
کەچی زۆری پێنەچوو
قژی سەریان جارێکی تر
بۆیاغ کردەوە
کەژاوەی بوکێنیان کردەبەری
جارێکی تر دایان بەشوو .

هانۆڤەر
٢٠١٧ /٩/٩

# نیشتمانم منداڵێکه ...!!!

نیشتمانم منداڵێکه پێڕوکەیە
هێشتا تەواو پێی نەگرتووە
ناتوانێ بە پێ بڕوا
نیشتمانم منداڵێکە کەڕوڵارە
هەر چی ڕووبدا
نوقەی لە دەمی دەرنایێ
نیشتمان وا میرێک بەرێوەی دەبا
خەڵکەکەی هەموو بووینە کۆیلە
نیشتمانم هەمووی فرۆشرایە
پارەکەی هەموو لە ناو گیرفانی میر دایە
باوەڕ ناکەم هەتا ئەم میرە ڕابەر بێ
نیشتمانم ئاڵای سەربەخۆی خۆی هەڵدا .

هانۆڤەر
٢٠١٦/٨/٣

# نەفرەت لە کوشتن.....!!!

با هەمووومان نەفرەتکەین لە کوشتن
لە خوێن ڕێشتن
با چیتر شەقامەکان
بە خوێنی گەنجان
سوور نەکەن
با چیتر دایکان
جەرگیان نەسووتێ و
فرمێسك هەڵبڕێژن
بەسە ئیتر گەنجەکانمان
لە سەر حەقن
توخوا گوێیان لێ بگرن
بەسە بەسە
واز بێنن لە خوێن ڕێشتن .

هانۆڤەر
٢٠١٤/١/٤

# نزا....!!!

چەندی لێت پارامەوە
ئەوەندەی تکام لێ کردی
ئیتر من گووناحم چییە
تۆ تەنیا بە قسەی خۆت کرد
هیوای ناخی دەروونت
هەمووی وەك گوڵ هەڵوەڕی
ئێستاش گلەیم لێ دەکەی
کە نازم هەڵنەگرتووی
هەنوکەش پەشیمانی
خۆت خستە دەریای خەمەوە
نازام بۆ وات لە خۆت کرد
وەك ماسی مەلەش نازانی
تا بە سانایی دەربازت بی .

هانۆڤەر
٢٠٠٩/٢/١٥

# هەناسەکانی غوربەت...!!!

چی نەما بوو
دوا هەناسە هەڵمژم
لەم ئێوارە پایزەدا
چاوەڕێی دوا پیاڵە چا بووم بیخۆمەوە
لە پاکەتەکەم حەزم لە مژینی
دوا جگەرە بوو
کەچی حەزەکانم
وەکو گەڵای پایز هەمووی وەڕین
کەچی ورەم وەکو چیاکان بەرزە و نزم نابێ
بۆیە گوڵێکی تازەم چاند
لە گوڵدانی تەمەنم
ئیتر لە مەودوا
هەرگیز گوڵەکانی
بە ئاسانی هەڵناوەڕێن .

هانۆڤەر
٢٠١٢/١١/٢٥

# نامە ...!!!

گوێم بۆ ڕادێرە
بۆت دەخوێنمەوە
ڕووداوەکانی پێشوو
تۆش بۆم بخوێنەوە
ئەو نامەی لە ناو پرێسکەکە دۆزیتەوە
چی تیا بوو جگە لەوەی
ئەوە چەندەمین ئەنفالی کورد بوون
لەم بەڕوارە ئەنجامدران
نازانم بۆ بەس تەنیا کورد
بەداخەوە هەر مێژووی خۆی لە
لە بیر دەکا...

هانۆڤەر
٢٠١٧/١٢/١١

# کەردۆگان .....!!!

نە ئۆردوگان و ئەتاتورک و هۆڵاکۆ و جەنگیزخان
ناتوانن کورد بکەنە قەڵەم بیخەنە ژێر پەنجەی خۆیان
هەنوکە سەردەمی زانست و تەکنەڵۆژیایە
ئەو بابەیان مرد زەمانێ زوو بەسەر چوو
خاکی کورد داگیر بکەن و بیکەن بە هی خۆیان
کورد بکەن بە دیل و بیخەنە ژێر چەپۆکی خۆیان
میللەتی کورد بە ئێوە قر ناکرێ
هەتا دونیا ماوە هەر بە زیندووی دەمێنێ .

هانۆڤەر
٢٠١٧/١/٢٢

# من هیچم ناوێ...!!!

نەزێرم دەوێ نە ماڵی دونیا
نیشتمانم هەبێ ئیتر بەسمە
لەبەر خۆرەتاو من جوانتر دەبم
بۆ نیشتمانم بە گوڕتر دەبم
من جوانیم ناوێ نیشتمان خۆش بێ
با نیشتمانم بەرەوپێش بچێ
نامەوێ مکیاژ و مسکارە و بۆن و بەرامم
وازم هێناوە لە مۆدیل و جوانی و سەردەمم
نە گۆبەرۆک و خشڵ و ملوانکە
پێویستم نییە تۆ لەبەریانکە
لە خۆم ئاڵاندیە فیشەکی دۆشکە
تا بەرگری لە وڵات بکەم
تا دوژمن لە وڵات دەرکەم
نەفرەت و ڕسوا و ڕوورەشیان بکەم .

هانۆڤەر
٢٠١٨/٢/١٧

# نیشتمانێك پڕ لە حەسرەت ...!!!

منداڵێکی ساوای لە دایك بوو
بە مەلۆتکەیی لە بن دیوارێک فڕێدرا
بێبەش بوو لە لاوانەوە و سۆزی دایك و
لە مەمك و شیر ...
کەسێ نەبوو خۆی لێبکا بە خاوەنی
ئا ئەمە کارەسات نییە ...
جا چۆن نیشتیمان
دڵی پڕ لە سۆ و حەسرەت نەبێ .

هانۆڤەر
٢٠٠٩/١١/١٩

# هەی ئافەرین....!!!

ئەی شێرە ژنەکەی عەفرین
زۆر لە مێژە هەناوت بوویتە هەگبەیەك
پڕە لە خەمە تاڵەکان
ئەو بەردەی لە دەستتدایە
توند بیهاوێژە
بیدە لە کەلەی سەری
دیکتاتۆرە خوێن مژەکان .

هانۆڤەر
٢٠٠٩/١١/١٩

# هەموو شتێ کۆتای دێ....!!!

بەڵام تەنیا مردن نەبێ
هەتا زووە فریای خۆتکەوە
با کاتت بە فیرۆ نەچێ
ژیان بۆ مرۆڤ زۆر بەنرخە
دوایێ هیچی نایێتە جێ
گەر پەشیمانیش ببیەوە
ئیتر هیچی دیت پێ ناکرێ
مەلێ ماڵم وێران بوو
هەمووم بە جارێ لە دەست چوو
هیچم بۆ نەمایەوە
ئاخ ، چی بکەم
ئەویشم چوو ، ئەویشم چوو.

هانۆڤەر
٢٠١٨ /٢/٣

# پاپا.....!!!

هەزار جار نەفرەتت لێبێ هەی پاپا
نازانم چۆن پێشوازیت کرد لەم سەگبابە
ئەمە گەوادە تەرەسە بێناموسە
هیچ شێوەی لە مرۆڤ ناکا ئەو حیزە
بێ شەرەفە غەبییە بێ ئەخلاقە ئەو کەردۆگانە
خوێن ڕێژ و منداڵ کوژ و ژن کوژە
مرۆڤێکی بێ وێژدان و بێ ئینسافە
تۆش هیچ جیاوازیت نییە لەگەڵ ئەم قورمساغە
دونیا هەمووی لە دژی وەستایە
تۆش مێوانداریت کرد و فەرشی سوورت بۆ دانایە
یاخوا بەر نەفرەتی خوا کەوی
نازانم کێ ئەو ناوەی لە تۆ نایە
من پێم شەرمە لەمەودوا پێت بڵێم پاپا
چونکە ڕێزیت لە لای هەموو دونیا نەما و نەمایە .

هانۆڤەر
٦/ ٢ /٢٠١٨

# هەر ئەو جارەی تۆم بینی .....!!!

هێشتا شەڕ کۆتایی نەهات بوو
چەپکێ گوڵت لە دەستدا بوو
بەرەوماڵ دەهاتیەوە
ڕۆژی لە دایک بوونی خێزانەکەت بوو
بەڵام نەیانهێشت بگەڕێتەوە ماڵ
تۆیان دا بەر ڕێژنەی گوللە
جەستەت لە ناو خوێن غەرق بوو
هەر ئەو جاری تۆم بینی
هەندێ دەفتەر و قەڵەمت کڕی بوو
دەتوویست بیانبەی بۆ منداڵەنی گەڕەک
بەسەریاندا دابەش بکەی
بەڵام نەتزانی لە ڕێگادا
بۆسەیان لێداناوی
دەکەویە ناو گۆمێکی خوێناوی
هەر ئەو جاری تۆم بینی
مەخابن جارێکیتر تۆم نەبینیەوە
تا چیرۆکی کۆمەڵکوژەکەی
زەمانی شەڕم بۆ باس بکەی
منیش بینووسمەوە بیکەم بە ڕۆمانێک .

هانۆڤەر
٢٠١٦/٥/٢٨

# هەرچەند لێت ڕادەمینێم .....!!!

تۆ ئەو کچەی جاران نەماوی
کە دەمناسی...
دڵت بە تەواوی گۆڕاوە
هەر چی ڕاستی هەیە
لە لات نەماوە
بۆیە منیش بەدگومان لە ڕەفتارت
زۆر دوو دڵم
لەو گفتانەی کە پێم دابووی
ئێستاش زۆر پەشیمانم
ئەگەر بێت و هەر چییەکم بۆ بکەی
بۆم ببیتە خاک و خۆڵیش
وەکو جاران...
باوەڕم هیچ پێت نەماوە
هەر چییەکم لە دڵ دابوو
لەبەر ئەوەی لەگەڵ مندا
ڕاستگۆ نەبووی بێوەفا بووی
هەمووی بە تەواوی لە ناو دڵم
سڕایەوە...

هەولێر
٢٠١٢/٥/١

# هەناسەکەم .....!!!

دەزانم ئێستا دڵت پڕی ئازارە
خەمێکی قووڵیش لە سەر سیماتە دیارە
باوەڕ بکە ئەم خەمەی لە دڵتدایە
لە ناو سۆز و هەستی منا ڕوایە
دەزانم ئێستا بە تەنیا لە ژوورەکەت دانیشووی
بێتاقەتیش سەراپا لەشی داگرتووی
بە تۆ ناگا چی لە داخی دڵمکەم دەستی خۆزگەم
تا فرمێسکە بێنازەکانت بسڕم و دڵت بە شادی تێرکەم .

هانۆڤەر
٢٠١١/٣/٢١

# هەتا دوێنێ لە شاخ بووم....!!!

بە زگی برسی لە جەنگ بووم
خاك و نیشتمانم دەپاراست
لە دوژمنی بەعسی فاشیزم
بەلام ئیمرۆ لە شارم
هەر پێشمەرگەم
هەر کوڕەکەی جارانم
گەر چی بێ پارە و پوڵم
هیچ گرینگ نییە لە لام
نیشتمانم دەپارێزم مەجبوورم
بەلام هەر شێرەکەی مەیدانم
لە پێناوی نیشتمانم
لە سەنگەرم
تا دوا دڵۆپێ خوێنم مابێ
هەر دەجەنگم
وڵاتەکەم دەپارێزم
دژی داعشی خوێن ڕێژم.

هانۆڤەر
٢٠١٥ /٢/١

# وێرانستان...!!!

نیشتمانم دایکێکە
شیری مەمکی تیا قاتە و زۆر کز بووە
منداڵەکان هەر دەیمژن
قەد تێر نابن
هەر لە برسان نووزەیان دێ
کەس نییە ژێریان کاتەوە تا نەگرییێن
زۆر لە مێژە نیشتیمانم وێرانەیە
بۆوەتە خانووێکی کەلاوە
کاریتەکانی بن ساپیتەی
پڕیەتی لە مۆرانە
پەرەسێلکەکان زۆر دەمێکە
هێلانەی خۆیان تیا دانانێن
حاجی لەقلەق لەوەتی ئەم ساڵەی
دایانە بەر ڕێژنەی گولـلە
خەڵتانی خوێنیان کرد
دانەیەکیان لێ شەهید کرد
ئەوەکەیتریان فڕی و ڕایکرد
تاکو ئێستا لەگەڵدابێ
نەگەڕاوەتەوە ئەم هەوارە
چونکە ئەم شارە زۆر وێرانە
ئەوە چەند ساڵە
ئەم نیشتمانەم دەفرۆشن
کڕیارەکانیش کە دێنە ئێرە
مافوری سووریان بۆ ڕادێخن

من ئەم دیوە لە دارەتی دونیا
شەرم و حەیا نەماوە لێرە
مێوان لەبەر دەم خانەخوێ
کورد بکا بە تیرۆرست و
بەم شێوەیە جنێو بارانمان بکات.

هانۆڤەر
٢٠١٧/١/١١

# هەولێر ...!!!

هەر چیت لێ بکەن
تۆ هەر مستەحەقی
هەر بێدەنگی هەر بێدەنگ ماوی
خۆت ئیسپاتت کرد بوویتە کۆیلەی
ژێر دەستی دەستەڵاتێکی تۆتالیتاری
قەت باوەڕ ناکەم هۆلاکۆ بەزین بی
گەرنا چۆن قبول دەکەی
شەقامەکانت بە خوێن سوور بێ
دەنا ڕۆژێک هاوارت لێ هەدەستاو
دەهاتیە سەر جادە دژی تیرۆری .

هانۆڤەر
٢٠١٦/١١/٢٤

# ئامەد هەرگیز بێدەنگ نابێت ....!!!

ئامەد ئیمرۆ گەورە بووە
هەموو شتێك باش دەزانێ
کەس نییە بتوانێت
لە خشتەی بات
لەو ڕۆژەی لە دایك بووە
چاوی بۆ باوکی دەگێرا
تا بیگرێتە ئامێز و ڕایهەژێنێ
جارێك پێ بڵێ ئۆخەی
بەڵام مخابن هەر دیار نییە
بەڵام ئێستا هەراش بووە
هەر چاوی بۆ باوکی دەگێرێ
ناچار سەیری وێنەکەی دەکا
بە ناوەڕاستی ژوورەکەیا هەڵواسراوە
لێ نووسراوە ئەی شەهیدی قەڵەم
نابێ خوێنت بە زایەح بچێت
تۆ هەمیشە هەر زیندووی
تۆ سەربەرزی لە دڵی ئێمەدا دەژی
ئێستاکە باش دەزانێ
کێ باوکی تیرۆر کرد
بە دوای بکوژان دەگەرێ
ئەگەر ئیمرۆش نەبێ
سبەش نەبێ
ڕۆژێك هەر دەبێ بیاندۆزیتەوە و

بیانداتە دادگا
تا بخەنە ملیان پەتی یاسا.

هانۆڤەر
٢٠١٤/١٢/٧

# سمۆره...!!!

ئەی سمۆرەی کلك پان
دەژی لە ناو دارستان
ددانەکانت زۆر تیژە
خواردنت بەروو و گوێزە
هەڵبەز و دابەز دەکەی
لانە بۆ خۆت چێدەکەی
سەیری ئەو دیمەنانە
پڕی گوڵ و گوڵزارە
سروشت بە تۆوە جوانە
دڵخۆشکەری ژیانە
تۆ دەژی ئازادانە
منیش غەریبم لێرانە .

هانۆڤەر
٢٠٠٦/١١/ ١١

# ژنێك...!!!

ژنێک جەستەی بفرۆشێ
ئەمە جەستەی خۆیەتی
خۆ تاڵانچی و دز و جەردە نییە
وەک ئێوە خاک بفرۆشێ...
بەرپرسەکانی وڵات....
نیشتمانیان هەمووی وێران کرد
سەر زەوی و ژێڕ زەوی نەما نەیدزن
هەموویان بە جارێ تاڵان کرد
کە نیشتمانیشیان فرۆشت
هەمووی بە جارێ کەڕ و لاڵ بوون
کەس نوقەی لە دەم دەرنەهات
هەتا میللەت ئاوا بێ هۆش بێت
دەبێت ئەمە دەردتان بێت
هەرگیز چارەنووستان
لەمە باشتر نابێت .

هانۆڤەر
٢٠١٨/٣/٢

# ئازیزەکەم....!!!

خۆ من هەر بستە خاکێکم نییە و
بێ نیشتمانم
بۆ هەرکوێ برۆم هەر بێگانەم
هەر وەکو قەرەجێک سەیر دەکرێم
ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان
دڵەکەم لە هەر کوێ لە لێدان کەوت
هەر لەوێ بمنێژن
من ئەوێ دەکەم
بە نیشتمانی خۆم ...

هانۆڤەر
٢٠١٦ \٧\٣

# ئاخێك بۆ شەنگاڵ ....!!!

شەوەکان دەرگا و پەنجەرەکان داخەن
چراکانتان بکوژێنەوە
ئاگردانەکانتان خامۆش بکەن
ئەم شەمشەمەکوێرانە
حەز بە ڕۆناکایی ناکەن
لە تاریکایی لە دایك بوونە
بۆیە جلی ڕەشیان پۆشیوە
ئەمانە لە دڕندە دەچن
بۆیە ناویان لە خۆیان ناوە داعش
چونکە بەس دەزانن
خوێن بڕێژن و مرۆڤ بکوژن
هەزاران ئاخ و ئۆف بۆ شنگاڵ
هەرگیزا و هەرگیز لە بیرت ناکەین
چۆن تۆیان کرد بە دەریای مەرگ و خوێن
ئاهو وناڵەی ئافرەتان
دەریایەك فرمێسکیان ڕێشت
بۆ ئەو کچانەی کران بە جارییە
بران بۆ بازاری موسل بۆ فرۆشتن
بۆ پیاوەکانیان کە هەموو شەنگاڵیان بە خوێن سوور کرد
بۆ هەموو ئەو منداڵانەی
لە برسان و لە ترسان گیانیان دەرچوو
لە سەر تاشە بەردەکان
بەڵام لە بیرتان نەچێت

ئەی ڕەش و برش و نەگریسینە
ئەگەر هێزی هەموو دونیاتان لە پشت بێت
شەنگاڵ هەرگیزا و هەرگیز لە بن نایێ
کوردستانیش بە ئێوەی پیس و بۆگەن
....داگیر ناکرێ
گەلی کوردیش...
هەر دەمێنێ تاهەتایێ...

هانۆڤەر
٢٠١٤ /٨/٢٦

# ئێمە لە جەنگین ....!!!

کە برسیمان بوو
لە جیاتی پارووە نانێ خۆڵ دەخۆین
تا ماویشین هەر دەجەنگێن
لە سەنگەرین وازناهێنین
تا دوژمنان دەبەزێنین و دەرەتێنین
هەرگیز کۆڵنادەین و ملکەچ نابین
سەریش بۆ دوژمنان شۆرناکەین
ئەگەر لە پێناوی خاکیشدا بمرین .

هانۆڤەر
٢٠١٨/١/٢٤

# ئیمرۆ ....!!!

ئیمرۆ چاوەڕێی بارانم دەکرد ببارێ
تا دڵە پڕ خەمەکەم بشواتەوە
تا تێکەڵاوی ئەو فرمێسکانە بێت و
کەس نەزانێ بۆ هەڵمرێشتوون
بۆ ڕۆژانی لە دەست چووەکانم
چاوەڕوانیەکی زۆرم کرد
هەر نەباری
کەچی لە ئاسمانی شارە
وەکو ساڵانی ڕابوورد و
خۆڵ بە سەرمدا باری
ئەوەندەی تر دڵم پڕی خەم بوو
لەبەر ئێشی و ئازاری کوردەواری .

هانۆڤەر
٢٠١٤/٤/٦

# ئەی خودایە ...!!!

نازانم تۆ لە کام نهۆمی
ئاسمان دەژی
ڕۆژانە بە چ کوچە و کۆلان گوزەر دەکەی
لە سەر خوانی کام ماڵ دادەنیشی
نان دەخۆێ
ڕۆژانە لە کام کافیتیریای
قەراغی شار دادەنیشی
حەز دەکەم بە یەکەوە
قاوەیەکی تاڵ بخۆینەوە
باسی ئەم چیرۆکانەکەت بۆ بکەم
هەموو ڕۆژێ بە چاوەکانی خۆم دەیانبینم
ئەم پیاوەی لە ناو ماڵەکەی خۆی
جگەرگۆشەکەی گۆشاوگۆش سەربڕی
تەنیا تاوانی ئەوە بوو
بە باوکی وت:
تۆ بۆ من باوك نیت...
بەڵکو کەسێکی پیاو کوژی
ئەم ژنە هاروهاجەی
مەلۆتکەی خۆی کردە پارچە پارچە
نیوەی بە خۆی خواردی
نیوەکەی تریشی دا بە گوجیلەکەی

که ڕۆژانە ئەم هەموو شتانە دەبینم
بە مرۆڤ بوونی خۆم زۆر شەرمە
تف لە مرۆڤ بوونی خۆم دەکەم
خۆزگە منیش ئاژەڵێك دەبووم
چونکە ئاژەڵەکانم نەبینیون هەرگیز
ڕۆژێك لە ڕۆژان
بێچوەکانی خۆیان بکوژن...

هانۆڤەر
٢٠١٥/٥/٢٣

# ئەریّ هۆ گیانە وەرە ....!!!

توخوا لێم دوور مەکەوە
با ئەم بەهارەم بێ گوڵ نەبێ
تۆم لە بیر بچێتەوە
بۆ ئەوەی تەنیا نەبی
چاوەکەم بۆ خۆت بەرە
لە شەوانی تاریکایی
لە ماڵەکەت دایگیرسێنە
گەر مانگە شەویش نەبوو
ماڵەکەت ڕۆناک دەکاتەوە
ئەگەر ڕۆژێکیش تەنیا بووی
بیکەرە ملوانکەی گەردەنت
گەر ڕۆژێک بیرت کردم
تا منت بە بیر بێتەوە
با چیتر لەو تەنیایە
گۆشەگیر نەبی
تا منت لە بیر بچێتەوە
ئەریّ هۆ گیانە وەرە
دڵەکەی من بۆ خۆت بەرە
ئەگەر ڕۆژێک نەتدیتم
با سەبوریت پێ بێتەوە .

هانۆڤەر

٢٠٠٦/٦/٧

## ئەوەندەت چاوەڕێ ناکەم .....!!!

نەوەک خەم بەرۆکم بگرێتەوە
نەوەک لەم وەرزە پایزەدا
وەکوو گەڵای دار ...
زەرد هەڵگەڕێم و هەڵوەڕێم
کەسیش نەبێ هەڵمگرێتەوە
ئەوەندەت چاوەڕێ ناکەم
نەوەک دڕکێک لە ناو دڵم
بڕوێنیەوە...
ئازارێکی ترم بۆ دروستکەیت و
لە تەنیایی جێمهێڵیەوە
ئەوەندەت چاوەڕێ ناکەم
لە دڵمدا دەتسڕمەوە
تا ژیانم ئاسایی بێتەوە
تا ئەو ئاخ و ئۆفەی
لە سەر دڵم
پەنگی خواردۆتەوە
هێدی هێدی دامرکێتەوە
من دەمووویستی بۆ ئەوەی بم پەرستی
نەمزانی ڕۆژ  تا ڕۆژ
ئەم دڵە نەرم و نیانەم
ئازار دەدەی ...

ژیانم لێ سەخت دەکەی
لێناگەڕێ ئەو دڵەی
گڕ گرتوویەتی خامۆش ببێ ...

هانۆڤەر
٢٠٠٥/١٢/١٠

# ئەوەندە شەکەت و هیلاك و برسیم...!!!

خەریکە لە برسان خۆم دەخۆم
تا بە یەکجاری لە بەر چاوان بزربم
گەر یەکێک بە دواشم بگەڕێت
زۆر زەحمەتە بە ئاسانی بمدۆزیتەوە
بوومەتە یەک پارچە گڵ و
لەگەڵ خاک تێکەڵ بوویمە .

هانۆڤەر
٢٠١٦/٥/٢٢

# ئەوەندەی ماچم کردی .....!!!

لێوەکانم بە ماچەکانت تێر نابێ
وەرە بە ماچەکانت بمشۆ
تا بە هەر شوێنێ تێپەرم
بۆنی ماچی تۆیان لێ بێ
وەرە بە ماچەکانت دامپۆشە
نەبادە سەرمای ئەم ساڵ هەرەکەتم لێ بکە
بە نامەیەک
ماچێکی جوانم بۆ بنێرە
با جوانتر بێ لە پەڵکەزێرینە و
ئاسۆی بەرەبەیانی
بە نامەیەک
ماچێکی نەرمم بۆ بنێرە
با نەرمتر بێ لە پەنیری مۆسەرێلای ئیتاڵی
بە نامەیەک
ماچێکی تەرم بۆ بنێرە
با تەڕتر بێت
لە بەفری سەر لووتکەی چیای قەندل و سەفین
بە نامەیەک
ماچێکی گەرمم بۆ بنێرە
با گەرمتر بێت
لە نانێکی تەندور و ناسکی نانی تیری کوردەواری
بەنامەیەک
ماچێکی ناسک و بۆن خۆشم بۆ بنێرە

با ناسک و بۆنخۆشتر بێت
لە گوڵی شەوبۆ و کنیر و مێخەکی
سەر چیای هەڵگورد و ماکۆکی .

هانۆڤەر
٢٠١٨/٢/٢١

# ئەی فریشتە .....!!!

تۆ پەپوولەیەک
بووی ئاسا
گووناحت نەبوو
بڕوا ناکەم تۆ لە ژیانتا
یەک تۆزقاڵ ئازاری کەست دابێ
دڵی یەکێکت لە خۆت ڕەنجاند بێ
لە چاوەکانت ڕادیارە
پێمان دەڵێیت زۆر بە ڕوون و بە ئاشکرا
کێ تۆی کوشت و کێ تۆی سووتاند..؟
وا ڕۆژانە بە بەر چاوی خەڵک
بە سەر جادەکان ڕێدەکا
ئەوەی لە سەر تۆ باس کرا
هەمووی مکیاج و سیناریۆ بوون .

هانۆڤەر
٢٠١٦/١/٨

## بێزارم .....!!!

ئەوەندە توڕە و بێزارم
لە تۆ و لە خۆم و دەور و بەرم
وەکو گڕکانەکان پروشکم لێ دەبارێ
هەرگیز حەز ناکەم
وەکو پەیمانەکانی
سیڤەر و لۆزان و سایکسپیکۆ
وەکو ئەم نیشتمانە وێرانەمیان
کردوە بە چوار لەت ، ئیدی با بەس بێ
دڵی منیش نەکەن بە چوار لاتەوە
هەر لە ڕۆژهەلاتەوە تا ڕۆژئاوا
لە باشوریش تاکو باکور
سنوورێکیان بۆ دابنێن
بەلام باشورم...
لە هەمووان زیاتر خۆشتر دەوێ
چونکە لەوی چاوم هەڵیناوە گەورە بوومە
لەگەڵ ئەوەش ئەوەندە گەرمە
پیاو هەرەسان دەکا
بەڵام هەر بە دڵمە
ڕۆژانە ئەوەندە گەرمە
وەکو کەباب سووتایمە
بوویمە پشکۆ .

هانۆڤەر
٢٠١٦ /٧/١٥

# ٣١ ی ئاب .....!!!

ئەوە دیسان ٣١ ی ئاب هات و تێدەپەڕێ
کەچی باوکم هەر دیار نییە و نەهاتەوە
کوڕ: لە دایکی دەپرسێت
دایە من وا گەورە بوومە
کەچی باوکم هەر نەهاتەوە
دایک : کوڕم باوکت لەم ڕوژەدا
کە ڕۆژێکی شوومە
ئەویش ٣١ ی ئابە
لە پێش چاوی خەڵک دەسترێژی گولـلە کرا
لەبەر ئەوەی تاکو ئێستاس گۆربزرە
ئەمەش لە مێژووی کورد
تاوانێکی مەزنە
دەبێت هەموو ساڵێک
یادی بکرێت و ببێت بە بۆنەیەکی نەتەوە .

هانۆڤەر
٢٠١٧/٨/٣١

# خاڵخالۆکه ....!!!

جاران که منداڵ بووم
خاڵخالۆکەم
له ناو لەپی دەستم دادەنا
ئەویش بەسەر پەنجەمدا
هەڵدەگەڕا
منیش پێم دەگووت
خاڵخالۆکه
ماڵی خاڵم له کوێیه
ئەویش باڵی لێکدەداو
هەڵدەفڕی
ماڵی خاڵمی نیشان دەدام
ئێستاش که خاڵخالۆکه
دەبینم
له ناو لەپی دەستی خۆم
دایدەنێم
بەسەر پەنجەم هەڵدەگەرێ
بەڵکو وەکو جاری جاران
هەڵبفڕێ ،
ئەوانەی له وڵاتەکەم
شون بزر و ئەنفاڵ کراون
نیشانم بدا و  پێم بڵێ...!!

هانۆڤەر
٢٠٠٦ /٧/٢٦

# باسی زمان بڕینمان بۆ مەکە .....!!!

هەی قاڵتاخ
خەڵک هەمووی
لە خەمی بێ زمان و بێ گوێی تۆ دان
چونکە تۆ زمانت نییە
تا داوای مافی خۆتی پێبکەی
تۆ بێ زمانی
گومانیشم هەیە
هوشیشت نەبێ
تا لە پەیامەکەی ئێمە
بە باشی بگەی
ئەوەی تۆ گووتت
بێ حوڕمەتییە بەرامبەر خەڵک
نەک هەر تەنیا تۆ بەس
ئەوەی تۆشی داناوە بە کاندیدات
ئەویش هەر وەکو تۆیە و حوڕمەتی نییە
گووناحە بە تۆ بڵێم
سواڵکەری دەنگی
چونکە سواڵکەر عەوداڵە
بۆ لەتی نانێ
تۆ لە هیچ ناچی
تا وەسفت بکەم
تۆ زۆر دواکەوتووی

له مرۆڤ ناچی
دوژمنی پێشکەوتن و مرۆڤایەتی.

هانۆڤەر
٢٠١٨/٩/٢٠

# ئەی کچە جوانەکەی وڵاتی ئینگلستان .....!!!

ئەی شێرە ژنەکەی کۆڕی خەبات و تێکۆشان و بەرخۆدان
تۆ وازت لە دونیای جوانکاری هێنا و پەیوەندیت کرد
چوویە ناو ڕیزی خەباتی شەڕڤانان
چاونەترس و بوێر و جەربەزە بووی
باکت نەبوو بە زەبر و زەنگی دوژمنانی ڕوورەش
هەرگیزیش نەدەترسای لە مردن
هەمیشە لە شەڕ
لە ڕیزی پێشەوە بووی
کۆڵتنەدا تا دوا هەناسە
تا شەهید بوویت
چوویە پاڵ ڕیزی کاروانی شەهیدان
بۆ خۆت مێژوووەکت تۆمار کرد لە جێهان
خەم مەخۆ گوڵەکەم
بۆ خۆت بنوو بە ئارامی
تازە ناوت چووە ناو لاپەرەی مێژوو
ئیتر هەتا دونیا ماوە
تۆ بە شەڕڤان ناسراوی
ئێستاش پەپوولەیەکی
لە ناو باغی بەهەشتی .

هانۆڤەر
٢٠١٨/٣/١٩

# بۆ شەهید ڕێژوانی جوانە مەرگ

ئەوە خوێنی دوژمن نەبوو ڕژا
هەی بێویژدان هەی نا مرۆڤ
ئەوە هاوزمانێکی خۆتان بوو
دەک چاوتان کوێر بێ
تا نەتوانن هیچی پێ ببینن
دەستان بشکێ تا جارێکتر
چەکی پێهەڵنەگرێ
ڕووتان ڕەش بێ
لەگەڵ ئاغاکانتان
تا لە پێش چاوی خەڵک
زیاتر ڕسواتر بن
ئێوە هەرگیز لە مرۆڤ ناچن
دڕندەن...
بێگومان گوریس لە ئەستوری دەپسێ
کە جامیش پڕ بوو لێدەڕژێ
ڕۆژی دیکتاتۆریش ئاوا بوو
ئێوەش زۆرتان نەماوە لە بنبێن
ئەمرۆش نەبێ...سبەی
ئەم میللەتە ڕاپەریوە
وەکو دڕک لە ژێر خاکە دەرتاندێنێ .

هانۆڤەر
٢٠١١/٢/١٧

# بۆ پێشمەرگە ....!!!

لە هەر کوێ بن
دیارە جێگای پەنجەتان
ئێوەن سیمبۆڵی نیشتمان
بۆنی هەناسەتان لە دوڕا دێ
هەست دەکەم کە ئێوە پێشمەرگەن
لە سەنگەرن دەجەنگێن و لە شەڕین
بەهێزترین
لە ڕەشەبای پایز
هەڵکەن وەکو تۆرنادۆ
بەرەو ڕووی دوژمنی
خوێن ڕێژ
بۆن نییە لە بۆنی نیشتمان
خۆشتر
نیشتمانتان خۆش بوێ
وەک گوڵی نێرگز
ئێوەن ڕۆڵەی ئەم خاکەن
ترستان نییەهیچ
لە هێرش و پەلاماری
داعشی خوێن ڕێژ
ئیوە ورەتان پۆلاینە
هەرگیزا و هەرگیز
ناترسین گەر شەهیدیش بن
مەچەکتان قورسترە لە ئاسن

ڕایوەشێنن بیشکێنن
زنجیر و کۆتی دوژمن
ئێوەن پێشمەرگەی
ڕۆڵەی ئەم نیشتمانەن
باکت نییە هەرگیزا و هەرگیز
نەترساوی لە مردن .

هانۆڤەر
٢٠١٥/٥/٢٧

# دیواری شووشەکانی مەرگ ....!!!

لە دەرگای خەونەکانم مەدەن
با خەونەکانم لە خەو ڕانەبن
دوێنێ شەوێ تا بەیانی
ئێشکگر بوون
پاسەوانی هۆش و بیر بوون
ئەوانەی لە وڵاتی تاریکستان هاتن
خەونەکانیان هەمووی سەربڕی
هەموویان بە سەریەکدا
کۆکردەوە و سووتاندنیان
هەمووی بوونە خۆڵەمێش و
فڕێیان دانە سەر گوفەک
سەیری بکەن ئێرە گەورەترین
ئینسکلۆپیدیا بوو
شەمشەمەکوێرەکان هاتن
هەموو کتیبەکانیان سەربڕی
دڵۆپە خوێنە ڕژاوەکان
هەمووی بوونە کۆتر و
لە شەقەی باڵیانداو
بەرەو ئاسمان هەڵفڕین .

هانۆڤەر
٢٠١٥ /٤/١٦

## کۆلەپشتەکەم .....!!!

کۆلەپشتەکەم هەڵدەگرم
ئەم وێرانستانە بە جێدێڵم
دەریاش بمخنکێنێ ناگەرێمەوە
خۆ لەمە باشترە
هەتاکو کەی هەر کەڕ و لاڵ بم
نا.. نا چیتر نامەوێ
ببمە کۆیلە و هەر بێدەنگ بم .

هانۆڤەر
٢٠١٥ /٩/٤

# پێڵاوێکم لە پێیە ....!!!

هەمووی پینە و دڕاوە
چاکەت و پانتۆرەکەشم
هی لەنگەیە ....
خواردنی نیوەرۆشم
هەموو ڕۆژی هەر پاقڵەیە
کەچی سەعاتەکەی ئەو میرە
بە حەفتا دەفتەر کڕاوە
پشتێ پێ نەئێشاوە و
عارەقەی لێ نەچۆراوە .

هانۆڤەر
٢٠١٥/٧/٣١

# کورسی...!!!

نامەوێ کەس بە خورتی
لە سەر من دابنیشێ
خوێن لە پەنجەی یەکێک بڕژێت
خۆ من لە سەر کەس تاپۆ نەکراوم
نە میراتیشم ، میراتگر وەک بەش
ببەن بۆ خۆیان...
ئیمرۆ سەردەمی ،
هەڕەشە و گەف و چاو سوورکردنەوە بە سەرچووە
ڕۆژی زانست و تەکنەلۆژیایە
ئەوەی ئیمرۆ بە هێزێک دەخوری
زۆر نەفامە...
گێلە ،گەمژەیە ،گەوجە ، کەر پیاوە
کەی ڕۆژی هەڕەشە و گەف و چاوسوورکردنەوە ماوە
خەیاڵیان خاوە ...
ئەوانەی ئیمرۆ دەیانەوێ
بە خۆرتی خۆ بسەپێنن
میللەت ئیمرۆ زۆر توڕەیە
سەبر و ئارامی نەماوە
لێگەرێن با یاسا سەروەر بێت
دەنا کار لە کار بترازێ
میللەت لە توڕەیان گڕ بگرێ
بڵێسەی ئاگرێ لێهەڵبستێ
ئەو کاتەی دۆ و دۆشاوی تێکەڵیەک دەکات

هێز نییە بتوانێت بەرامبەری بوەستێ و
بەڕایی لێبگرێ.

هانۆڤەر
٢٠١٥ /٧/٢٢

# فرمێسکەکانی خەم ....!!!

دوێنێ خەمم بینی لە ناو بازار
لە پێش بانکێک لە سڕەدا وەستا بوو
ڕیش و سمێلی تێکەڵاو بوو
ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو
مێشوولە دەورەی لێدا بوو
پشتی وەک گۆچان چەما بوو
لاقی باریک بوو وەک عەسا بوو
سینگی ڕەق و تەق
وەکو دەشتی زورگەزراو بوو
هەر بۆڵەی دەهات
زگی هەڵدەکوشی لە برسان
دەگووت کوا نان کوا نەوت
کوڕە خۆ مردین لە سەرمان .

هانۆڤەر
٢٠١٧/١٢/٨

# ئەم بووکە ...!!!

ژیانی هەر گریانە
بەختی وەکو قژی سەری ڕەشە
بە چوار کەسان ڕفاندوویانە
ئێستا کەس نازانێ لە کوێیە
یەکێک دەڵێت دیتوویانە
ڕۆژێک لە تەهران و دیمەشقە
ڕۆژێکی تر لە ئەستەمبۆڵ و بەغدایە
ئاخۆ دەبێت ڕۆژێک دربازیکەن
فرمێسکە بێنازەکانی لە چاوان بسڕن
خەندەی لە سەر لێوان  دانێن.

هانۆڤەر
٢٠١٢/٨/٣

# بمنووسەوە.......!!!

بمنووسەوە هەموو ڕۆژان
وەکوو بیرەوەریەکانی ڕۆژانی زوو
ئەو ڕۆژە ڕەشانە و نەهامەتیانەی
بە سەرم هاتوون
تکایە لە بیریان نەکەی
ئەوانیش یەك لە دوای یەك بنووسەوە
لە ناوەڕاستی شارا هەڵیانواسە
با نەوەکانی تازە بیانخوێنەوە
تا بزانن لەم وڵاتە ویرانەیمەش
ئەنفاڵ و جینۆساید قەومایە
کەس نییە لە بیریانکا
تاهەتایێ
بمنووسەوە وەکو شیعرێ
بمبە لە ناوەڕاستی شارا هەڵمواسە
با گەنجەکان بمخوێنەوە
بمکەن بە سروودێکی نیشتمانی
یان لە مەکتەب یان لە شوێنە گشتییەکان
بمخوێنەوە ...
بمنووسەوە بە ئاوی گوڵ
با تاهەتایێ بمێنمەوە و
کاڵنەبمەوە...
ئەوەی ناشیهەوێ بمخوێنێتەوە
تا بۆنی دەمار بۆیان بچێ
ئەوسا دەزانێ چی لە ناخم
نووسراوە و قەتاوقەت ناسرێتەوە
بمنووسەوە

به ئاوی گوڵ
هەتاکو زوو
کاڵنەبمەوە
تا نەوەی نوێ ڕۆژێک
پێیان بکرێت بە بێ گرفت
بمخوێنەوە
بمنووسەوە
بە خوێنی پەنجەکانی خۆت
تاکو وەکو چیرۆکی ئەڤینداری
هەر بمینێم و
کەس بۆی نەکرێ
بە ئاسانی بمسڕتەوە
بمنووسەوە
بە ئاوی ڕووحت
تا لە ناو دڵ و دەروونتا
هەمیشە بە زیندوویی
بمینێم و دەرنەکەوم
بمنووسەوە
بە ئاوی چاوەکانت
بۆ ئەوەی بینایی و گوڕ و تێنی
تا ئەبەد هەر بمێنێ و کۆتایی نێ
بمنووسەوە
بە تیشکی چاوەکانت
تا وەکو مۆمێک
هەمیشە داگیرساوبم
تاریکی هەموو دونیا ونکەم .

هانۆڤەر
٢٠١٨ /٢/٧

## قوباد ..... !!!

قوباد و شەراب لێک دەچن
هەر کت و مت وەکو یەکن
شەراب چەندی کۆنتر دەبێ
تام و چێژی خۆشتر دەبێ
قوباد چەندی پیرتر دەبێ
ڕووخسار و سیمای جوانتر دەبێ
ژنێک لە نامەکەیدا نووسیبووی
من بە دوو شت سەرخۆش دەبم
یەکەم پێکی خەستی بادە
ئەوی تریان...
ناز و ڕازی چەند
وشەیەکی قوبادە
من ژنی ڕووتم زۆر دیوە
بەڵام هیچم بیر نەماوە
لە دوای ئەوەی...
من بە چاوی ... قوباد دیتم
ئەو ژنەی کە ...
با ... تەنورەکەی هەڵداوە
پایزم قەت نەویستووە
خۆم نەدیوە ...
لە درەختی ڕووت بڕوانم
بەڵام ئێستا ....

قوباد ئەوەی ئاشکرا کرد
کە درەختی ڕووتیش هەیە ...
بۆ تەماشا ....
ئێستا لە قوباد زیاتر
بۆ پایز من چاوەڕوانم
هەموو ڕۆژێ ....
داوێکی تر لەپرچی ئەو سپی دەبێ
هەتا سەری دەبێت بەیەک
تۆپە بەفر ...
لەولاشەوە ...
هێدی هێدی وشەکانی
بۆنیان دەڕوا ...
هەتا هەرچی شیعری هەیە
دەبێت بەیەک شووشە عەتر

* قوباد (مەبەستم لە قوباد جەلی زادەی شاعیرە)

هانۆڤەر
٢٠٠٧/٦/٢٧

# زەمانێ بوو ....!!!

دڵم دەکراوە بە تۆ زوو
بەڵام ئێستا بە تەنیامە
تەنیایی داگیری کردوم
لەم ژیانە زۆر بێزارم
ژیانم لێ بووە بە ژەهری مار
دەترسم بمرم جار و بار
هیز و گوڕم تیا نەماوە
خەمی دونیام لە کۆڵناوە
خەڵک زەحمەت دەمناسنەوە
بوومەتە پیری مەیخانە
تەنیا ڕێگایەک شک دەبەم
وەرە دەستەکانت بکە ملم
یان پەت دەکەمە گەردەنم .

هانۆڤەر
٢٠١٦/٧/١٢

# بەزگی برسی و هەناسە ساردی .....!!!

کەسم نەدیوە وەکو کورد ماندی
لە هیچمان کەم نییە ئێمەش میللەتین
بەڵام خۆخۆر و بە بێ خاوەنین
حەیف و مخابن هەر بە بێ کەسین
هەر زیندوو کوشتە و مردو پەرستین
بۆ گیانی یەکیش هەر وەکو کەوین
دوژمنی یەکین و بێگانە پەرستین
لە باکور دەمانگرن و زیندانی دەکرێین
لە باشور بە بێ مووچە و هەر برسی دەکرێین
لە ڕۆژهەڵاتیش هەر لە سێدارە دەدرێین
لە ڕۆژئاواش هەر ئاوارە دەکرێین
لە سەرانسەری دونیاش
تەرەسێکم نەبینی بێتە دەنگ و
پڕ بە دەمی هاوار بکا
بڵێ  ئیتر بەسە
کاتی هاتوە وازبێنن لە کورد.

هانۆڤەر
٢٠١٧/٢/٢٠

# کورسی .....!!!

من ناوم کورسییە
چاوم زۆر برسییە
ئەو وڵاتەم وێران کرد
خەڵکم هەموو بێزار کرد
میللەتم هەمووی برسی کرد
خەڵکم بێ پارە و پول کرد
گەندەڵیم لە وڵات زۆر کرد
بۆ خۆم دەژیم وەک شاهانە
هەژارشی ماڵی وێرانە
زۆر بێزارە لەم ژیانە .

هانۆڤەر
٢٠١٧ /١٢/٨

# زۆر سەرسام بووم بە بینینت .....!!!

بە ڕەنگ و ڕووخساری شیرینت
بە خەندەی سەر لێوەکانت
بە قژ و زولف و پەرچەمی جوانت
عەیامێکە هەر چاوەڕێم
لە شوێنێک بتبینم و بتدوێنم
نەشمزانی تۆ عاشقی
دڵی من وا دەخورپێنی
یەکەم جار بوو کە تۆم بینی
کاتی لێت نزیک بوومەوە
بۆنم کردی هەر زوو زانیم
خەڵکی شارەکەمی بۆیە
ئەوەندە شیرینی .

هانۆڤەر
٢٠١٦/٥/٢٨

# به چی دەچێت .....!!!

ئەگەر هەموو دونیا بکەن
به زێڕ و زیوو
تەنیا بۆ بەرژەوەندی گیرفانی کەسایەتی خۆیان
چۆن شێت نەبم
له حەسرەتا یەخەی خۆم دانەدڕم
که منداڵێ دەبینم
له سەر جاده شت دەفرۆشێ
به چی دەچێت
گەر سەرانسەری وڵات بکەن
به زانکۆی مەدەنی
چۆن شێت نەبم
که گەنجێکی هەرزەکار دەبینم
گیرفانی خاڵییه و دەست له ئەژنۆ دانیشتییه
که نەتوانێ له یەکێ له زانکۆکان
وەکو ئەوانی تر بخوێنێ
به چی دەچێت
چۆن شێت نەبم
به چی دڵم بەم وڵاته خۆش بێ
که یاسای تێدا سەروەر نەبێ
بێ تاوان بخەنه کونجی زیندان و
تاوانباریش له کۆشکی شا دابنیشێ
ئیمرۆ ناحەقی گەنجەکان نییه
به لێشاو ئەم وڵاته به جێدێڵن

یان دەگەنە جێگای مەبەست
یان لە ڕێگا لە ناو دەریای ئیجە
دەبنە خۆراکی قرش و نەهەنگ
چۆن شێت نەبم
ئەوەی هۆشی لە کەلەی بێ
قەت دوای ئەم سەرکردە
دز و جەردانە ناکەوێ
تاوانەکانیان ئەوەندە زۆرن
قەت لەبەر چاوان ون نابن.

هانۆڤەر
٢٠٠٦ /٦/٢٩

## بمنووسەوە.....!!!

به پوخت و جوانی
لەسەر گەڵایەک
با هەر لەبەر چاوان بم
با ون نەبم
با نەوەی نوێش با بمناسن
که من له پێناوی
خاک و نیشتیمان
خوێنم ڕێشت
ئەو نیشتمانەی
هەموو جەستەی پڕی سۆیه
بمنووسەوه به خوێنی
پێشمەرگەیەکی شەهید
تاکو ببم به پاڵەوانی چیرۆکێک
که چۆن جەنگاوم له پێناوی نیشتیمان و نەتەوەکەم
ئێستاش هیچ نیمه و
کەس قەدرم نازانێ و ناگرێ
فیرعەونەکان هەمووی خاوەنی بالەخانەی بەرزن
کەچی من تاکو ئێستا
کرێچیمه و یەک بەسته زەویم نییه
بمنووسەوه به فرمێسکی ڕژاوی
دایکی ئەنفالکراوەکان
وەره برۆنێ بزانه
چ ئازارێکیان
له ناو جەسته و هۆش و بیردایه

ئەم ڕۆژانەیان هەرگیز لە بیر ناچێتەوە
بمنووسەوە بە ڵیکاوی
منداڵە هەژارێکی پێروکە
کە بە بێ سۆز و نازی
دایک و باوکی گەورە دەبێ
ڕۆژانی ئەنفاڵی
تاهەتایێ لە بیر ناچێ
بمنووسەوە بە عارەقەی
پێشمەرگەیەک لە سەنگەرا
خەبات دەکات
لە پێناوی شەرف و خاک و نیشتیمان دەجەنگێ
کەچی مافی پێشیڵکراوە
هەر وەکو کۆیلە سەیر دەکرێ .

هانۆڤەر
٢٠١٥ / ٤ / ١٥

# بڕیارم دا.....!!!

پاش ئەوەی بڕیارم دا
لە قەفەزی کۆیلایەتی ڕزگارم بێ
چیتر دەستەمۆ  نەبم و
وەك داشی دامەی خۆیان هەر بەكار بم
حەزم دەكرد وەكو مینێك
لە ژێر پێ دیكتاتۆریك بمچێنن و بتەقمەوە ...

هانۆڤەر
٢٠١٠/٥/٧

# بروسکەیەك ....!!!

مامە خەمە
لەوەتەی من دەتناسم
تۆ هەر ڕەنگ زەرد و بنێسی
هەر خەمخۆری میللەتێکی
بێ وڵات و بێ سنوری
زۆرت خەم بۆ خواردوە و
زۆریشت لە دڵ دا هەڵگرتووە
بۆیە وا بە ساڵەچووی
ئەگەر یەکێك لە نزیکتەوە
نیگات بکا...
زۆر بە زەحمەت دەتناستەوە
دەزانێ ڕەنگە زەردیەکەی
تۆ چییە...!
هەمووی ئاخ و ئۆفی نیشتمانێکی
بێ سنور و بێ داڵدەیە
ئەو نیشتمانەی...
ئیمرۆ تۆ خەمی بۆ دەخۆی
کردوویانە بە ئۆتۆمۆبیلێك
کەوتۆتە دەست
دوو شوفێری نەزان
هەندێ جاریش کە لە کار دەکەوێ و
دەوەستێ
یەکێك لە پشتەوە پاڵی دەنێ
ئەوی تر لە پێشەوە ڕایدەکێشێ

کەس نازانێ...
کامە ڕێگا دەگرنە بەر و
دەیبەن بۆ کوێ..!!

هانۆڤەر
٢٠١١/١١/١

# بەفر .....!!!

بەفر بەس تەنیا بەهاران
بۆ خۆر دەتوێتەوە
دەبێتە ئاو ......
کەچی من هەموو ڕۆژان
بۆ تۆ دەتوێمەوە ....
دەبمە عاشقێکی بێ ناو ...

هانۆڤەر
٢٠١٤/٣/٢٠

# بەسە ئیتر ....!!!

چیدی درۆ مەکەن
با ڕووتان ڕەش نەبێ
وەکو قیری سەرجادەکان
کەس باوەڕتان پێ ناکا
بانکەکانی دونیا نەماون
لە دۆلار تژی نەکەن
جگە لەوەی پارەکانی ترتان
هەمووی وا لە ژێر زەمین لە سەریەکن
بەسە ئیتر ئێوە شەو و ڕۆژ
لەگەڵ میللەت درۆ دەکەن
نازانم چۆن شەرم ناکەن
چۆن لە ڕووتان دێت
گیرفانی میللەتان
لە جیاتی مووچە پڕ کردوە
لە درۆی زەبەلاح و مەزن .

هانۆڤەر
٢٠١٥/٣/١٨

# بەست ....!!!

کاتی خۆی لە بەستەکەی نزیك ماڵمان
دەچووین بۆ مەلە و خۆمان دەهاویشتە ئاوێ
هەر چەندە ئاوەکەی لێڵ و قوڕاوی بوو
بەلام دڵمان زۆر پێ خۆش بوو
هەر لە ئاقاری ئەم بەستە
لەگەڵ منداڵەنی گەڕەك
بە یەکەوە وەکو برا
دەگەڵ یەك یاریمان دەکرد
جاروباریش لە نیوان خۆمان پێك نەدەهاتین
لەگەڵ یەکتری دەمانکردە شەڕ و هەرا
ئای ئەو سەردەمی چەند خۆش بوو
کەی وەکو ئێستا وا بوو
هەندێك جار چاوشڵکانێ
ناوناوەش کەڵایانێ و پەڵیکانێ
زۆربەی ڕۆژەکانیش گەمەی دوو گۆڵیمان دەکرد
من زۆر حەزم لەم بەستە بوو
چونکە بەردی زۆر جوانی تیا بوو
زۆر جاران بەردمان دەهێنا
بە مەورەدێك لێمان دەدا
دەمانتاش دەمانکردە کەلایەکی بچووك
بۆ یاری کەلەیانێ
زۆر جارانیش هەر لە ناو ئەو بەستە کێلابەردانێمان دەکرد
بەخوای سەردەمێك خۆش بوو

قەت ئەو سەردەمە جارێکی تر ناگەڕێتەوە
بەلام سەد حەیف و مخابن
ئەو بەستەی جاران هەبوو
مافیاکانی ئەم وڵاتە
بۆ بەرژەوەندی گیرفانی خۆیان
ئەویشیان نەهێشت و لە ناو برد
کردیانە بالەخانەی گەورە و
دیمەنی شاریان ناشیرین کرد .

هانۆڤەر
٢٠١٥/١/١٧

## بۆ شێركۆ بێكەس .....!!!

شێركۆ گیان
خەفەت مەخۆ
نیشتمان بێ تۆ
وجاغ كوێر نییە
لە هەر گوند و لادێیەك و
شار و شارۆچكەیەك
شێركۆیەك هەیە
نیشتمانی وەكو چاوی خۆ
لە دوژمنەكەی دەپارێزێ
خەفەت مەخۆ
تۆ نەمردوی
تۆ هەر زیندووی
وەكو ڕووح لە جەستەی
هەریەكەمانە دەژی
ئەوە نییە باغچەكانت
پڕ كردیە لە گوڵە شیعر
دارستانت پڕ كردییە
لە چڕۆی شیعر
شاخەكانت پڕ كردوە لە شۆڕشگێر
هەمیشە ئامادەنە ببنە
چقلی چاوی داگیركەران

هەمووی پێکران
درشت و ورد .

هانۆڤەر
٢٥ /٥/ ٢٠١٥

# بۆ مامۆستا جەمال خەزنەدار ...!!!

پێویست ناکات
لێت بپرسم ئەتۆ کێی
من لە ناخەوە دەتخوێنمەوە
دەزانم تۆ کێی...
عەلی شوون هەڵگری هەولێری
کێ هەیە تۆ نەناسێ
لەوەتی هەی لە ژیانتا بێوچانی
یەک چرکە کات بە فیرۆ نادەی
لە مەیدانی تێدەکۆشی خەبات دەکەی
بۆ بەرەوپێش بردنی بزاڤی ڕۆژنامەگەریی
ئەوەی نەزانێ تۆ کێی...!
یاخوا هەروا گێڵ و نەزان و گەمژە بێ و
هیچ تێنەگە...
هەمیشە هەر کەڕ و لاڵ بێ
ڕۆژنامە و گۆڤارێک
لە هەر کێویەکی دونیا
دەرچوو بێ و شارەوە بێ
تۆ چاوەکانت ڕادارن و
کردوونت بە دووربین و
دەم و دەست دەیاندۆزیتەوە
دەیانخەیتە ناو چوارچێوەی مێژوو
من هەر چیت بۆ بنووسم
هێشتاش کەمە

تۆ ڕۆمانێکی بێ کۆتایی
تۆ داستانێکی پڕاوپڕی
لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی
شەو و ڕۆژ دەست بە کاری
زۆر زرینگ و هۆشیاری
هاوڕێی ڕۆژنامە و گۆڤاری
هزرت وەکو کانیەک تژییە
لە وشە بە تاڵ نابێ
تۆ دەریایەکی لە وشە
هەر بەردەوام دەڕۆی و بێ کۆتایی
شەو و ڕۆژت لێکگرێداوە
یەک خولەیەک ناوەستی
هەمیشە قەڵەم لە دەستی
هەر دەنووسیت تا کۆتایی
هیوادارم هەر بێوەی بی
تەمەنت وەکو چیای سەفین
درێژ بی و تاهەتایێ .

هانۆڤەر
٢٠١٦/٧/١٧

# بۆ ستیڤان شەمزینی .....!!!

هەموو ڕۆژان بە دیار ئازارەکانی
دەتلێتەوە...
بەڵام هەتا بڵێ مرۆڤێکی
زۆر ئارام و ساد و ساکار و خاکییە
دڵی لە لۆکە نەرمترە
وورەی لە شاخ بەرزترە
ئەوە چەندەها ساڵە...
شیرپەنجە لە بەرۆکی نابێتەوە
ئەوە چەند ڕۆژیشە لە وڵاتی غەریبی
لە ئەڵمانیا لە نەخۆشخانە
بێهۆش کەوتییە...
دوور لە کەس و کار و ماڵ و منداڵی
دوور لە سۆزی نیشتمانی
ئێمەش هەموو بە یەکەوە دوعای بۆ دەکەین
بەڵکو خوای مەزن...
شیفای بۆ بنێرێ بە یەکجاری ...

هانۆڤەر
٢٠١٧/٣/١٨

# * بۆ ماری کۆلڤین .....!!!

زەمانێ بوو چاوێکت لە دەست دا
ئیمرۆش بوویە قوربانی
لە پێناوی میللەتێکی بێ ئازادی
ناوت چووە ناو لاپەڕەی مێژوو
بوویە سیمبۆڵی ڕۆژنامەنووسان تاهەتایێ
ناوت قەت لە بیر ناکرێت
وەکو شۆڕشگێرێکی زیندوو
لە سەر زاران هەر دەمێنێ

* ئەم ژنە رۆژنامەنووسێکی ئەمەریکیە لە لایەن رژیمی سوریا چەند سالێک لەمەوبەر لە ساڵی ٢٠١٢/٢/٢٢ خەڵتانی خوێن کرا بووە شەهیدی ڕێگای ئازادی .

هانۆڤەر
٢٠١٠/١٠/ ٢٩

# بۆ ئایلان .....!!!

له دوێنێوه كه تۆم بینی
ببوویه مانشیتی ڕۆژنامەکانی دونیا
وامزانی له کەناری دەریا
له ناو لما ڕاکشاوی و یاری دەکەی
نەمزانی زۆر مخابن
دەریای نەفرەت مەرگی لێستاندی
له دوێنێوه كه تۆم بینی
له ڕاسته تۆ سام گرتوومی
هەموو گیانم لێ سڕ بووه
دەستم قەڵەمی لێ ون بووه
هەر چی بنووسم بۆ تۆ
تۆ له مانه گەورەتری
له ڕاسته تۆ هەر زۆر کەمه ...

هانۆڤەر
٢٠١٥/٩/٤

# بۆ شیلان خان...!!!

ئەی پەریەکەی ئێزیدیخان
تۆ گوڵێک بووی
لێنەگەران ئەم بەهارە بپشکوی
وەک ڕەشەبا بە سەرتدا هەڵیان کرد و
هەڵیانوەڕاندی
هەزار حەیف و مخابن
بوویە قوربانی کەلتوری ناکەس بەچان
بە بێ گووناح خوێنیان ڕێشتی
تۆ مرۆڤێکی پاک و بێ گەرد بووی
بڕوا دەکەم تۆ ئێستا
پەپوولەیەکی لە ناو باغی بەهەشتی .

هانۆڤەر
٢٠١٥/٣/ ٢٥

# بیست و پێنج ساڵە ....!!!

نەك تەنیا گوێچکەکانمان
گیرفانیشمان پڕ بووە
لە درۆیەکانی  بەرپرسە شاخدارەکان
بەس تەنیا لە شانزەی سێ
هەڵەبجەیان وەبیر دێ
هەر چی بەڵێنیان هەیە دەیبێژن
لەبەر دەمی مایکرۆفۆنە سەرزلەکان
بەڵام بەڵێنەکانیان
 لە پڕ لە چاوقوچانێکدا
وەکو بلقەکانی سەر ئاو
لەبەر چاوان ون دەبن...

هانۆڤەر
٢٠١٣/٣/١٧

# بێدەنگ نابین !!!

خوێنی مرۆڤ زۆر بەنرخە
هەرگیز بە پارە بەراورد ناکرێ
هەر دڵۆپە خوێنەک لە جەستەمان برژێ
لێناگەرێن بە فیرۆبچێ
لەوەتی هەین خوێنمان دەرژێ
تاکو ئێستا ....
تەرەسێکم نەدیت لێمان بپرسێ
ئێمە میللەتێکی بێ خاوەنین
ئەوەی هەنوکە خۆی کردۆتە خاوەنمان
دزێکی زۆر نەقۆرایە ...
کۆمەڵێک دز دەوری داوە ...
مافیایەکە و تاکی نییە ...
هەموو وڵاتی کردۆتە قەڵەمێک
لە سەر گیرفانی داناوە ...
ئەو کێخوایە خەڵکیش وەک کۆیلە دەوریداوە .

هانۆڤەر
٢٠١٥/١٢/٢٠

# بۆ ئەنگێلا مێرکل ......!!!

تۆ وا هێدی هێدی
سیما و ڕەزای خۆت ناشیرن دەکەی و کرد
چونکە بە بەرچاوی دونیا
وا زوڵم و زۆرداری لە کورد دەکەن
کەچی تۆ ئاورێکت لە کورد نەدایەوە
بە هیچ شێوەیەک پشتگیریت لێنەکرد
تۆ وەکو بەرازێک چاوی خۆت قوچاند
سەری خۆت شۆرکرد
ئەگەر تورکیا سواریشتان بێت
بڕوا ناکەم هیچ کەستان
نوقەتان لە دەم دەربێ
من پێشتر ناوم لێنای
خاتوونەکەی ئەڵمانیا
بەڵام ئێستاکە پێت دەڵێم
بڕۆ ونبە لەبەر چاوم
هەی بەرەڵا و بێحەیا.

هانۆڤەر
٢٠١٨ /٢/١٧

# بەسە چیتر مەمگریێنە ...!!!

فرمێسکم لە چاوان مەینە
دڵم چیتر بەرگە ناگرێ
پڕە لە خەمی ئەم سەردەمە
ڕۆژانە خوێنی لێ دەتکێ
هەر وەکوو بێژینگ کون کونە .

هانۆڤەر
٢٠١٥/١١/٢٠

# بەس ئەم جارە ....!!!

وەرە خەونم
ئەی بیبیلەی چاوەکانم
وەرە فرمێسکی چاوەکانت دەسڕم
کە لە دوای دابڕان هەڵتڕێشتوون
کچێ بڕوام پێ بکە
من لە دیدەن و خەندە و
ماچی گەردەنت تێر نابم
دەوەرە زووکە وەرە
دڵم مەشکێنە توخوا
با لێت زوێر نەبم
هەتا لە ژیاندا ماوم .

هانۆڤەر
٢٠١٥/ ٩/٣٠

# پاپـــــــــــــــــــا ....!!!

هەی گێڵ هەی نەفام هەی قاڵتاغ
هەی شیاکەکەی ناو گوفەکان
هەی نەعلەکەی
ناو حەمامی ڤاتیکان
ئەگەر تۆزێک
شەرەف و ئەخلاق و ویژدانت هەبووایە
دەستت نەدەخستە ناو دەستی کەردۆگان
ڕسوا و نەفرەتت دەکرد
وەکو هەموو دیکتاتۆرەکانی جیهان
ئەوەی ماچت کرد
سەری نەبوو
بەڵکو شەویلاکی تیمساحێکی کرمی بوو
ئەوەی ماچت کرد
سەر نەبوو
پاشەڵی کەمتیارێکی گڕوو بوو
ئەوە ماچت کرد
سەر نەبوو
بەڵکو سەری بەرازێکی تۆپی بوو
ئەوەی ماچت کرد
سەر نەبوو
بەڵکو پێڵاوی دڕاوی
پێی کرێکارێکی ماندوو بوو
ئەوەی ماچت کرد

سەر نەبوو
بەڵکو ناو گەڵی قەحپەیەکی
بەڕەڵای تورک بوو.

هانۆڤەر
٢٠١٨/٢/٦

# بەفر ......!!!

دوێنێ بەفر
نەخۆش بوو سەرمای بوو بوو
هەموو گیانی داهێزرا بوو
لەشی وەکو چۆڵەکەی بەرباران دەلەرزی
هەڵامەتی هەبوو
ئاو لە لووتی چک نەدەبوو
دوو لیفی ئەستورم پێدادا
کەچی لەشی هەر دەلەرزی و
هەر سەرمای بوو
~ ~ ~ ~ ~
ئیمرۆ بەیانی
بەفر لە خەو هەڵسا
چووە پێش ئاوێنە
دەم و چاوی خۆی بشوا
بینی سەری هەمووی سپی بووە
هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و
قەهری زۆر خوارد
وتی : پیر نیم
خۆ من هێشتا هەر گەنجم
بۆچی سەرم سپی بووە
لە خەفەتان دەستی کرد بە گریان
فرمێسکی لە چاوان ڕژا
منیش زۆر بەزەیم پێداهاتەوە

دەسرۆکێکم داپێ
فرمێسکی پێ لە چاوان بسڕی
کەچی لە سەری خۆی بەستا
تا قژە سپیەکەی پێداپۆشی.

هانۆڤەر
٢٠١٦/١/٦

# پەنابەر...!!!

من نیشتمانێک جێدەهێڵم
هەر لە وێش لە دایک بووم
کەچی تاکو ئێستاش
هاوڵاتی نمرە دووم
لە هەموو شتێک بێبەشم
دڵم چ بەم نیشتمانە خۆش بێت
هەموویان هەراج و تاڵان کرد
هەر فەرخە فیرعەونێک دەبینی
بە سەروەتی ئەم نیشتمانە
لاف و گەزاف لێدەدا
بوویتە ملیۆنێری ئەم سەردەمە
دەڕۆم و ئەم نیشتیمانە
بۆ ئەوان جێدەهێڵم
ئەوانەی گەورەترین دزن
لەم وڵاتە کاوڵبووە
نەک تەنیا ڕووخساریان
سیبەری تارمایەکەشیان
لەبەر چاوی خەڵک ناشیرین بووە
دەڕۆم و خۆ دەشزانم
ناگەمە جێگای مەبەست
لەڕێگادا دەکەومە ناو دەریای ئیجە و دەخنکێم و
تەرمەکەشم دەبێتە خۆراکی قرشە چاوچنۆکەکان
کە هەرگیزا و هەرگیز تیر نابن

تاكو ئێستا بە هەزارا تەرمی ئەو گەنجە خیر لەخۆنەدیوانەیان
هەرلووشیوە...
خۆ ئەگەر دەربازیش بم نەخنكێم
وڵاتك دەمگرێتە خۆی
دەبمە پەناهەندە
غەریبی ئەوەندە برسییە
دەمكاتە پاروەوە نانێک و قووتم دەدا
یان بە یەكجاری ون دەبم
نە خۆم پێ دەدۆزرێتەوە
نە كەس دەتوانێت بمدۆزێتەوە .

هانۆڤەر
٢٠١٥/٧/٢٧

# پیرەژنێکی سواڵکەر .....!!!

زۆری برسیبوو
زگی لەبرسان هەڵدەکوشی
لە ناوبازار لایدا لای نانەوایەک
نانێکی لێ بدزی
پیاوەکە چاوی لێ نەبوو
نانێکی هەڵگرتوو خستییە
ناو تورەگەکەی دەستی
یەکێک لە نزیکەوە پێ وت
ئەو نانەی دزیوتە داینێوە
ئەویش وتی من لە برسانە دزیومە
بەخوا گیرفانم بەتاڵە و
یەک دیناری تیا نییە
ئەی بۆچی لەم وڵاتە وێرانەیمە
کەسێ نییە بێتە گۆ
بە ڕۆژی ڕۆناک بە تەنکەر
نەوت دەدزن...
هەمووی یەک بە دوای یەک دەوەستن
دەرێی دیواری چینن
کەس نازانێ بۆ کوێی دەیبەن
بۆ کوێ دەچێ
پارەکەشی دەچێتە گیرفانی کێ .

هانۆڤەر
٢٠١٧/١٠/١٨

# پێبکەنە....!!!

پێبکەنە با دونیاش لەگەڵتا پێبکەنێ
بەڵکو گریان لە داخا
ڕۆژێ لە ناوەڕاستیماڵەکەیا
پەتێ بەخاتە ملی و خۆی هەڵواسێ
تا پێت دەکرێ پێبکەنە
ئێمەش لەگەڵتا پێدەکەنین
تا خەمەکانی دوێنێ و پێرێ خواردومانە
هەمووممان بە تەواوی لە بیر بچێ
پێبکەنە ، پێکەنین دەرمانە بۆ لەش
گەر ڕۆژێک پێنەکەنی
ئەو ڕۆژەت لە کیس دەچێ
پێبکەنە هەتا دونیا ماوە
دەنا ڕەنگ و ڕووخساری گەنجیت نامێنێ
تووشی دەردە پیری دەبێ .

هانۆڤەر
٢٠١٥/١٢/٦

# پەیکەر....!!!

له پایتەختی شارە
له کوچه و کۆڵان و سەرجادە و مزگەت و دیوەخانە
کەسێ نییە بێتە گۆ
بڵێ ئەی دەستەڵات
ئەگەر دەستی ڕەش و چەپەڵی تاوانی ئێوە نەبێ
ئەدی بۆچی لاریتان هەیە
له دانانی پەیکەری
ئەم شەهیدە شۆڕشگێرە و قارەمانە .

هانۆڤەر
٢٠١١/٣/٢٤

# تا سێبەری ئەوان مابێ .....!!!

درەختەکان قەد شین نابن و بەری ناگرن
تا ئەوان هەوری ئاسمان بن
ئەم وڵاتە هەر تاریکە و
خۆری قەت لێ دەرناکەوێ
تا ئەوان خاوەنی ئەم خاکە بن
ئەم وڵاتە هەر وێران و وێڕان دەبیت
چارەنووسی قەت دیار نابێ .

هانۆڤەر
٢٠١١/١٠/١٠

# تا چاو کز دەبێت لە دیتنی تۆ...!!!

تا دڵ پڕ دەبێت لە هەنسکی تۆ
من هەرگیزا و هەرگیز ناژیم بە بێ تۆ
ئەوە چەند ساڵە لە من دووری تۆ
جەرگ و هەناوم پڕ بووە لە سۆ
دەست هەڵناگرم لە باڵاکەی تۆ
ئەگەر مردیشم هەر بۆ منی تۆ
سوورە گوڵەکەی باغەکەی هەڵشۆ
بۆنت خۆشترە لە گوڵی هێرۆ
دڵم دەکەمە قیبلە و نیگای تۆ
تا هەمیشە ببێتە جێی حەشارگەی تۆ .

هانۆڤەر
٢٠١٨/٤/٢٣

# پەیامێك......!!!

دوێنێ شەو...
لە شیرینی خەو بووم
زەردەشتم لە خەو بینی
جلوبەرگێکی سپی پۆشیبوو
لە ناو باغێک....
لەسەر کورسیەکی سپی دانیشتبوو
قەڵەمێکی سپی لە دەست بوو
بە ڕەنگێکی سپی لە سەر
پارچە پەڕۆکێکی ڕەش
شعیرێکی تازەی دەنووسی
کە لێ نیزیک بوومەوە
هەواڵم پرسی.....
پێ وتم ئەم پەیامەم بگەێینە
نامەوێ چیتر یادم بکرێ
ئیمرۆ یادم دەکرێ
ڕۆژێکی تر بەیانی زوو لە بیر دەکرێ
با ئەوانەی خوێنی منیان ڕێشت
منیان خەڵتانی خوێن کرد
با نەهێڵن چیتر
بە ئازادانە بگەڕین
با بیاندنە دادگا و

با بکرێتە ملیان
پەتی یاسا ...

هانۆڤەر
٢٠١٥/٥/٤

# چاوەکانت ....!!!

وەکو گوڵێك...
دەمیان بۆ ماچی خۆرەتاو کردۆتەوە
زۆر لە مێژە برینێکی کۆنت
لە جەستە دایە...
ئەو برینەش بە ئاسانی سارێژ نابێت
چونکە تێنووی ئازادیە...
تا هەور بەری ئاسمانی گرتبێ
خۆری ئازادی...
لە وڵاتی ئێمە هەڵنایێ
دەبێت چاوەکانت وەکو ئەو گوڵە
هەر چاوەڕێی تیشکی ئازادی و
ماچی دەمی خۆرەتاو بێ ...

هەولێر
٢٠٠٨/١/١٠

# چاوەڕێتم .....!!!

هەتا دەمرم چاوەڕێتم
نامەوێ لە سۆزی تۆ بێبەشبم
ئەگەر نەشگەڕایتەوە
ئەو ڕێبازەی تۆ گرتووتە زۆر پیرۆزە
منیش هەمان ڕێبازی تۆ دەگرم
لە ترس و تۆقاندن باکم نییە
ئەگەر لە پێناویشیدا بمرم .

هانۆڤەر
٢٠١١/٥/٢٩

# جەژنی نەورۆز ....!!!

جەژنی نەوڕۆزیش لە تۆ پیرۆز بێت
وەک گوڵی نێرگز لە دوور بۆنی بێت
با خەمی دونیا لە دڵ دەربکەین
نەورۆزی کوردی سەرفراز بکەن
ئاگری نەورۆز بە خوێن جۆش بدەین
تا دوژمنانمان چاویان کوێر ببێ و
هەتا ڕوورەش بن ...

هانۆڤەر
٢٠١٨ /٣/٢٠

# حەیفە بۆ ئەم میللەتە ...!!!

زۆری بە جارێ بوویتە گەمژە
بوویتە کۆیلە ...
هەر چییەک ڕووبدا
نایێنە گۆ...
کەسیش نوقەی لە دەم دەرنایێ
ڕۆژانە تاوان دەکرێ
جادەکان بە خوێن سوور دەکرێن
بە ڕۆژی ڕوناک
تاوانباران لەبەر چاوان ون دەبن
یاسا کەی لە وڵاتی ئێمە
سەروەرە و ڕێزی لێ دەگرن
تاکو ئێستا نەمبینیوە
بکوژێک لە سەر تاوان
دادگای بکرێ و تۆڵەی لێ بسێنن .

هانۆڤەر
٢٠١٧/٩/٢٠

# چاوی غوربەت....!!!

چاوی غوربەت زۆر دەمێکە
مەیلی گریانی هەیە
گەر دڵم یەك تۆزقاڵ خۆش نەبێ
ئیتر خەندەم بۆ چییە
بۆ نیشتمانێك دەگرییێم
ئیمرۆ پڕی کۆیلەیە
تا ئەم دزانە ڕێبەر بن
نیشتمانم وێرانەیە
قوڕبەسەری ئەم میللەتەی
هیوای بەم ژیانە خۆشە
خەڵك بە کۆڵەمەرگی دەژی
ئەوانیش ژیانیان شاهانەیە .

هانۆڤەر
٢٠١١ /٩/٢

# چیمان هەبوو ....!!!

چیمان هەبوو
چیمان نەبوو
لە چیمان کەمبوو
ئەو شۆڕشە کوردیەی
ساڵی ١٩٧٤ بە یەک ترِ و فسی
فسۆس پاڵەوان لە ناو چوو
ناوەکەیان گۆڕی بۆ ئاش بە تاڵ و
چووە ناو لاپەڕەی مێژوو .

هانۆڤەر
٢٠١٤/٤/٢٢

# چۆڵەکە ....!!!

ئەی چۆڵەکەی ئاقاری
بۆ وا لە من دەڕوانی
خۆ منیش وەك تۆ غەریبم
لە نیشتمانم دوورم
هەر کاتێ بیری دەکەم
فرمێسکی بۆ دەڕێژم
حەز دەکەم وەك تۆ بفڕم
ئەو ناوە بە جێبێڵم
بڕۆمەوە بۆ نیشتمان
مەفتەنی باو و باپیرمان.

هانۆڤەر
٢٠١٦/١٢/٢٦

# چاوەڕوانی ....!!!

هەژدە ساڵە تۆ لێم ونی و
دڵم بێ تۆ ئۆقرە ناگرێ
هەر کەئابەی دووری تۆیە
بە هەزاران کراسی بێزاریم دادڕی
دەپێم بڵێ...
گەرووی کامە ئۆقیانووسێ کپی کردی
بەرزی تەلاری کام شارێ هێزی عیشقی لە بیر بردی
لە کەناری چ دەریایەک پشووت داوە
زولفی تاتات لەپەنجەی کێ وەریناوە
هەر تۆ نەبووی پێت دەگووتم
یەک چرکەیەک لە تۆ دوور بم
دوا هەناسەی ژینم دەبێ ..!!
ئەی نەت دەگووت...
گەر بێ تۆ بم ...
هیواکانم نەزۆک دەبن و
خەندەی لێوم هەتیوو دەبێ
لە بیرت چوو پێت دەگووتم
لەگەڵ یەکا ئاوێتەین و
گوایە دڵمان بە نیوە بوو
دەتگووت تەنها جمک نین و
بە یەکەوە نەنووساوین
دەنا یەک کەس و دوو ناووین
پێت دەگووتم تۆ دیار نەبی

کوێراییم دێ
من واتە تۆ، تۆش واتای من دەگەیەنێ
گوایە چاوم بیناییت بوو
دەتگووت ئەگەر تۆ لێم بمری
جەستەی منیش مۆمیا دەبێ
گوایە ڕووحمان بە نیوە بوو
ئەی چیت لێ هات...
بۆ دیار نەمای...
بووی بە پێکی چ دەست پیسێ
بێ ڕەحمانە دەتخواتەوە
بێهۆش کەوتی...
هەستی عیشقی کوردایەتیت
لە سفرەوە دەشواتەوە
دە وەرەوە ئەگەر ماوی
من پێوەری خۆشەویستیم
دیسان سفر دەکەمەوە
خەتای تۆش بێت...
لێت خۆش دەبم...
بەس ئەم جارە بۆم وەرەوە
زۆر دەترسم...
تۆش یەکێک بیت...
لەو هەژدە کچە فرۆشراوانەی
ساڵی ئەنفال ...
ئەگەر وابێ...
دڵنیابە ناتبینمەوە...
گەر بە تەمای ، سەرکردەی کورد

له پێناوتان خۆیان بکەن
وێڵ وعەوداڵ...؟
واخەریکی گەندەڵینە و مەی دەنۆشن
قیڕووسییا لەو هەژدەیە و گەر زیاترو ،
کوردستانیشمان نەفرۆشن... !!

هانۆڤەر
٢٠٠٦/٤/٢٢

# بۆ ئۆردۆگان .....!!!

هەی ڕوو ڕەشی قۆچ هاتی
تۆ ڕێزی قورعانت نەگرت
میللەتێکت ئاوارە کرد
بمری چاکترە لە ژین
هەی گەمبۆری چکمە شین .

هانۆڤەر
٢٠١٧/١٠/١٦

# بۆ ئەنگێلا مێرکل ....!!!

تۆش بە پێکێکی شەرابەوە
فرمێسکی چاوی دایکانت سڕیەوە
ئاوارەکانت لە باوەش گرت
هەزار جاران ئافەرین
تۆ بەختەوەری لە ژین
ئەی شاژنەکەی بەرلین .

هانۆڤەر
٢٠١٧/٥/٢٤

# چاوی چاوانم .......!!!

چاوی چاوانم چاوی چاوانی تۆی دەوێ
وەرە ڕووحی شیرینم
با یەکجار بتکەم بە بوکی شەوێ
نازت دەکێشم هەتاکو ئەو ڕۆژەی دەمرم
هەرگیز بێبەشت ناکەم
لە ماچەکەی ناو دەمم .

هانۆڤەر
٢٠١٨/٩/١٥

# حەزم لێیە ....!!!

حەزم لێیە دڵم لێیە
حەزم لە قوزی بێ دەرپێ و
حەزم لە مەمکی بێ ستیان و
قیت و خرو و نەرم و نۆڵ و
سمتی خرو و توندوتۆڵە
حەزم لە ماچی بەیانیان و
گانی درەنگانی شەوانە
حەزم لە کچی سەر کانییە
چونکە بۆ ماچ زۆر تێنییە
حەزم لە کچی باڵابەرزە و
باریکەلە و ناو قەد تەنگە
حەزم لە کچی سەر جادەیە
لە ڕۆیشتن زۆر بە لەنجەیە
حەزم لە کچێکی دۆمە
چونکە ڕەشتاڵەیە وەکو خۆمە
حەزم لە کچی ئەملۆدەیە
چونکە تەنورەکە کورتە لە سەر چۆکە
حەزم لە کچی سەرەڕێیە
ماچی شیرینە وەك ترێیە
حەزم لێیە
حەزم زۆر لە ترێیە

حەزم لە مۆز و خۆخ و هەرمێیە
حەزم لە ماچی کوڵمەی خەجێیە .

هانۆڤەر
٢٠١٥/١/١٤

# چەوساوەکان ....!!!

هەر کاتێ ڕژانە سەر شەقام
چاونەترس و جەربەزە بن
لە هیچ شتێك سڵ نەکەن
بەرد باوێژن بۆ ئەوانەی
پیاوکوژ و تاوانباریان داڵدەداوە...
یاسایان پێشێل کردوە
بە ڕۆژی ڕۆناك
سامانی میللەت بە هەدەر دەدەن و دەدزن
وڵاتیان لە سەر خۆیان تاپۆ کردوە
کردویانە بە پارووە نانێك
تەنیا بۆ خۆیان و کاسەلێسان
تا پێتان دەکرێ ڕسوایانکەن
وەکو هەموو دیکتاتۆرە خوێن ڕێژەکان...

هانۆڤەر
٢٠١١/٢/٢٧

# خۆزگە ....!!!

خۆزگە ئەم ڕۆژەم دیبا
هەتاکو نەمردومە
ئێمەش بالوێزخانەمان هەبایە
لە هەموو وڵاتێکا
لە بارەگای وڵاتەیەکگرتووەکانیش
ئاڵاکەمان شەکاوە با
ئەوسا دوژمنان
بە بێ خەفەت کوێر دەبوون
کاتێ ئەو ڕۆژەیان دیبا .

هانۆڤەر
٢٠١٥/١/١٩

# خەجێ .....!!!

١- عاشق بوو لە سیپانێ
لە پێناوی خۆشەویستی سەری نایەوە
هەر لەوێ ماڵئاوایی کرد
لە دونیای فانی
بووە چیرۆکێکی خۆشەویستی
لە ناو کوردەواری
٢- خەجێ
شێرە ژنەکەی قەلا و منارە
شۆڕشگێر بوو ژنە شەهید بوو
داخ لە دڵ بوو
چقلی چاوی دوژمنان بوو
بەعسی بەزێن بوو
پێشەنگی ڕاپەرین بوو
لە ڕاپەرین لە سەنگەر بوو
تا دوا دڵۆپێ خوێن کۆڵینەدا
تا شەهید بوو...

هانۆڤەر
٢٠١٥/٣/١٢

# خرنووك ....!!!

نازانم بۆ...
زیاد لەو هەموو جێیە
لەم دەشتە چۆڵ و هۆڵە
سەرم هەڵدا...
بێ باران و وشکەڵانە
چاوەڕێی دلۆپەکانی بارانم
قورگی وشک بووم و تێنوەتیم تەرکا
ئەوە ئەم وەرزەش هەر تێپەری
هەر وشکەڵان و بێ بارانە
ئەو بارانەی من دەمەوێ
نازانم کەی دەبارێ
تا ئازار لە جەستەمان
کەم کاتەوە و
خەم و خەفەت
لە دەڕووئمان بشواتەوە و
شادی بۆ خەڵک بێنێ .

هانۆڤەر
٢٠١٥/٤/٢٥

# خەیاڵەکانی سەرۆك .....!!!

چی دەڵێن بڵێن
بەلای منەوە هیچ گرینگ نییە
با هەر تاکڕەو بم
با هەر من دز بم
با هەر گەندەڵ بم
گەر وڵاتیش هەمووی قووت بدەم
قەت تێریش نابم
ئەو کورسییەی لە ژێریشمە
زۆر توند گرتوومە و قەت بەرینادەم
دوای خۆشم بە جێدەهێڵم بۆ کوڕەکانم .

هانۆڤەر
٢٠١٧/٧/٢٥

# خەمەكانی غوربەت ..!!!

١ - لە بیرمە ڕۆژێك دایكم پێ وتم
كوڕم لە ماڵ دوورمەكەوە
غوربەت زامێكی غەدارە
هەموو چركەیێ هەر بەژان
لە ناخت دایە نیشتمان
ڕۆژێك دێ دێتەوە ئێرە
دەبینی خاك دوڕ و زێرە
★★★★★★★★
٢ - نیشتمانم بریندارە
قەڵ و داڵ هاتنە ئەم شارە
ئای چۆن گەمارۆیان داوە
چوار گورگن دەمیان تێناوە
لە نێو خۆشدا شەڕ دەكۆشن
چۆنیان بوێ دەیفرۆشن
★★★★★★★★★★★★★★
٣ - لەوەتی من نیشتمانم جێهێشتووە
هەر نەزیفە و هەر خوێنی لێ ڕۆیشتووە
كانی چاوی كز كردوە
ئاپۆرەشیان خێل كردوە
ئەو ، ڕەش بە سپی دەبینی
هەر نەبڕایەوە ئەم ئاشە
خەڵكیان چۆن كردوە چەواشە
وا شێواوە ، كاتی تاك
لەبەر ئاوێنە لە پرسا

خۆی دەبینێ ..
نەک هەر تەنیا ، تا زەندەقی
لە سێبەری خۆشی دەچێ.
چۆن دێتە لەرزین لە ترسا
★★★★★★★★★★★★★★
نیشتمانم وەک منداڵێکی ساوایە
بە دەست کێوە
هەناوی پڕ بەکتریایە
نازانم بۆ...
بەکتریا بۆچی فێر نابێ
شیرە خۆرەیە تێر نابێ
خوایە لە کوێ
حەکیمێ بێ لەم دونیایە
بە هەتوانێ
بنبڕکە ئەم بەکتریایە .

هانۆڤەر
٢٠١٤/٤/١١

# دڵم کیشوەری خەمانە ....!!!

وڵاتێکە بێ سنورە
هەڵۆیەکان هەر کێ بیەوێ وەکو داڵ و
چڕنووکی لێگیر دەکا
هەر چییەکی چەنگ کەوێ فتی دەکا
دەفتەرێکە پڕی شیعر و پەخشانە
دڵم ئاوێنەی ڕۆژگارە
دڵم نەرمە وەك ئاوریشمە و فیستانە
دڵم باغ و بێستانە
دڵم کانی ناو مێرگانە
دڵم بەرگەی هەموو شتێك دەگرێت
زۆر گەورەیە و فراوانە
هەر وەکو ڕووباری سیروانە
هەندێ جاریش یاخی دەبێت
سەر شێتانە بە هیچ کەسێ داناکەسێ
ڕکە دەگرێت و دەغەزریت
وەکو منداڵێکی چەتوون وایە
ژیر نابێتەوە بە سانایی
هەتا تێر نەگریێ و
فرمێسك لە چاوی هەڵنەڕێژێ
جا هێدی هێدی دەبێتەوە
مرۆڤە ئاسیایەکەی جاران و
پڕ بە دەنگی پێدەکەنێ
خەڵکیش وادەزانن شێتە

منداڵیش لە کۆڵانان بە کوچکەبەردان دوای دەکەون
کاتێ کە قسەش دەکات
کەس نییە شان لە شانی بدا لە زیرەکی
هەموو کەس ئیرەی پێ دەبا
بیر و هزری هەر لە فەیلەسوف دەچێ
هەگبەکانی لە جیاتی پارە
پڕن لە خەمی میللەتی ...

هانۆڤەر
٢٠١٤/٣/١٧

# باران...!!!

دەی ببارە .. ببارە
بەلام .. نم نم
نەکا دەنگی گریانەکانم...
لەبەر دەنگی هەورەتریشە و گرمە گرمی هاتنتا،
لە پێس چاوان ون بن...
ببارە بێوەچان ...
تا بڕوا بکەم کە تەنیا نیم و
تۆش لە من تەنیاتری و دڵتەنگتری ،
بەڵام چاک بیزانە
دڵتەنگی تۆ...
لە کوێ و دڵتەنگی من لە کوێ
جیاوازی ئاسمان و ڕێسمانە ...

هانۆڤەر
٢٠٢١/٢/٢٨

# خەم .....!!!

من و خەم لەگەڵ یەکتر
قەد هەڵناکەین
ساڵێ دووانزە مانگ هەر شەڕ دەکەین
ڕۆژ نییە بۆڵە بۆڵی لێ هەڵنەستێ
ڕۆژ نییە من تورە و بێزار نەکا
هەر ڕۆژێک پڕی دڵم
خەفەتێکی تازە نەکا
ڕۆژ نییە بەرۆکی نەگرم و
دەستی نەخەمە هەوکێ
ڕۆژێک نەبوو تەبابین و
وەکوو هاوڕێ دابنیشین
ڕۆژ نییە من گڵەیم لێ نەبێ
خۆزگەم دەخواست ماڵەکەم بۆ جبهێڵێ
ڕۆژێک بڕیاری دا بڕوا
کەچی هەر ماوە و نەرۆیی
وەکوو شێتێکی لێ هاتبوو
ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هارتر دەبوو
ڕۆژی گووتی ئەوە بە یەکجاری دەرۆم
کە بیستم زۆر دڵ خۆش بووم ،
کەچی هێشتا لە ناو ماڵەکەدا بوو
فەرتەنەیەکە نایەوە
خۆی وەکو بۆمبا تەقاندەوە
خەمی دونیایی لە من کۆکردەوە ...

هانۆڤەر
٢٠١٧/١٢/٨

# خۆزگە مرۆڤیش باڵندەیەك دەبوو ....!!!

نە پێویستی بە جلێک دەبوو لە بەریان بکە
نە پێویستی بە پێڵاو دەبوو لە پێیان بکە
نە خەمی دونیا هەڵگرێ بیکاتە کۆڵی
نە پێویستی پێ بوو خواردن بۆ خۆی ئامادە بکە
نە پێویستی بە پارە دەبوو بۆ بژێوی ژیان
نە ئەوەندە هیلاک و ماندووش دەبوو
وەک زەحمەتکێشان
تەنیا دوو باڵی هەبوو
بە ئارەزووی خۆی
بفڕێ لە ئاسمان ...

هانۆڤەر
٢٠١٨/٣/٤

# دیموکراسی ....!!!

تۆ چەند جوانی
هەمیشە لە سەر زارانی
تۆ ئاشتیت خۆش دەوێ و
دۆستی ئاشتیخوازانی
تا ئێستا نەمزانییە
بە چەك داکۆکیت لێ بکرێ
مەگەر تەنیا دوێنێ شەوێ
ئەو پەرلەمانتارەی خۆی گەوجاند
دیموکراسی ئەتککرد
لە شارەکەی سلێمانی ...

هانۆڤەر
٢٠١٤/٤/٢٠

# دوو بولبول .....!!!

دوو بولبولی بچکۆڵە و جوان
بوونە هاوڕێی یەکتری لە ناو باغان
هەر دووکیان لە ناو عەشق توانەوە
وەکوو لاولاوە تێکئاڵان
بوونە پەروانە و لە ناخەوە سووتان
فڕین و دەسووڕانەوە لە ئاسمان
دوای ئەوە زۆر هیلاك و ماندوو بوون
هاتن لە سەر ترۆپکی چیایێك هەڵنیشتن
یەکسەر ئامێزیان لە یەکتر کرد و
دەستیان کرد بە ماچ و مووچ
یەکێکیان لە خۆشیانە مرد
ئەوەکەیتریان ڕەشیپۆشی
بە گوڕ گریا و شینی بۆ کرد .

هانۆڤەر
٢٠١١/٦/٢٠

# دەمامکە ڕەشەکان ....!!!

دەنگیان لە هەر کوێ بێت
ناسراون...
خەڵکی یەك گوند و یەك شارن
هەموویان لە یەك شوێن کۆدەبنەوە
خاوەنی کۆشك و تەلارن
میللەت لە دەستیان بێزارە
هەموو ڕۆژێ وەکوو شەیتان
نەفرەت دەکرێن
دەست لە هەموو شتێك وەردەدەن
بوونەتە گۆڕهەڵکەنە
لە کوێ بۆنی نەوتی لێ بێ
لەوێ بارگەی خۆیان هەڵ دەدەن
سینگی زەوی هەڵ دەدڕن
یەك تۆزقاڵ زەمیریان نییە
دڵیان ڕەش بووە وەکو قیر
زگیان ناسوتێ بە فەقیر
کەس نییە نەیان ناسێ
بۆیە ڕووی خۆیان پۆشیوە
دەمامکیان داوە
کەسیش چەهرەیانی ناوێت
ڕوویان ڕەش بووە وەك قەتران
نەوت دەنێرن بۆ هەندەران

دەیفرۆشن بە هەرزان
پارەکەش دەچێتە گیرفانی بەرپرسەکان
هەموو کەس لێیان بێزارە
ڕۆژێك دەردەکرێن لەم شارە
زوڵم ناخۆشە بەری تاڵە
دەبێت ببنە عیبرەت
بۆ ئەم جارە
نەفرەت بکرێن لەم شارە
دەبن بە پەندی زەمانە ...

هانۆڤەر
٢٠١٦/٤/١٦

# داعشی ....!!!

دەستیان هەر وەکو تەورە
هەناویان پڕە لە مۆرانە
زۆر پیس و ئاوەگرن
بە هەموو ئاوی دونیا بییانشۆرن پاک نابنەوە
سەرەتانن تاعونن
مرۆڤی لە هەر کوێ بگرن سەری گۆشاوگۆش دەبڕن
سەرپۆشیان بەسەر خەڵک سەپاندوە هەر وەکو ئیسلام
ئەوەی ئیسلام پێشان دەیکرد
ئەوانیش وا دووبارەی دەکەنەوە
سەری یەك قاپ و مەنجەڵن
لە یەك کانی هەڵقوڵاون
زۆربەیان لە بیابانەکان هاتوون
بێ پێڵاو بێ کەوش و پێ پەتی
دەڵێی کوڕی یەك گەڕەکن
ڕیشیان درێژە پڕی ئەسپێ
کە دەتۆپن
بۆنی لەشیان لە کەلەشی کەری تۆپی دەچێ
شمشێری دەستیان پان و درێژە وەك هەسان
دەست لە کەس ناپارێزن
ئەوەی بیگرن
چ بچووك بێت چ گەورە
چ منداڵ بێت یاخود پیر

سەری گۆشاوگۆش دەبڕن
ئەمن دوعایەکی دەکەم
ئێوە هەمووی بڵێن ئامین
خوا بیانسڕێتەوە
لە ناو فەرهەنگی ئەم دونیایە .

هانۆڤەر
٢٠١٥/١/٣

## دڵەکەم ....!!!

دڵەکەم دەکەم بە دوو لەت
لەتێکی بۆ خۆم
لەتێکی بۆ تۆ
ئەگەر بەشیشی نەکردی
من هیچم ناوێ
لەتەکەی خۆشم دەدەم بە تۆ
با من هەر مەغدور بم
تا تۆ دڵت لێم نەڕەنجێ
هەی چاوەکەی چاوم .

هانۆڤەر
٢٠١٥ /١٢/٣١

# ڕازی دەروونێك ....!!!

به زگی برسی و هەناسه ساردی
هیچ گەلم نەدی وەكو كورد ماندی
ڕەنجی چەند ساڵمان به خۆرایی چوو
نەمامی ژینمان له ناو ئاو ون بوو
كریكار و ڕەنجبەر و پاڵه
هەمیشه ژیانیان هەر تاڵه
دەبێ كەی ئێمەش وەك گەلان
ببین به خاوەنی خۆمان
هەتاكەی چاوەڕوانكەین
تا ئاڵاكەی خۆمان هەڵكەین
ئێمەش ئاڵامان بەرز بێ
با لێدا و بێ و بچێ.

هانۆڤەر
٢٠١٤/٧/١٦

# ڕەش و برشن وەکو قەتران .....!!!

هەناویان پیس و بۆگەنە و پڕی کرمە داعش
بۆنی لەشیان لە کەلەشی سەگی تۆپی دەچێ
ڕیشی درێژی چڵکنیان پڕە لە قرێژ و ئەسپێ
بێ ویژدان و بێ مروەتن
تەنیا دەزانن مرۆڤ بکوژن
ئێمەی کورد هەرگیزا و هەرگیز
ناترسێن لە هێرش و پەلاماری داعش
نیشتمانمان خۆش دەوێ
دەیپارێزین بە دڵ و بەگیان
لە پێناوی خەبات دەکەین تا مان و نەمان
داعش حەدی نییە دەستبەری بۆ خاکمان
ئەگینا لە بنڕا دەستی دەبڕین و
دەیانکەینە پەند و عیبرەت بۆ هەموو جیهان...

هانۆڤەر
٢٠١٤/٨/٩

# سێ و هەنار و هەرمێ...!!!

نابێ ئەم کچەم لە دەست دەربچێ
بۆسەم داناوە بۆی لە پێش مەکتەبێ
هەر وەکو ئاسک نەمدی تێپەری
ئەگەر ئەم جارە بێرەدا ڕەتبێ
هەرگیز ناهێڵم لە دەستم دەرچێ
هەر ماچی دەکەم گەر بە خورتیش بێ
تا کەف و کوڵی دڵم داکەوێ
چاوەڕێی نەکەم هەر لێرە و لەوێ ...

هانۆڤەر
٢٠١٨/٦/٥

# هەولێر .....!!!

هەولێر ئەو کاتەی هەولێر بوو
پیاوەکانی زۆر چالاک و عەجید و دلێر بوون
چاو نەترس و بوێر بوون
بەرامبەر دوژمن وەکو شێر بوون
بەرانەکێنێ ئێستا...
ئەگەر لێ بڕۆنن...
هەولێرەکەی جاران نەماوە
خۆزگەم بە کاتی ڕابوردو
کە نووسرایە لە مێژوو
هەولێرم هۆلاکۆ بەزێن بوو
بەڵام بەداخەوە هەنوکە...
خەڵکەکەی زۆر ترسنۆکە
زرا و زەندەق و هەترەیان چووە
لە دەستەڵاتێک
کە تۆتالیتار و گەندەڵە ...

هانۆڤەر
٢٠١٨/٥/٢٦

# لە بیرتە ....!!!

لە بیرتە کە منداڵ بووین
ماڵمان لە یەک جادە و یەک کۆڵان بوو
هەر کاتێ بەیکەوە یاریمان دەکرد
خۆم بە بسکتا هەڵدەواسی وەک جۆلانە
تۆش دەتکردە هەرا
پێت دەگووتم
تکایە چیتر وا مەکە وازبێنە
با کۆتری سپی ئاشتی
لە ناو دڵم هەڵنەفڕی
تا ئەبەد جارێکی تر نەهێتەوە،
نەیبینمەوە...

هەولێر
٢٠١٨/٩/١٩

# ئیمرۆ ....!!!

ئیمرۆ بەیانی زوو
هێشتا ڕۆژ لە خەو هەڵنەستا بوو
سەرێکم دا لە باغی ئازادی
دارەکان هەمووی  مات و کز و بێدەنگ بوون
فرمێسکیان لە چاوان قەتیس مابوو
لێم پرسین وتم :
چی قەوماوە...
گووتیان جوانترین گوڵمان
ئیمرۆ قرتاوە و هەڵوەڕاوە ...

هانۆڤەر
٢٠١١ /٤/١٥

# خوێندکارم ....!!!

منداڵێکی خوێندکارم
هەمیشه ئاگادارم
هەموو جارێ خۆم دەشۆم
خاوێنی بە سوودە بۆم
خەریکی ئەرکم دەبم
بەڕەوشت و ئەدەبم
ماڵمان دوورە ، ئامانە
زوو وەرە درەنگمانە
بمبە بۆ قوتابخانە
منی خرپن و منداڵ
هەرکە گەڕامەوە ماڵ
ڕاهێنان و وانەی خۆش
بەجێ دێنم زۆر بەجۆش
کە لە یاریش دێمەوە
هەندێ دەحەسێمەوە
شەو درەنگ بوو دەخەوم
هەتا زوو بەخۆکەوم
بەیانی پێش تیشکی تاو
بەرەو لانە نێم هەنگاو
لانەم قوتابخانەیە
چرای ژینە بێوەیە .

هەولێر
١٩٨٢/٣/١٥

# درۆیە دەمامکدارەکان ....!!!

کچێکی هەرزەکار
دانشتووی ئەودیوی کۆڵانی فڕنیەکە
دڵی پڕ بوو لە عەشق
تەنیا لەبەر تامی یەک ماچ
سەریان هەر وەکو پاساری هەڵپاچی ...

★★★★★★
ئەو دارە سێوەی لە ناوەندی شار بوو
هێشتا سێوەکانی نەگەیشت بوون هەر تفت بوون
هەموو سێوەکانیان ڕنی و هەڵوەڕاند
تەنیا یەک سێوی پێوە مابوو
ئەویش کرمی بوو...

★★★★★★
ئەو منداڵەی هێشتا لە دایک نەبوو بوو
داوایان دەکرد بیکەنە سەرۆک
بە خوا دونیایەکی سەیرە.

★★★★★★
لە وڵاتەکانی دیکە
ڕۆژنامەنووس ئازادە چی دەنووسێ
کەچی لە وڵاتە وێرانەکەیمە

یان دەمی بە قوفل دادەخرێ
یاخود تیرۆر دەکرێ.

★★★★★★
ئەو دکتۆرەی تەنیا لەبەر یەک وتار
خستیانە ناو کونجی زیندان
ئەویش لە خەفەتان خۆی خنکاند
ترحێو لەو دیموکراسییەی
★★★★★★
ئەو ئافرەتەی تەنیا بە بێ ئیزنی مێردی
چووبووە بازار ، کە گەڕایەوە ماڵ
درایە بەر شەق و زڵەن

★★★★★★
دەڵێن لە وڵاتەکەی ئێمە
میدیا ئازادە خەڵک
چی دەنووسێ با بنووسێ
ڕۆژنامەیەک ڕەخنەیەکی لە سەر دەسەڵات پەخش کرد
بە مانشێتێکی گەورە لە ژێر ناوی
فڕوفێڵەکانی دەسەڵات هەتاکوکەی
کەچی لە هەمان ڕۆژ
ڕۆژنامەکەیان داخست
هەموو ڕۆژنامەکانیان کۆکردەوە و دڕاندیان.

★★★★★★
هەتا دوێنێ لە دژی ڕژێمێکی دیکتاتۆر

له سەنگەر بوو
کەچی ئیمرۆ بە خۆی
بە سەر گەلەکەی
دیکتاتۆرە.

★★★★★★
سوڵتانەکانی وڵاتی تاریکستان
پێشتر شەڕ و هەرایان بوو
ئێستا لەگەڵ یەک ڕێکەوتوون
دەڵێن ئێمە یەکماڵین
براین و لەگەڵ یەکا زۆر تەباین
ئەوەی لە ناو هەگبەشمانە
هەر یەکەو نیوەمانە
کەچی کە لەیەک دوور دەکەونەوە
خەنجەری لە پشت یەکتر هەڵدەکێشن
دەبنەوە بە دوژمنەکەی جاران.

هانۆڤەر
٢٠١٢/١٠/ ١٢

# بۆ پەشێوی مەزن .....!!!

تۆ بێرکۆتی
خۆشەوستی لە لای هەموان
تۆ مەزنی بە قەد چیای هەبەت سولتان
تۆ سەفینی بە هیچ هێزێک
لە  بن نایێ
دڵت نیشتمانێکی گەورەیە
جێگای هەموومانی تیا دەبێتەوە
تۆ ڕووبارێکی مەزنی
هەرگیر بە وان شێلو نابی
تۆ مەزنی هەرگیز
بە قسەی ناکەس بەچان
بچووک نابی
تۆ جوامێری تۆ مەردی
شێرە کوڕەکەی بێرکۆتی
هەر دەم لە سەر زاری هەمووانی
شیرنی وەکو هەنگوینی .

هانۆڤەر
٢٠١٧/ ٣ / ١٣

## تۆم هەرگیز لە بیر ناچێ .....!!!

نە بەدڵ تۆم خۆشدەوێ و
نە هۆش و بیریشم لای تۆیە
چونکە ڕۆژێک دێ لەوانەیە لە پڕ
دڵم لە لێدان بوەستێ و
مێشکیشم هێدی هێدی خانەکانی دەسوێ و
تۆی لە بیر نەمێنێ
من لە ناخەوە بە ڕووح و گیان تۆم خۆش دەوێ
چونکە ڕووح هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە
تۆشی هەرگیز لە بیرناچێ.

هانۆڤەر
٢٠١٧/ ٤/ ٢٤

# دڵی من .....!!!

فارگۆنی شەمەندوفەرێکە
شەو و ڕۆژ لە ڕێگایە
خەم خۆیان پێ هەڵواسیوە
لە هەر وێستگەیەك ڕاوەستێ
دانابەزن...
چینێکی تر سەر دەکەون
لەوانی تر گەندەڵترن
گیرفانیان پڕە لە دۆلار
زۆر چاوچنۆك و برسین
چیاویان بە هیچ شتێ تێر نابێ
زۆر بێ شەرمن
وەکو سۆنەن قەت تەڕ نابن
هەموو ڕۆژێ نەفرەت و ڕسوا دەکرێن
گەر بەرد بارانیش بکرێن
ئەو خوڕەوشتەی فێری بوونە
قەت وازی لێناهێن...
هەتا دەمرن...

هانۆڤەر
١٥ /٢٠١٠/٩

# بۆ ڕۆژئاوا ....!!!

ئێوە پێویستە یەك ڕەنگ بن
بۆ هەر شتێك هاتە پێشتان
هەمووتان پێکەوە یەك دەست بن
یەك هەنگا و یەك مەبەست بن
بۆ دوژمنانتان وەکو شێر بن
لە خەباتە هیچ مەوەستن
لە سەنگەر بن
هەر ئێوە خاوەنی دوا ڕۆژن
بە سەر دوژمنان سەردەکەون ...

هانۆڤەر
٢٠١٧/٤/١٧

# قەڵەم ....!!!

ئەوەی هەمە قەڵەمێکە
تەنیا و تەنیا قەڵەمێکە
لە جیاتی سەروەت و سامانی دونیا
بەڵام هەرگیز نایگۆڕمەوە
بە کورسی شاە
چی لە دەست دێت
جگە لەوەی شاربەدەر و نەفرەتم بکا
لە هەموو شتێك بێبەشم بکا...

هانۆڤەر
٢٠١٠/١٠/١٦

# دوو شت ....!!!

دوو شت لە دونیا زۆر دڵخۆشکەرە
یەکێکیان لە وان ماچی دوڵبەرە
ئەوەی تریشیان لە زەینم دایە
هەر پێتان دەڵێم جارێ بوەستن
پەلەم لێ مەکەن مەیکەنە هەرا
ئەوی دیکەشیان جێگای عاسێیە
لە ناو گەڵ دایە
کە دەیگەوزێنی تام و چێژەکەی
ئەوەندە خۆشە وەک هەنگوین وایە
سروشتی ئافرەت زۆر نەهێنییە
هەندێ جار زۆر ئارامە و لەسەرخۆیە
جاری واش هەیە وەک بورکان وایە
کە تەقیەوە دونیای بەجارێ وێکدێنێتەوە .

هانۆڤەر
٢٠١٩/٥/٧

# نەزانێك ....!!!

نەزانێک چووە ماڵی زانایەک
وا دیار بوو کارێکی زروری هەبوو
لە دەرگای دا...
چەند خولەیەک وەستا
پاشان زۆر بێ ئارام بوو
دانی بەخۆدا نەگرت
دەرگای دا بەر خرکەبەردان
پاشان بەکاوەخۆزانی
زانی لە ماڵ نیە کەسیان
بۆیە ناویان لێنا نەزان .

هانۆڤەر
٢٠١٨/٧/١٧

# قەت مەڵێ .....!!!

قەد مەڵێ بێکەسم
لەبەر بێکەسی
وا لە پڕ نەخۆش کەوتووم و
لە ناو پیخەفە پاڵ کەتووم
ئەوە نییە میللەت هەمووی کەسی تۆن
هەر یەکە و لە لایەک
دوعا و نەزای چاک بوونەوەت
بۆ دەنووسن
هەموویان هیواداران دوور بی
لە مەترسی مردن .

هانۆڤەر
٢٠١٨/٢/٢

# مەڵێ هەرگیز .....!!!

مەڵێ هەرگیز تەمەن ڕۆی
هیچم بەبەردا نەماوە
ئەگەر سەیری سیمات بکەن
وەکو مافوری کاشانی
شێوەت هەر هیچ نەگۆڕاوە
هێشتاش هەر گەنجەکەی جارانی
دەڵێی عەشق لە ناو دڵت ڕواوە
ئەگەر کچان سەیرت بکەن
هۆشیان لای خۆیان نامینێ
هەمووی بە بێ مەی بە جارێ
مەست و شێت و شەیدات دەبن
هەموویان بۆت دەبن بە دێوانە .

هانۆڤەر
٢٠١٨/٧/١٠

# خەمەکانم .....!!!

کاتێ ویستم
هۆکاری خەمەکانی چەندساڵم بزانم
هاتم خەمەکانی گشت ساڵەکەم کۆکردەوە
خستمە ناو مەقلیەک
هەمووم بە جارێ وەکو مس
تاواندەوە
بەسەرسەری خۆم دا هەڵڕێشت
پاشان پەیکەرێکی لێدەرچوو
شێوەی لە شێوەی تۆ دەچوو
بۆیە زانیم هۆکاری خەمەکانی من
هەر تەنیا تۆی
لە تۆ زیاتر
کەسیتر نەبوو...

هانۆڤەر
٢٠١٨/٧/٤

# هەموو ڕۆژێ ...!!!

هەموو رۆژی کە دێ بەرەو ڕووم
هیچ جارێ پێت نەوتم ئەمن کوم
من نازانم بۆ ئەوەندە دڵت ڕەقە
وەکو بەردەزوورگی تەقتەقە
تەنیا جاڕێ بە لام تێپەر بووی بمدوێنە
تێنوەتی دڵم  لە ناخەوە بشکێنە
بە بێ تۆ زۆر بێ ئارامم لێرانە
هۆش و بیر و هزریشم هەمووی وێرانە
ئیتر  وەرە بەسە وازبێنە
ژیانت ڕۆژێک کۆتایی پێ دێت
پەشێمانیش هیچ دادت نادات .

هانۆڤەر
٢٠١٨/٧/٤

# گەر بمتوانیبایە .....!!!

گەر بمتوانیبایە بفڕیبامە
ئەستێرەکانم سمارتە کردبان
نەختێ پارچەی بچوکم لێکردبانەوە
کردبام بە ملوانکەی گەردەنت
سەرێکیشم لە خۆر دابا
کەزانیم چوویتە ناو خەیاڵێکی قوڵەوە
لە ناکاو تۆزێک تیشکم
لێ دزیبا...
لە شەوانی ئەنگوستە بەچاوی
ئەم مملەکەتە وێرانە
لەبەر دەمتم دانابا ،
وەکو چرا دەگیرسابا...

هانۆڤەر
٢٠١٨/٨/١٧

# ماڵئاوا.....!!!

ماڵئاوا ئەی خەندەی سەر لێوی نانبڕاو و
سەرلێشێواوە هەژارەکان
مالئاوا ئەی سێبەری سەر سەری چلەی هاوینی
چەوساوە و لێقەوماوەکان
ماڵئاوا ئەی چەتری سەرسەری چلەی زستانی
هەژارە نەدارەکان
ماڵئاوا ئەی پشت و پەنای
هەوارگە و نزاری لانەوازان
بۆخۆت بنوو چاو لێکنێ..
ماڵئاوا...
تۆ زۆر ماندوبووی لەم ژیانە
با دڵەکەت تۆزێک پشوو بدا...

هانۆڤەر
٢٠١٧/٥/٢١

# ئەوەی کە دەمگرییێنێ ....!!!

پڕ بە دەمم ماچی دەکەم
چونکە چاوەکانم...
زۆر لە مێژە تێنوونە
بە فرمێسك نەبێ
هەرگیز تێنوەتیان ناشکێ
ئەوەی دەمخاتە خەندە
بە دەست خۆم نییە ڕکم لێیتی
چونکە گەر خەندە لە دڵمەوە دەرنەچێ
من ئەو خەندەم بۆ چییە
ئیتر با ئەو خەندەم هەر نەبێ ...

هانۆڤەر
٢٠١٢/٦/٩

# ئەریٚ هۆ خەڵکینە .....!!!

دیارە ئێوە
ئاگادارنین و هەست
پێ ناکەن
وڵاتە وێرانەکەیمە
بوویتە مۆڵگەی
دز و جەردان
وەکو هێڵکە شەیتانۆکە
لە هەموو شوێنك
گەرایان چێکردوە
خەمە گڕوون
بە هەر شوێنك دا ڕەتبن
پیسی دەکەن
ددانیان لە گورگ
تیژترە
گاز لە هەر کوێ بگرن
کونی دەکەن
هێندە زۆرن
وەکوو شانە زەنگەزۆرەن
بە درێژایی ڕۆژ
هەر گیزە گیزیان دێ
ڕۆژ تا ڕۆژ
ژمارەیان زێدە دەبێ
وریا بن گوێتان بگرن

لەبەر گیزە گیزیان
با گوێتان کاس نەبێ
خۆتیان لێ نزیك نەکەنەوە
ئەگینا پێتانوەبدەن
هەموو گیانتان
دەخورێ و ئەستور دەبێ
لە تیرە مارەکان دەچن
لە کونی هەر دیوارێکی
ئەم وڵاتەدا سەر دەربێنن
کە ژەهریان هەڵڕێشت
ئەو ناوە بێزەڵەت و بۆگەن دەکەن
هەر کێ پروشکی بەر بکەوێ
هەموو گیانی گرو دەبێ
ئەوەندە چاوچنۆك و برسی و چڵێسن
چاویان بە هیچ تێر نابێ
موڵك و سامان نەما
نەیدزن و زەوتی نەکەن
ئەوانە سۆنەن قەت
تەڕ نابن
خۆ شەرمیش لە خۆیان ناکەن
کەوتوونەتە بەر تف و نەعلەت
ڕۆژێ دەبێت لە ناو گەل
سوك و ڕەزیل و ڕسوا بن ...

هانۆڤەر
٢٠٠٦/٦/٢٤

# من کرنۆش تەنیا بۆ ئازادی دەبەم .....!!!

چی لە شاری خەونەکان و
بالەخانەی بەرز بکەم ،
چی لە کۆشك و تەلاری
ڕازاوە و سپی و جوان بکەم ،
چیی لە پارك و
دارستانی کچ و کوڕانی
شارەکەم بکەم ،
چیی لە کەناڵی تەلەفزیونی
ئاسمانی بکەم ،
کە لەسەرانسەری وڵاتەکەم
هەر تەنیا دوو سەعات ڕۆژێ
کارەبا دابگیرسێ ،
کە نەتوانم
تێر هەوای ئازادی
هەڵمژم لە شارەکەم
بە ئارەزووی دڵم
ڕەخنە لە کەسێ بگرم ،
چیی لە فرۆکەخانەی نێو دەوڵەتی
شارەکەم بکەم ،
کە گشتیان دز و قۆڵ بڕ و
قاچاغچی بن...

چیی لە تونێل و جادەی دوو سایدکەم
کە نەتوانم پڕ بە دەمم
هاواری ئازادی بکەم
سەیری کۆتری سپی ناو هێلانەی
ئاشتی بکەم ،
سەیری ئەستێرە و تریفەی
مانگەشەوی هاوینان بکەم
چیی لە مۆبایل و مۆلیدەی
کارەبا بکەم ،
چیی لە دۆلار و ماشینی
لەیلاعەلەوی و مۆنیکا بکەم ،
ئەگەر کۆتری ئاشتی
لە شارەکەم باڵی بەسترا بێ و سەربڕا بێ
ئەگەر ڕێز لە یاسا نەگرن و
یاسا لە وڵاتەکەم
.سەروەر نەبێ
چیی لە خوێندن و قەڵەم و مەکتەب و
زانکۆ بکەم ،
کە نەتوانم بێ پسوولە
وەك کارمەندێك
لە شوێنێك خزمەت بکەم ،
ئەمانە هەموویان
فڕێ دەدەمە
ناو زبڵدانی مێژوو

کڕنۆش تەنیا بۆ ئازادی
شارەکەم دەبەم
بۆ ئەوەی بتوانم
بە ئازادی بژیم و بمرم ...

هانۆڤەر
٢٠٠٩/٩/٣

# ئەگەر ئەم جارە بێیەوە.....!!!

ئەگەر ئەم جارە بێیەوە
ئەی شاعیرە یاخی بووەکەی تاراوگە
تێگەیم ، کە لەم زەمەنە
شێوێنن‌راو و ، بێسەروبەرە
دڵت پڕ لە ئاخ و ئۆفە و
کۆنە برینی ئەوسای تیایە
ئەگەر ئەم جارە بێیەوە
چەپکە گوڵەکەی سەربازی ون
لەبیر نەکەی
بیدەی بەو دایکانەی
کەوا ، چاوەڕوانی ڕۆڵەی بێ سۆراغیانن
شیعرەکانت یەکە یەکە
لە سەر تابلۆ
وەک دروشمێک بنووسەوە
لە سەر شورەی بەردەم دەروازەکەی قەڵا
هەڵیانواسە
با منداڵەکان بیخوێنەوە
نەوەکو وەکو جاری پێشوو
بە دەست گەورەکانیان
دەستخەرۆبن
ئەگەر ئەم جارە بێیەوە
لە بیر نەکەی

مۆمێك یان قەندیلۆکەیەك
لەگەڵ خۆت بهێنیەوە
دەنا لەم وڵاتە تاریکستانەکەمان
هیچ شتێ شك نابینی
بەر پێی خۆتی پێ ڕۆناك بکەیتەوە
ئەگەر ئەم جار بێیەوە
برۆ سەرێك لە گۆڕەکەی حاجی قادر بدە
بزانە لە دەست ئەم حەسرە
چەند بێزارە و  دڵی
سەغڵەت بووە
لە داخی سەرانی کورد
گەر جارێکی تر زیندوو بێتەوە
هەرگیز قەڵەم لە دەست ناگری
شیعر بۆ کورد بنووستەوە ...

هانۆڤەر
٢٠٠٩/٥/١٦

# ژوان.......!!!

له بیرمه که بەهار بوو
وەرزی گوڵ و ماچی دڵدارانی شار بوو
له ناو چەقی شار
بە یەکەوە ژوانمان هەبوو
بەڵام تۆ نەهاتی
نازانم لەبەر چی بوو
ئەوەندەم چاوەڕێ کرد
چاوم کز بوون
ئەژنۆم شل بوون
هەر نەهاتی...
له تەنیایی دڵم تەنگ بوو
ناچار ڕۆیشتم بۆ ناو باغێک
گوڵێکم دیت له تۆ دەچوو
یەکسەر گرتمە ئامێزم
ماچم کرد پڕ بە زارم
تا جارێکی تر دڵـم وەکوو جاران گەش بوو .

هانۆڤەر
٢٠٠٦/٧/٣

# سەرم بەرز کردەوە ....!!!

سەیری ئاسمانم کرد...
هەمووی  ڕەنگا و ڕەنگ و نەخشا بوو
دیمەنێکی جوانی لە ناو دیار بوو
هەمووی کانی و مێوە و گوڵ و گوڵزار بوو
وەکو بەهەشتەکەی جوانی خودا بوو
زۆر سەرسام بووم سەرم سورما
دیتم چۆلەکەیەک لە سەر سەرما
دەجریوێنێ لە سەرما...
منیش دەستی خۆم بۆ درێژ کرد
خستمە ناو لەپی دەستم...
گەرمم کردەوە نەمهێشت بمری لە سەرما
پاشان هەڵفڕیەوە چووە سەر دارتەڵی کارەبا...

هانۆڤەر
٢٠١٦/١١/٢٤

# گەر شەهید بووم .....!!!

لە پێناوی خاک و نیشتمانم
من سەربەرزم شانازی پێوە دەکەم
چونکە قەت لەبەر چاوان ون نابم
هەمیشە دەکەن یادم
خوێنەکەم بە زایەح نەچووە ناچێ
ئەوە بۆ من جێگای شەرەفە باوانم
خەم مەخەرە کۆڵتەوە فرێدە
جلی ڕەشیش هەرگیز بۆ من مەپۆشە
تەنیا و تەنیا من سروودی نیشتمانیم گەرەکە
گەر هاتیە سەر گۆڕەکەم
وەرە بۆ من بخوێنە.

هانۆڤەر
٢٠١٨/٣/٢

# فانۆسێك ....!!!

نیشتمانم فانۆسێک بوو
دەیوویست ڕۆناکی
بۆ هەموو لایەک هەبێ
بەڵام لێنەگەران
ئەوەندەی نەوتی تیا بوو
هیچیان تیا نەهێشت
بە تاڵیان کرد
ئێمەیان لە تاریکایی
جێهێشت
نیشتمانم قەڵەمێکە
هەردەمێ سیاسەتمەدارێک
دەیخاتە سەر گیرفانی
بۆ خۆی بەکاری دێنێ
کە مەرەکەبیش تەواو بوو
فڕێدەدا و کاری پێی نامینێ...

هانۆڤەر
٢٠١٨/٤/٢٤

# هەناسەکەم......!!!

هەناسەکانم بۆنی لێوی تۆیان لێ دێ
تەنیا جارێک
ماچم کردوی.. !
ئەم جارەشیان
ئەوەندە دڵخۆش بووم...
خەریک بوو لە خۆشیانە
دڵم بوەستێ و بمرم .

هانۆڤەر
٢٠١٦/٣/٢٠

# نارِازیمە ....!!!

وەک نارِازی و یاخی بووەک
چیتر ئەم سیستەمە بۆگەنەم قبول نییە...
دێمە سەر جادە ماندەگرم
تا خەڵک وشیار بکەم
تا نەبنە کۆیلەی حزبێک و
چیتر دەستخەرِۆ و دەستەمۆ نەبن
ئیتر بەسە...
دەوازبینن لەم دزییە و گەندەڵییە
میللەتان هەمووی برسی کرد
ماڵ و ژیانیان لێ تاڵ بووە
دامامکی خۆتان باش فرِێدەن
با خەڵک باش بتان بینێ
رِووخساری خۆتان باش دەرخەن
با خەڵک هەمووی بتان ناسێ
ئەوەی لای خەڵک گرینگە
کردەوە و رِەوشتانە
هەنوکە خەڵک زۆر هۆشیارە
باش دەزانێ...
کێ دڵسۆزە و...
کێ دز و خاک فرۆشە...

هانۆڤەر
٢٠١٨/٥/١٨

# بۆ مەحمود کاوانی .....!!!

تۆ سەروەر بووی
سەربەرز بووی
وەکو لووتکەی چیای سەفین
مێژوویێکت بۆ خۆت تۆمار کرد
کەس نییە تۆ نەناسێ
لە دڵمانی
لە ناو سۆز و هەست و ڕووح و هۆشمانی
تۆ قارەمانی دۆڵ و هەرد بووی
شۆڕەسوارێکی کورد بووی
ئێساش هەمیشە زیندووی
بە زگی برسیەتی و تێنوەتی
لە خەبات و تێکۆشانە
ڕۆژ و شەو بە بێوەستان
لە خەبات بووی
لەم شاخە بۆ ئەم شاخە
بۆ ئازادی ئەم خاکە
گیانی خۆت کردە قوربانی
لە ڕێزی نەمرانی
وێنەت لەبەر چاوانە
قەت لە یادمان دەرناچێ
تۆ شێرەکەی خۆشناوەتێ

مخابن باست ناکرێ
پیاوێکی دەگمەنی وەك تۆ
لە بیرت ناکات مێژوو
هەموو جارێ
بۆ نەوەکانی نوێ
یادت دەکەین لێرە و لەوێ .

هانۆڤەر
٢٠١٢/٨/٢

# زامە قووڵەکانی هەڵەبجە ....!!!

هەموو ساڵێ
لە شازدەی سێ
کۆترێکی سپی...
لەپانتایی ئاسمان دادەبەزێ و
لە سەر گۆڕستانی هەڵەبجە هەڵدەنیشێ
لە جیاتی سوورەتی فاتیحە
سروودێك بۆ شەهیدانی هەڵەبجە
دەچڕێ،
ناوی دەنێ
هەڵەبجەی شەهید
هەڵەبجەی تراژیدیا
هەڵەبجەی مەرگ و خوێن
هەڵەبجەی ئەنفاڵ
هەڵەبجەی جینۆساید
پاشان بە سەر هەموو شارەکەدا
دەگەڕێ و گۆڕەکەی عومەری خاوەر جێ دەهێڵێ
دەیەوێ...
قوژبنێك پەیدا بکا
هێلانەی خۆی تێدا چێکا.
چاو دەگێڕێ و لە شەقەی باڵی دەدا
شوێنێك نادۆزێتەوە
بەر گازی سیناید و خەردەڵ نەکەوتبێ و
بۆنی کیمیایی سێوی نەگرتبێ،

بەر لەوەی جارێکی تر
بەرەو ئاسمان هەڵبفڕێ ،
هۆن هۆن لە سەر گۆڕەکان دەگریێ و
تێر تێر فرمێسکیان بۆ دەبارێنێ.

★★★★★★★★★★

ئەوە سی ساڵە
هەموو ساڵێ
هەڵەبجە تەنیا
لە شازدەی سێ
یادی دەکرێ
ڕۆژێ پاشتر
هەر وەکو هیچ ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتێ
کەسێك نییە باسی بکا و
لەبیر دەکرێ.

★★★★★★★

ئەوە سی ساڵە
دایکانی هەڵەبجە
مەمکییان شیری تیا قاتە
مەڵۆتکەیان لە کۆشیدا
لە برسنا
تەنیا دەنگی هەناسە و
نووزەیان دێ .

★★★★★★★★★★★

ئەوە سی ساڵە
دارودرەختی هەڵەبجە
بەبێ بەرەو هیچ بەرناگرێ
ئەگەرلێیان نزیك ببیەوە
تەنیا بۆنی سیناید و خەردەڵ دێ.

★★★★★★★

ئەوە سی ساڵە
هەڵەبجە بێ بارانە
خاکیش گەروی وشك بووە
زۆر تێنووە
ئاسمانیش بەسەر سەریەوە
خۆی لێ گێل کردوە و
پێ دەکەنێ و دڵی نییە
ویژدانیشی یەك تۆزقاڵ نییە .

★★★★★★★★

ئەوە سی ساڵە
هەڵەبجە بریندارە...
لە تاو زامی برینەکەی دەناڵێنێ
سیاسەتمەدارەکانیش...

گوێی خۆیان بە لۆکە توووند گرتییە
هەتا گوێیان لە ئاهوو ناڵەی نەبێ.

★★★★★★★

ئەوە سی ساڵە
هەڵەبجە بریندارە و...
برینەکەشی لە گیرفانی سیاسەتمەدارەکان
قەتماغی کردوە و ،
بوویتە دۆلار .

★★★★★★★★

سی ساڵ لەمەوبەر
هەڵەبجە منداڵێك بوو ،
بە گازی سیناید و خەردەڵ
تووشی شیرپەنجە بوو ،
هەنوکەش گەورە بووە
لەماڵەوە دانیشتووە
پەکی کەوتووە
کەس نییە سەردانی بکا و
بەهانایی بێ...

هانۆڤەر
٢٠١٤/٣/١٦

# کۆشکی فیرعەونەکان .....!!!

یەک دونیا زەوی دابڕیوە
دیوارێکی بە چوار دەوریدا تەنیوە
شێوەی وەکو دیواری چینە
لە هەموو لایەک دەرگای زەبەلاحی تیایە
بە زنجیر و قوفڵی گەورە داخراون
کێ دەزانێ ...
ئەمە کۆشکە...
یان دیوەخانە....
یان قەسرەکەی پاشایە
کێ تا ئێستا ژنی ئەم سەرۆکەی دیوە
ڕەش ئەسمەرە یان سپی پێستە
چی پۆشیوە ...

هانۆڤەر
٢٠١٥/١٢/٩

# سوورە گوڵ ....!!!

من کێم هەیە جگە لە تۆ
هەر لە مێژە پەیمانم داوە بە تۆ
هەر چی گوڵی دونیا هەیە
بیدەمە تۆ...
وەرە ئەی هەناسەکەم
دەزانی زۆرت بیر دەکەم
من لە ناو تەنیایدا توایمەوە
تەنیا شک بە تۆ دەبەم
بێ تۆ...
ژیان بەهارێکە و بە بێ گوڵە و
پایزێکە و وەرزی گەڵارێزانە
من زۆر تامەزرۆی ماچی تۆم
گەر تۆ نەبێ...
کەسێکی دیکە نییە
تێنوەتیم بە ماچ بشکێنێ
بەس تەنیا تۆ...

هانۆڤەر
٢٠١٠/٣/١٥

# شەراب ...!!!

ئەو شەرابەی لە دەستدا وەکو هەنگوینە
ماچی ناو دەمیشت ئەویش شیرینە
من زۆر تامەزرۆی مژینی جەستەتم
نازانم کامەیان زێتر دڵخۆشم دەکا
مەمیلەی جوانی خڕوخەپانت
یان حەوزی کەوسەری شیرین و جوانت.

هانۆڤەر
٢٠١٢/٢/١٢

# وەرە با ئیمرۆ .....!!!

بە یەکەوە بگرییێین
بۆ دوێنێ
تۆ وەکو منداڵێکی پێنەگرتوو
منیش وەکو پیاوێکی بە ساڵەچوو
لەوانەیە گریانی تۆ
لە خەندەی لێوان بچێ
بەڵام ئەوەی من
هەر دڵۆپە فرمێسکەک کە هەڵیدەڕێژم
چیرۆکێک دەگێڕێتەوە
ئەوەی لە دوورەش بیبیستێ
لە ناخەوە دەیهەژێنێ
هەموو گیانی دەتاسێنێ .

هەولێر
٢٠١٢/٤/٢٤

# چاوەڕێم کردی .....!!!

ئەوەندەی چاوەڕێم کردی
هەر نەگەڕایتەوە لام
بە هۆی دووری تۆ و تەنیایی خۆم
دڵم بوویتە ئاگردانی خەم
ئیتر بەسە تاکەی
چاوەڕوانبم
قژی سەرم هەمووی
سپی بوو
وەکو بەفری سەر لووتکەی
ئەم کێوانەی بەرامبەرم .

هانۆڤەر
٢٠١٠/٦/١٤

# پشوێك دەدەین ....!!!

چەکەکانمان بێدەنگ دەکەین
با قەڵەمەکانمان بدوێن
لوولەی هەموو تفەنگەکانمان
گوڵێکی دەخەینە ناوی
دەیکەینە گوڵدانی ئاشتی
با هەموو جیهان بزانن
ئێمە ئاشتیخوازین
گەر ئەتاتورکەکانیش شەڕ بفرۆشن
ئێمە هەر ئاشتیخوازین و
ئاشتی دەکڕین...

هانۆڤەر
٢٠١٦/٧/١٨

# هەر سەرۆکێك .....!!!

هەر سەرۆکێك بە خوێنی میللەتەکەی
دەستی سوور بێت
بە ئاشکرا گەندەڵی و دزی بکا
تاوان لە گەلەکەی بکا
داڵدەی تاوانباران بدا
خوێری و تەرەس و گەوادە
دەنا قەت ئەم کارە ناکا
ئەم سەرۆکە بۆچی باشە
ئەگەر نەکرێتە ملی
پەتی یاسا...

هانۆڤەر
٢٠١٥ /٦/١٤

# بابەگوڕگوڕ .....!!!

قەسەم بەو خوێنەی
خاکی سوور کردی
قەسەم بەو ئاگرەی
لێت هەڵدەستێ
قەسەم بەو نەفتەی
لێت دەڕژێ
زۆر لەمێژە فیرعەونەکانی
ئەم شارە...
تۆیان فرۆشت
بە دوژمنەکانی ئەم بنارە...

هانۆڤەر
٢٠١٢/٧/٢٩

# قوربانت بم .....!!!

قوربانی دەست و ئارپیجیەکەت بم
ئەی کچە شەڕڤانەکەی نیشتمان
گەر تۆ نەبای...
ئەی نیشتمان دڵی بە کێ خۆشبا
پشتی بە کێ قایم با...
تۆ وازت لە کاری ناو ماڵ هێناوە و
ئارپیجیت کردۆتە شان
تا نیشتمان گلەیتان لێ نەکا و
نەڵێ ئەی  ئێوە نیوەی کۆمەڵگا نین
کوا ئەدی ژنان لە کوێن..؟
هەر پیاو  بە تەنیا مەشخەڵی شۆڕش بن..!

هانۆڤەر
٢٠١٨/٧/٢٤

# سەیری چی دەکەی .....!!!

نازانم دڵت خۆشە یان پەشۆکاوی
بەم بەیانیە زووە
دەڵێ تیشکی خۆری
بەرامبەر بە پەنجەرە وەستاوی
چاوەکانت تروکاندینە و
وا بەخێرایی  هەڵهاتووی
نازانم ئەو جوانییەت لە کوێ هێناوە
دەلێی ڤێنوسی...
هۆش و بیر و زەینی مرۆڤت
بەجارێکی بردوە...

هانۆڤەر
٢٠١٨/٧/١٩

## دەریایەك ئاخ و ئۆف بۆ سەردەشتی جوانەمەرگ....!!!

ئەو دڵە مەزنە و جەربەزەیەت هەر زیندووە
تۆ شۆڕەسوارێکی دەنگی ئازادی قەڵەمێک بووی
هەموو ئەو دەرگا پۆڵایانەت شکاند
کە لە سەر دەنگی ئازادی داخرا بوون
هەموو ئەو پەردانەت دڕاند
کە لە سەر تیشکی ئازادی هەڵدرا بوون
تۆ شەهیدێکی پێشمەرگەی ڕێبازی قەڵەمی
تۆ هەمیشە هەر زیندووی
لە ناو هۆش و هەست و دڵ و دەروونمانی
داستانێکی نەمریت
لە مەملەکەتی تاریکستان
مێژوویێکت بۆ خۆت نووسییەوە
محاڵە قەت لە بیر بکرێت
تۆ چرایەکت بۆ ئەم چینە ڕەش و ڕووتە
لە مەملەکەتی تاریکستان داگیرساند
خۆشت بە ڕۆشنایەکەی سووتاند
تۆ تەنیا بە جەستە مردوی
بەڵام وا ڕووحەکەت لە ناوماندا هەر زیندووە
شەمشەمەکوێرەکان وادەزانن
تەنیا یەك سەردەشت هەبوو
ئەویشیان خەڵتانی خوێن کرد
بەڵام با باش بزانن
لە هەر بستێکی ئەم وڵاتە سەردەشتێك هەیە

کوردستانیش ئیمرۆ هەمووی تێکرا بوونەتە سەردەشت
چیتر نایەنەوێ لە مەملەکەتی تاریکستان
بەری ئازادیان لێ بگیرێ و
هەر وەکو کۆیلە بژین...

هانۆڤەر
٢٠١٥/٥/١٥

# بەرد باران ......!!!

دەزانم باران لە ئاسمانەوە هەڵدەکا
فرمێسکەکانیەتی
هەندێ جار نم نم دەبارێ
هەندێ جاریش بەڕێژنە
کە لە ناخەوە خەفەتێکی زۆر
هەراسانی کرد بێت
زۆر بە گوڕ دەبارێت
دەیکات بە لافاو و تۆفان
بەڵام بەرد
گەر یەکێك بۆ کارێکی نەگریس
بە دەستەکانی نەیهاوێت
قەد لە خۆیەوە ناجووڵێت
بەرد تاوانی چییە
گەر ئەو دەستە پیسە و چەپەڵە نەبێت
گەر بەرد نەبێت
هیچ باڵندەیەك شەهید نابێت
خوین لە جەستە و مەچەکی
هیچ کچێکی عاشق نایێت...

هانۆڤەر
٢٠١٤/٤/١٤

# بۆ سەردەشت عوسمان .....!!!

هەناسە سپیەکانت
ڕۆژانە میللەت هەڵیان دەمژێت
تۆ گەرچی دەستە ڕەش و پیسەکان
خەڵتانی خوێنیان کردی
بەڵام تۆ شەهیدێکی سەربەرزی
هەمیشە لەبەر چاوان و لە ناو دڵانی
تۆ هەردەم هەتا دونیا مابێ
ناوەکەت لە ناو لاپەرەی مێژووی
قەت لە بەرچاوان ون نابێ
ئەی شۆڕەسوارەکەی
مەیدانی قەڵەم و ئازادی .

هانۆڤەر
١٢ /٢٠١٤/٦

## *بۆ کەژاڵ خان .....!!!

من کەژاڵێك دەناسم
لە سلێمانی شاری هەڵمەت و قوربانی
هەگبەی پڕە لە شیعری جوان
ناسکترن لە پەری گوڵ
سپی و بێگەردن وەکو
بەفری قەندیل و پیرەمەگرون
بووینەتە سیمبۆڵی خۆشەویستی
وشەکانی پڕی هەست و سۆزن
گوڵ دێنێتە پێکەنین و
پەپوولە دەفڕێنێ بۆ ئاسمان
بە درێژایی ژیانی بێوچانە
خامەی بەکارە و هزری تیژە
کۆڵێکی بە شان داداوە
پڕیەتی لە خەمی نیشتمان
لێرە و لێوێ کەس نییە نەیناسێ
خۆشەویستە لە لای هەمووان

*ئەم شیعرەم بۆ کەژاڵ ئیبراهیمی کۆچکردو نووسیوە.

هانۆڤەر
١٥ / ٤ / ٢٠١٤

# بۆ کەژال ئەحمەد ....!!!

ئەم خاتوونە
جاران فیمینست بوو
ئێستاش هەر فیمینستە و
دژە باوە ...
هەر شێرە ژنەکەی پێشانە
ناخیشی هەر یەك ناخە
هزریشی هەر یەك هزرە
تەنیا لەچەکی لە سەر ناوە
پێم ناڵێن ئەم خەڵکە
بۆ وازناهێنن لەم هەڵسوکەوتە
لێگەڕێن با خەڵك ...
چۆن دەژی با بژی...
ئیدی وازبێنن...
لەم تانە و تەشەرە و تیر و توانجە
بە ڕاستی شتێکی زۆر نەنگ و شەرمە .

هانۆڤەر
٢٠١٤/٥/١٦

# بۆ کوێ بڕۆی ....!!!

بۆ کوێ بڕۆی لەگەڵت دێم
کام ڕێ بگری دەبێتە ڕێم
چارەنووسی خۆت چۆن بوێ
منیش هەمان چارەنووسم دەوێ
بارگەت لەهەر هەوارێ خەی
ڕووگەت بەرەو هەر کوێ ببەی
بۆ هەمان شوێن دەکەومە ڕێت
تا لەناخی دڵم بگەی
هەر ساباتێ تۆ بتەوێ
دڵت لەهەر کوێ بسرەوێ
من هەر هەمان ئەویندارم
کە لەگەڵتا دێمە ئەوێ
نازت بەقەت سەفینیش بێ
دڵم هەر بۆت لەت لەت دەبێ
تازە لەچارەمان نووسراوە
مەگەر بمرین
دەنا هەر دەبێت بۆ یەك ببین .

هەولێر
٢٠١٢/٥/١٤

# بۆ کوێ دەڕۆی...!!!

لەم بیابانە چۆڵ و هۆڵە
بیرت لێنەکردۆتەوە
ئەم ڕێگایە ئاوی لێ نییە
گەر تێنووت بوو
وەرە من فریات دەکەوم
چاوم کانییەکە و ئاوی لێبخۆرەوە
تێنوەتی ناخی حەزەکانت بشکێنە
بۆ کوێی دەڕۆی تۆ قەت لە من ون نابی
ئەم ڕێچکەی پێدا دەڕۆی
شوێنی پێت بزر نابێ
کاتێ ترپەی دڵت لێدەدا
چاوم کامیرەی شارەوەیە
لە هەر کوێ بێت دەتبینێتەوە
دەتگرێتە ئامێز و
نوقمی سۆز و خۆشەویستیت دەکا
تا بە سانای هیلاکی ئەم ڕێگایت
لە بیر بچێتەوە ...

هانۆڤەر
٢٠١١/٦/٨

# کەردۆگان .....!!!

دەستت بە خوێنە
ناخیشت بۆگەن و پیسە
پڕی ڤایرۆسە
بڕۆ وەڵبە لەبەر چاوان هەتا زووە
واز لە لەشکرکیشی بێنە
کورد نەمردوە هەر زیندووە
دەنا کارێکت پێ دەکەن
تورکیات لێ دەکەن بە گۆڕستان
هەتا گەورە و بچووکتان
لە ژیان دا مابن لە بیری نەکەن .

هانۆڤەر
٢٠١٩/١٠/٩

# پەیڤێك بۆ ئیحسانی فەتاحیان .....!!!

بخەوە بێ خەم
خەڵکی سەرانسەری هەموو دونیا
کە گوێیان بەم هەواڵە زرینگایەوە
دەرهەق بە تۆ ئەنجامیان دا
نیگاران بوون ...
ڕاستە تۆ لە مردن نەترسای
کە پەتیان خستە گەردەنت
هەر وەکو شێر نەڕاندت
تا ئەو چرکەش لە ژێر پەتی سێدارە بووی
بەڵام باکت لە مردن هەرگیز نەبوو
چونکە کورد بووی...
بخەوە بێ خەم...
تۆ شەهیدی و سیمبۆڵێکی پیرۆزی نیشتمانی
تۆ نەمردی ڕووحت هەر زیندووە
وەکو هەڵۆی سەر شاخەکان
بە سەر شاری کرماشان دەخولێتەوە
سروودی پێشمەرگە دەچڕێ
تۆ ڕووحت پڕ بووە
لە تیشکی بەرائەت
ئاسمانی کرماشانت هەمووی ڕۆناك کردۆتەوە
بخەوە بێ خەم
ئەی شێرە کوڕەکە و ڕۆڵە بەجەرگەکەی کرماشان
بەڕاستی تۆ ئیسپاتت کرد

كە كوردی ...
بەڕاستی تۆ سەلماندت كە نەبەردی
شەمشەمەكوێرەكانت پێش مردنت
ڕسوا كرد ، پێت وتن :
كە ئێوە دیكتاتۆرن لە نەمانتان دەترسن
بەڵام من لە ئێوە مەزنترم
چونكە لە پێناوی نیشتمانێك دەمرم
ئێوە دژی مرۆڤایەتی و دیموكراسی و ئازادین
ئێوە لە ژێر باڵی شەیتانەكان و عەبا بەسەرەكان
حكومی قەرەقووش دەكەن
ئایندەتان زۆر نزیكە
ڕۆژێك دادێ ...
میللەت هەمووی لێتان هەڵبستێ
بكەونە بەر گاشەبەردان
قەیسەریتان لێ بكەنە كونە مشك
ئەوسا جێگا نابێ خۆتانی لێوەشێرن
هەی هەش و خاكتان بەسەر
باش بزانن ...

هانۆڤەر
٢٠٠٩/١١/١٣

# بۆ ڕۆژی ڤالانتین ......!!!

چەپکێ گوڵ
لە لاولاوە و شەوبۆ و نێرگز
دەکەم بە جوانترین دیاری
بۆ عاشقانی وڵاتەکەم
لە پێناوی خۆشەویستی
خۆیان سووتان و
بوونە خۆڵەمێش
کەسیش فرمێسکی بۆ نەڕژاندن
جگە لە هەورەکانی ئاسمان
فرمێسکیان بۆ ڕژاندن
وەکو باران .

هانۆڤەر
٢٠١٣ /٢/١٣

# تەمەن ....!!!

تەمەن دەڕوا و دەتوێتەوە وەکو مۆم
بەڵام زۆر بە دەگمەن دەمناسنەوە
وەکو جارانی خۆم
ئیتر نازانم چی بکەم لە خۆم
ئەو ڕۆژانەی لە دەستم چوون
زۆر دەگمەن و بە نرخ بوون
مەگەر تەنیا بیان نووسمەوە
لە بیرەوەریەکانی خۆم .

هانۆڤەر
٢٠١٥/٥/١٨

# تەمەنی گەنجیم.....!!!

تەمەنی گەنجیم نەما
پشتم وەکو گۆچان چەما
بەڵام گوڕ و تێنی چاوم ماوە
دەرزی دەبێنم لە ئاوە
هەر کچێکی جوان دەبێنم
لە پڕ شیعر خۆی دەکا بە ئامێزم
دڵم لە جاران گەنجتر دەکا.

هانۆڤەر
٢٠١٢/٥/٢٢

# چاوت ڕەشە وەکو ترێ......!!!

وەرە تۆ چیت لە من دەوێ
ئەوەی لە ناو دڵت دایە
هەتا زووە دەپێم بڵێ
چونکە ئێمە دڵمان یەکە
هەرگیز نابێ بە دوو
دڵی تۆ لە کوێی بسرەوێ
دڵی منیش ئەوێ دەوێ
کەس ناتونێ لێکمان بکە
مەگەر مردنی بێتەڕێ
چیتر ئازاری من مەدە
ئیتر دڵم بەرگە ناگرێ
دڵم مەشکێنە وەك شووشە
توخوا بەسە دەوازبێنە .

هانۆڤەر
٢٠١٢/٥/٢٢

# چیتان کرد بۆ هەڵەبجە ....!!!

هەر چی بکەن هێشتا کەمە
ئەوەی ئێوە کردتان
هەر هیچ نەبوو
جگە لە درۆیە شاخدارەکان
بەڵێنك دەردەکەن ئیمرۆ
بەیانی لێتان دەبێ بە درۆ
بەسە ئیتر بەڵێن مەدەن
چیتر سوکایەتی بەم خەڵکە بەسەزمانە و
بە شەهیدانی هەڵەبجە مەکەن
دەنا پێش ئەوەی بمرن خودا
هەر زوو نەفرەتان لێ دەکا .

هانۆڤەر
٢٠١٣/٣/١٧

# حەڤدەی شوبات ....!!!

خوێنی گەنجان بوو
شەقامەکانی سلێمانی
سوور کرد
دایکان هێشتا
فرمێسکیان لە چاوان چك نەبووە
وا خەریکە خوێن هێدی هێدی
کاڵ دەبێتەوە نامێنێ
بەڵام لە ناو هۆش و بیری
میللەت هەر بە زیندووی دەمێنێ
حەڤدەی نیسان
بە یەکەوە دەست لە ناو دەست
ڕێکەوتن میرەکان و کێخوایەکانی وڵات
هەموو شتێك فرامۆش بوون
وەکوو جاران
تەنیا و تەنیا
ئەم هەموو هەوڵەیان
لە پێناوی کورسی و دۆلار بوو
ئەویش بەس دەچێتە
ناو گیرفانی بەپرسەکان
هەژارەکانیش

هەتا دەمرن
هەر بن دیوارە جێگەیان ...

هانۆڤەر
٢٠١٤/٤/٢١

# حەڤدەی شوبات بەرێوەیە...!!!

★ خوێن
دڵۆپ دڵۆپ ڕژامە ناو جادەکان
هێشتاش شوێنەواری ماوە
بە تەواوی وشك نەبووە
هێشتا ساڵێك تەواو نەبووە
تەنیا نۆزدە ڕۆژی ماوە
نەهێڵن ئەو خوێنە بەفیرۆچێ
مەیدانی ئازادی
قوربانیەکی زۆری داوە

★ فرمێسك
دایکان فرمێسکێکی زۆریان ڕێشت
هەموویان کراسی ڕەشیان پۆشی
قژی سەریان سپی بوو
بۆ شەهیدەکانی ئەم ڕۆژە
خوێنیان بە ناحق ڕژا
نابێ چیتر بێدەنگ بین
بەرامبەر ئەم دەستەلاتە خوێن ڕێژە
* هاوار
دەنگێك دەچرپێنێ بە گوێما
وەرەن با هەموو پێکەوە
یادی ئەم ڕۆژە بکەینەوە
با حەڤدەی شوبات لە بیر نەکەین

خوێنی گەنجانی تیا ڕژا
دوێنێ منداڵێك لە سەرما
ڕەق هەڵگەڕا
بەیانی دووانی تریش ڕەق دەبنەوە
ئەم وڵاتە لە سەر دەریایی نەوتە
دەستەڵاتیش کەلەڕەق و زۆر بێشەرمە
ویژدان لە فەرهەنگیدا نییە
نابێ چیتر هەر بێدەنگ بین
با برژێینە ناو جادەکان
ڕسوایان کەین وەکو هەموو دیکتاتۆرە
خوێن ڕێژەکان ...

هانۆڤەر
٢٠١٥/٣/٣

# خەونی شەوانی منداڵیم .....!!!

لە بیرمە کە منداڵ بووم
دایکم هەندێ جار
بە لایلایە و حیکایەت دەیخەواندم
گەر نەشخەوتبام لێم زوێر دەبوو
لە سەر پێخەفەکە فڕێ دەدام
پڕ بە دەنگی بە سەرما دەیقیژاند
ئەگەر نەخەوێ گورگ دەتبا
منیش زوو دەخەوتم لە ترسا.

هانۆڤەر
٢٠١٤/٣/١٧

# خۆزگە لە پاریس بوومایە ....!!!

لە هەموو گەڕەکەکانی شارە
لە پێش دەرگای هەر ماڵێ
مۆمێکم دادەگیرساند
سەرێکم لە هەموو گوڵ فرۆشەکانی
شار دەدا و گوڵەکانم کۆدەکردەوە
دەمبرد لەم شوێنە دامدەنان
کە ئەم سێ شێرە ژنانەیان
تێدا خەڵتانی خوێن کرد
لە هەموو کوچە و بازاری شاردا دەگەڕام
لە هەر کوێ بەزازێکم دیبا
قوماشی ڕەشم لێ دەکڕی
دەمکردنە بەر هەموو پەیکەرەکانی ناو شار
خوزگە لە پاریس بوومایە
دەچوومە سەر بورجەکەی ئیڤل و
دووربینەکەم دەدا بەرچاوم
دەخوا بزانم
لە کام ماڵ ئەم پیلانە نەگریسە داڕێژراوە
بۆ شەهیدکردنی
ئەم سێ فریشتە جوانە
هەر لە سەر بورجەکەی ئیڤل
پڕ بە دەمم هاوارم دەکرد
ئەی ڕۆشنبیرانی شار
بۆ بێدەنگن و دەنگ هەڵنابرن

شارەکەتان بوویتە لانەی تیرۆرستان
لەم ڕۆژانە سێ ئافرەتی قارەمانی
تێدا لە خاچ درا
وەرن ئێوەش وەکو ئێمە
بڕژێنە ناو کوچە و شەقامەکان
هەموو بە یەك دەنگ هاوارکەن
نا بۆ کوشتنی ژنان
خوزگە لە پاریس بوومایە
دەچوومە پێش بالەخانەی پەرلەمانتاران
کاتێ دەهاتن بۆ دەوام
پێم دەگووتن
ئەوەیە شارەکەی ئاشتی
شاری بۆدلێر و سیزان و سارتەر و کامۆ
زۆر بەداخەوە
بۆ ئەم شارە کە ناسراوە
بە شاری جوانی و ئاشتی
کە خوێنی تێدا ڕژاوە
شەرمەزارییە بۆ پاریس
کە ڕووباری دیموکراتی پیا دەڕوا
ڕێگا بە تیرۆریستان دەدا
ئافرەتی تێدا شەهید بکرێ
خۆزگە لە پاریس بوومایە
درێژترین سلۆگانم دەنووسیی و
دامدەنا لە پێش بالەخانەی مافی مرۆڤ
چۆن دەبێت مافی مرۆڤ پێشێل بکرێ
شەرمەزارییە بۆ پاریس

که خوێنی ئافرەتی تێدا دەڕژێ
ئەمانە سیمبۆڵی ئاشتین
شەهیدی ڕێگای ئازادین
تاهەتایێ ناوەکانیان
لە بیر ناکرێ .

هانۆڤەر
٢٠١٣/١/٣١

# دڵی من هەرگیز موتوربە ناکرێ....!!!

ئەوەی ئەم بەیت و بلۆرانە دەڵێ
ئاشەکەی لە لای دەستەڵات دەگەرێ
گوایە دەستەڵات مادەی بێهۆشکەریان دایمێ
دڵی منیان موتوربە کردیە و
بۆیە بەرامبەریان بێدەنگم
چما کەسێ هەیە بتوانی من بێهۆشکە
وشەکانی من وەك بزمارە
هەرکە گوێیان لێدەبێ
لە ترسانە زیرەیان دێ
وەکو تیرێك لە تەوقی سەریان دەچەقێ
ئەمانە هەمووی بوختانە
درۆ دەکەن وەکو کەرێ
ڕۆژێك دێ ڕوویان ڕەش دەبێ
وەکو تەنی بن سێرێ.....
ئەوەی ئەم بەیت و بلۆرانە دەڵێ
نزیکە لە کۆشکی سوڵتان
لە بۆسەیەك بۆم دانیشتبوو
بەڵام خوا منی زۆر خۆش دەوێ
نەجاتم بوو نەکەتمە بەرێ
من لەوەتی هەم ...
هەر خاوەنی هەڵویستم و هەڵوێست دەبم
موڵك و ماڵ و سامانی دونیام ناوێ
ئەوەی هەیتم تەنیا قەڵەم نەبێ

کەس ناتوانێ ئەم قەڵەمەی من بکرێ
خۆ منیش وەکو ئەوانی تر جاش قەڵەم نیم
زوورناژەنی بەردەکی کۆشکی سوڵتان بم
من هەر هەمیشە وتوومە
ڕووم لە میللەتە و
پشتیشم لەم دەستەڵاتە بۆگەنەیە
ئەو قەڵەمەی لە دەستمایە هەر بەکارە
هەر یاخییە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ یاخی تر دەبێ
مەحاڵە دڵی من موتوربە بکرێ
هەر لە خزمەتی ئەم چینە ڕەش و ڕووتە دەبێ .

هانۆڤەر
٢٠١٢/٥/٣٠

# کڵاوەکەی خۆم .....!!!

دەست بە کڵاوەکەی خۆم ناگرم
با هەر با بیبا
هەرگیزا و هەرگیز بێدەنگ نابم
چاو لە دزانیش ناپۆشم
کەس نازانێ ڕۆژانە
ئەم نەوتە بۆ کوێ دەچێ و
کێ دەیخوا
زۆر بووینە ملیۆنێر و
زۆریش زگیان دێش لە برسا.

هانۆڤەر
٢٠١٤/٦/٢

# دوعا و دونیا .....!!!

پاڵەوانی یەك چیرۆكن
هەر دووكیان لە خاچ دران
بوونە قوربانی كەلتورێكی
پیس و بۆگەن
تاهەتایێ هەر دەمینێ دوایی نایێ
دوعا كەوتە بەر ڕێژنەی بەرد باران
دونیاش بە گولـلە  هەموو گیانی
وەكو سەرەد و بیژینگ كوون بوو
هێشتاش تاوانبار نەگیراوە
گوایە دەڵێن لە سەر شەرەف كوژراوە
كوانێ وێژدان كوانێ مروەت
كەی لەم وڵاتە وێرانەكەیمە ماوە
ئەوەی ویژدانی لە دڵ بێ
نابێ هەرگیز و هەرگیز بێ دەنگ بێ
ئیمرۆ ئەمە ڕوویداوە
بەیانی شتێ تر دەقەومێ
خوێنی مرۆڤ زۆر بەنرخە
نابێ پەنجەشی بە خوێن بێ .

هانۆڤەر
٢٠١٤/٥/٢٩

## دونیا.....!!!

هەی ڕۆ هەی ڕۆ
مەیکە ڕۆرۆ ...
خوێنی دونیاش وەکو دوعا بە زایەع چوو
لە سەر شەرەف و نامووس
یان ئافرەت ئەتك دەکرێ
یان خۆی دەسووتێنێ
یان دەکوژرێ ...
ئینجا پاش چەند ڕۆژێك
یان لە دیوەخانی شیخ و مەلا و ئاغا
سوڵعەکەشی لەبۆ دەکرێ
کارەساتە ...
ئەم کەلتورە هەتا دونیا ماوە
دوایی نایێ ...
کچێکی هەرزەکاری پانزە ساڵ
دووجار بەشوو دراوە
جاری یەکەم بەختی نەیهێنا
جاری دووەم فرۆشراوە
ئینجا بێ ویژدانانە
درایتە بەر ڕێژنەی گولـلە و
لە سەر جادە فرێدراوە
کەی ویژدان و مروەت ماوە لەم وڵاتە

لەبەر دۆلار کەس ئاگای لە کەس نەماوە
ئیمرو یەکێك دەکوژرێ
بەیانی زوو فرامۆش کراوە .

هانۆڤەر
٢٠٠٩/٩/٢٣

# ڕۆژی دایکان .....!!!

کێ هەیە هاوشێوەی دایك
کێ هەیە وەك ئەو پیرۆز بێ
کێ هەیە وەکو دایك
هەست و سۆزی لە دڵدا بێ
کێ هەیە وەکو دایك
بۆ کۆرپەکەی بەپەرۆش بێ
نۆ مانگ بە شەو و ڕۆژ
ئازار و ژانی لە دڵدا هەڵگرتبێ
دەریایەکە لە بەرائەت
کانییەکە لە میهرەبان
دڵی هەموو ڕۆژێ بۆ کۆرپەکەی
ڕۆنتر دەبێ
ئیمرۆ حەزم دەکرد
وەکو خەڵکی هەموو دونیا
منیش دایکم مابا و نەمردبا
تا لە رۆژی دایکاندا
یەك چەپکە گوڵم
پێشکەش کردبا .

هانۆڤەر
٢٠١٠/٥/٩

# ڕۆژێکی زستان...!!!

ڕۆژێکی زستان زۆر ساردو سڕ بوو
کچێك وەك کێشکە لەرزی گرتبوو
دەستم ڕاکێشا بۆ لای خۆم هێنا
زوو گرتمە ئامێز گەرمم داهێنا
کە لێوم کرۆشت
چاوی داخست و هۆشی لای نەما
کەچی نەمزانی
لە خۆشیانا وا بوورایتەوە
ئاهو نالەی چەندەها سالەی
لە ناو دڵی پەنگی خوارد بوو
وا هێدی هێدی
لە بیری خۆیا وا دەباتەوە .

نەخۆشخانەی زیلۆهە هانۆڤەر
٢٠١٢/١١/٢٥

# وەڕەزم ....!!!

شتێ نییە وەڕەزم نەکا لەم شارە
ئەوەی لەم شارە بێدەنگە
کردوویانەتە موتوربەی ناو گوڵدانی حیزب
هەمیشە بە بێ بەنج بێهۆشە
ئەوەی لەم شارە کش و ماتە
بە دۆلار ئاوس کراوە
دەمی بەستراوە
بۆیە نوقەی لێبراوە
حیزب بەڵایە لەم شارە
وەکو مۆرانە گەرای
لە ناو هەموو ماڵەکان دانایە
ئەوەی لەم شارە دڵخۆشە
گیرفانیان پڕ کردوە لە دۆلار
هەمیشە وەك ڕەبۆت
لە سەر پێیان وەستایە
وەکو مەیی خۆرێك
هەمیشە مەست و سەرخۆشە
نازانی ڕۆژانە چ باسە
خاوەنی مۆنیکا و
ڤێلای گران بەهایەکانیش
ژیانیان وەکو بەهەشتە
خەلکی نەداریش

ڕۆژانی باران
سەربانەکانیان بە سەردا ڕمایە .

هەولێر
٢٠١٢ /٤/٢٤

# شەقام...!!!

شەقام...شەقام
بە دوات گەرام
هەر دیار نەبووی
نەمزانیت لێم بوویە مانگ و
تەنیا بە شەو دەردەکەویت
کە شەویش کۆتایی دێ
لێم دەبیە خۆر و
بەیانی زوو
لە خەو خەبەرم دەکێتەوە
لەم زستانە وشك و برینگە
تا بمگرییە ئامێز
تۆزێك گەرمم بکەیتەوە .

هانۆڤەر
٢٠١٦/٩/٢٠

# وردیلە شیعر .....!!!

کچێک خۆی سووتاند...
لەبەر ئەوەی بە خورتی دایان بەشوو
پاش یەك دوو ڕۆژ دایکیشی لە خەفەتان ڕووحی دەرچوو.
★★★★★★★★★★★
کچێکیان گۆشاو گۆش سەر بڕی
تەنیا لەبەر ئەوەی
یەك ئێس ئێم ئێسی بۆ کوڕێك نارد بوو.
★★★★★★★★★★
کوڕێکی هەرزەکاریان دابەر ڕێژنەی گوللەن
لەبەر ئەوەی لەسووچێکی ئەم کۆڵانە
کچێکی ماچ کرد بوو...
کەچی ئاو هەموو ڕۆژێ کچان ماچ دەکا
بە بێ ئەوەی هەڕەشەی لێبکەن بیکوژن
بەخوا دونیایەکی سەیرە .

هانۆڤەر
٢٠١٣ /٦/١٢

# کەرلەمان ...!!!

دەك ڕووتان ڕەش بێت
وەکو بنی سێری نان
بە ڕۆژی ڕووناك و بە ئاشکرا
پارەی قوتی خەڵك دەدزن لە پەرلەمان
شەرم ناکەن داناڕزێن
کوا وێژدانتان ...
خەڵکانێك هەن لەم وڵاتە
پارووە نانێك نییە...
بیکەنە ژەمی نیوەرۆیان
ئیتر بەسە وازبێنن لەم دزییە
ئەم میللەتە ڕەش و ڕووتە زۆر برسییە
ئێوە هەر خەمی گیرفانی خۆتانن
بانکەکانی ئەوروپاتان پڕ کردییە
ئاگاتان لە زگی برسی نییە
کەسیشتان لە بیر نەماوە
ئیتر بەسە دەچۆلیکەن
وازبێنن لەم کورسییە .

هانۆڤەر
٢٠١٣/٢/١٢

# کوردستان

شەرناخ و ئامەد و وان
بانە و سنە و مەریوان
کەرکووك و شاری بابان
دهۆك و شاری سۆران
هەولێر و دەربەندیخان
سلێمانی و رانیە و خانەقین
کفری و مەندەلی و چەمچەمال
کەلار و تەمامی شارەزوور و گەرمیان
زاخۆ تا بەدرەو و جەسان
قامشلۆ هەڵەبجەیە
کوردستان یەك پارچەیە
سەربەخۆیی کوردستان
بوویتە هیواو ئاواتمان
نییە خەونی شاعیران
دڵخۆشکەرە بۆ هەمووان
کوێر بێ چاوی دوژمنان
با بمرن داگیرکەران.

هەولێر
٢٠١٠ /٥/١٠

# ئەو ژنە...!!!

ئەو ژنە شۆرشگێرە
ڕێبواری ڕێگای مەینەتە
دەستێکی بە کۆرپەکەی وەیە
دەستەکەیتری لەسەر تفەنگە
زەردەخەنەشی لەسەر لێوان نابڕێ
تا ورەی دوژمن بروخێنێ
نەهێڵی پێ بنێتە خاکەکەی
تا نیشتمانەکەی لە دوژمن بپارێزێ .

هانۆڤەر
٢٠٢١ /٤/٦

# گەر دەتەوێ من شێت نەبم ....!!!

وەرە دڵم وەك گوڵێك
لە ناو ئینجانەی دڵت بڕوێنە
تا هەموو ڕۆژ بۆنی بکەی
نەوەك ڕۆژێ لە ناو تەنیایدا ون بێ
گەر دەتەوێ من شێت نەبم
وەرە دڵم بکە
بە سەرینی ژێر سەرت
تا شەوانە چیرۆکی عەشقی ئەبەدیت بۆ بگێڕێتەوە
گەر دەتەوێ بێبەش نەبم لە سۆزی تۆ
لە خەندەی لێوی جوانی تۆ
بە هەورەتریشقەی چاوەکانت بمسووتێنە
با دڵم تژی بێ لە عەشقی تۆ
گەر دەتەوێ دڵم خۆشکەی
وەرە دڵم بکە بە ڕووگەی خۆت
ڕۆژێ هەر پێنج فەرز
نوێژی عەشقم بۆ بکەی .

هانۆڤەر
٢٠١٢/٥/١٩

# گەڵا وردیلەکانی پایز .....!!!

له سەفەری ئێوارەیەکی خامۆشدا
بە ئاستەم گوێم لە دەنگیەتی
نووزەی دێ
هەناسەکانی ڕەنگیان کاڵبۆتەوە
وەکو گەڵا زەردەکان
ڕەنگی پایزیان گرتووە
ئاخ نەمتوانی
وەرزی سەماکردنەکەم
تێپەڕێنم
لەم ئێوارە پایزەدا
لە پڕ غوربەتێك خۆی کردە ئامێزم
خەریك بوو ئەم ئێوارەیە
شێت ببم...
یان شێت بوویمە بە خۆم نەزانیوە
چونکە لەگەڵ هەر هەناسەیەکدا
ئاخێك دەمرد و دووبارە لە دایك دەبۆوە
ئەی غەریبی ...
ئیتر بەسە وازم لێبێنە و چیتر بەرۆکی من مەگرە
سەنگم هەر هەنکی کێشکەیەك ماوە
لەبەر خۆرەتاوی ئەم غەریبستانەدا
پەڕ و باڵم هەموو هەڵقرچا
ئەوەندەی هەناسەی غەریبیم هەڵمژت

وەکو ئۆکسجین لە ناویدا توایمەوە
ئیتر بەسە غەریبی
دەستم لە هەوکێ بکەوە
بەسە ئیتر لەمە زیاتر
غەرقی دەریای بێزاریم مەکە
کێشم بە قەد پاساریەکی بچووك ماوە
هەناسەم زۆر تەنگ بووە
لەوانەیە ڕۆژێك لە چاوقووچانێك دا
ئیتر کۆتاییم بێت و هەناسەم بۆ نەخورێتەوە
ئیتر بەسە بەسە هەتا زووە
دەستم لە هەوکێ بکەوە.

نەخۆشخانەی زیلۆهە
هانۆڤەر
٢٠١٢/١١/٢٧

# وشەکان  بێدەنگ نابن ....!!!

وشەکان هەرگیز بێدەنگ نابن
لە بن گەڵایەکی وشك و ڕزی
نامەیەکم دۆزییەوە
خەریك بوو بای غەزەب بیڕفێنێ
بەڵام نەمهێشت یەکسەر گرتم
کاتێ کە خوێندمەوە
لێی نووسرا بوو
من ڕۆژنامەنووسێك بووم
ناوم سەردەشتە
شەهید بووم لە ڕێ قەڵەم و ئازادی
تیرۆرکرام بە نامەردی
خۆم بە هەموو دونیا ناسی
نەکەن ڕۆژێ لە بیرمکەن
لەسەر ڕووپەری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان
تەنیا بە یەک وشەش بێت ناوم بێنن
تا نەوەکانی دوایمە پێ بزانن
من بوومە سیمبۆڵی قەڵەم و ئازادی
خوێنیان ڕیشتم بە ناحەقی...

هانۆڤەر
٢٠١٢/٤/٢٨

# لە بەفرم پرسی .....!!!

ئەو کوڕە قۆزە دەناسیت
وتی هەرکە هات بۆ لام
باوەشی پیا کردم و
تێر هەر دوو گۆنای ماچ کردم
منیش کە بۆنم کرد
زۆر زوو زانیم
دڵی بێگەرد و پاکە و سپییە وەکو من
کاتێ جێهێشتم
زۆر خەفەتم بۆی خوارد
فرمێسکی لە چاوان ڕێشتم .

هانۆڤەر
٢٠١٢ /٩/١٢

# لە بەهاری چاوی تۆ...!!!

گوڵێك دەڕوێنم ئیمرۆ
من بێزار نابم لە تۆ
ئەی جوانی شاری شنۆ
من ناژیم هەرگیز بێ تۆ
دڵت پڕ کردم لە سۆ
هیچ جوانێك نییە وەك تۆ
ڕاببینم وەکو ئیمرۆ .

هانۆڤەر
٢٠١٦/٨/١٢

# لە پشت پەنجەرە داخراوەکانی ئەم شارە ....!!!

١- ئەی خودایە
نۆزدە ساڵە لە ژێر رۆشنایی
فانۆس و ڵالە
دادەنیشین و
چاومان لەبەر دوکەڵ
هەڵدەکووشین
کەی ڕوحمێکمان پێ دەکەی خودایە
★★★★★★★
٢ - خانەوادەکیان تەعریب کرد و
بردنیان بۆ نوگرەسەلمان
هەر پاشانیش زۆری پێنەچوو
ئەنفاڵ کران
تەنیا یەك منداڵی لێدەرچوو
پاش عەیامێك
ئەو منداڵە گەڕایەوە
لە یەکێ لە بازگەکان داوای ناسنامەیان لێکرد
ڕێیان نەدا بۆ خۆی بژی وەکو ئینسان
★★★★★★
٣- دز و جەردەکانی
ئەم شارە ...
شەوان دەچن بۆ دزی
کەسیش پێیان نازانێ
کەچی لەم ڕۆژگارە

کەسانێ دیکە هەن
سامانی وڵات دەدزن
بە ئاشکرا بە ئاسانی
کەسێ نییە پێی نەزانێ
کەی ڕووحمێکمان پێ دەکەی خودایە ...
★★★★★★★

هانۆڤەر
٢٠١٢ /٤/١٨

# لە پشت دەرگا شکاوەکان ......!!!

لە پشت دەرگا شکاوەکانی ئەم شارە
حەوزێك هەبوو پڕی بوو لە ووردە ماسی
ماسی گەورەیان هێنا و تێیان کرد
هەموو ووردە ماسیەکانی
خوارد و هەڵووشی
لە پشت دەرگا شکاوەکانی ئەم شارە
خانووێکی گەورە و زەبەلاح هەیە
پەنجەرەکانی لە دیوی ناوەوە
بە بۆیاغ  ڕەشکراون
چی نییە تێدا نەبێ
هەر چییەك لە ژوورەوە ڕووبدا
کەس نییە پێ بزانێ
هەر بڕیارێکیش لەوێ بدرێ
کەس بۆی نییە بیبیستێ
لە سەر جادەی بەردەمی هەمان خانوو
گڵۆپەکان بە ڕۆژ و شەو داگیرساون
کەچی لە ناو کەلاوە خانووەکانی دەوروبەری
هەموو هەناویان لەبەر دووکەڵی
لالە و فانۆسەکانیان ڕەش بووە
ئەوەندەی لەبەری دابنیشن .

هانۆڤەر
٢٠١٣/٥/١٣

# له دارستانێك ....!!!

له پایتەختی سەوزستان
کەرێك وا له سەرەمەرگایه
له ئاوزینگه
وا خەریکه ڕووح دەدا
خەڵکیش زۆر بۆی بەپەرۆشن
له حەژمەتان هەمووی جوولەیان لێبراوه له سەر چۆکن
خەریکی بیرکردنەوەن
ئاخۆ بزانن
که کەرەکه تۆپی
ناڵەکەی بۆ قاچی کام کەرێی دەبێ
بۆی بگۆڕن ...

هانۆڤەر
٢٠١٢/١٢/٢٣

# له مه‌مله‌كه‌تی خه‌رابستان .....!!!

شه‌ویان دزی و ئه‌ڵقه‌یان كرد گوێی و
كردیان به كۆیله‌ی خۆیان
خۆر له ترسا خۆی شارده‌وه له ژێر هه‌وران
نه‌وه‌ك بیدزن بیكه‌نه پاسه‌وانی
به‌رده‌رگای ماڵی سولتان...

هانۆڤه‌ر
٢٠١٢/٥/٢٥

# گیرفانی خەونەکانم ......!!!

له ناو گیرفانی خەونەکانم
نامەیەکم دۆزیەوە
بە خەتێکی سوور لێی نووسرا بوو
ئا لێرەدا.....
ڕۆژنامەنووسێکی گەنجی
بوێر و چاو نەترس و جەربەزە
لەبەر دوو وشە تیرۆرکرا
پێم ناڵێن کێ حاکمە لەم شارە
تاوانبارەکانیش هەر لەبەر چاوانن
دیموکراسییەکەش هەر قسەی سەر زارانان .

هانۆڤەر
٢٠١٢/٢/ ١٢

# لێدە شەفیق .....!!!

گوێ مەدەرێ
ڕۆژووەکەت بشکێنە هەموو ئێواران
بە دوو پاقلاوە و یەك دەنکە قەسپی سەماوە
لە هەولێر ئەوەندە گەرمایە
هێلکەی لەبەر ڕۆژ دابنێ یەکسەر کوڵایە
هەموو ڕۆژێ خۆڵبارینە
قەڵات و منارە لەبەر چاوان ون بووینە
لە سلێمانیش تەپ و تۆزە
لە سەهۆلەکەش ئاهەنگی شەوانە
دایکی ئەنفاڵکراویش ڕۆژانە
چاویان لە ڕێیە
یان کوڕەکانیان بگەڕێنەوە ماڵ
یان هێسك و پروسکەکانیان بە دیاری بۆ بێنەوە ماڵ
لەم لایەش ڕاوڕووتە
تەنکەر لە دوای تەنکەر وەستایە
پارەکەشی لە ناو گیرفانی فیرعەونەکانی شار دایە
حکومەتەکەشمان ئەوەندە دەستکورت و فەقیرە
لە مزگەوتەکانیش سواڵ دەکرێت
بۆ کوردەکانی ڕۆژئاوا
کە هەنوکە لێیان قەومایە.

هانۆڤەر
٢٠١٢/٧/٢٧

# لێم ببورە ...!!!

ئەی کچی جوانی ئەم شارە
ئازیزەکەم .. لێم ببورە
نەمزانی دڵت لێم شکاوە
کە نەمتوانی ماچت بکەم
بە ئاسانی ...
چونکە دایکت لێم دیار بوو
ئاخر چی بکەم شانسم نەبوو
لە پڕ پێزانی وا زوو
دەنا ماچم دەکردی
پڕ بەزارم تا دەمتوانی
لێم ببورە ...
ئەی سۆمای چاوەکانم
نەمزانی زۆرت چاوەڕێ کردم
لەوێ نەبووم ...
تا ماچکەم کوڵمەی جوانت
ئەوە دڵم دەپێچمەوە
بۆت دەنێرم بە دیاری
لە ناو دڵی خۆت دایبنێ
با ببێتە هێمای خۆشەویستی
بە یەکجاری ...
لێم ببورە ...
نەمزانی تۆ ئەوەندە

تێنووی ماچی...
نەوەك هەوری ماچەکانم
تاوەدان بێن بە سەرت دا ببارێنن
تا تەر بکەن هەموو لەش و لارت
تا سارێژکەن...
هەموو زامی عەشقەکانت...

هەولێر
٢٠٠٨/١٠/٢٥

# لێیان پرسیم .....!!!

لێیان پرسیم
ژن چییه..؟
منیش وتم :
ژن بەهەشته
خوا به پیاوی بەخشیوه
تورەیی ژەن
کانییەکه و سەرچاوەکەی
له ناو دڵی پیاو دایه
که ژن تورە دەبێت
دڵی دەبێته گڕکانێک و
جۆش دەدات
تا نەگریێ و فرمێسکی له چاون نەرژێ
مەحاڵه وەک جاران هێور ببێتەوه.

هانۆڤەر
٢٠١٢/٩/٣٠

# ماشەڵا....!!!

ماشەڵا لەم ڕەنگ و ڕووخسارە
دەڵێی ئەستێرە و مانگی بە ئاسمانەوە دیاری
سیمات زۆر جوان و فەنتازییە
چاوت پڕی ئەفسون و مروارییە
گەردەنت سافە وەك شووشە
لێوت وەك شەکرە ، شیرینە
کوڵمەت وەك لۆکە ، نەرمە
قژی سەرت وەك ئاوریشمە
ژیان بە بێ تۆ وەك زیندانە
من بێ تۆ ماڵم وێرانە
بۆ منت کرد بە دێوانە .

هانۆڤەر
٢٠١٣/٦/١١

# ماڵئاوا......!!!

بڕۆن بۆ خۆتان  بفڕن بە ئازادی
من لە یادتان ناکەم
هەتاکو دونیا مابێ
دەشترسێم جارێکی تر نەشتانبینمەوە
تواخوا نەکەن  ئەگەر مردم
لە بیرمکەن
وەرەنە سەر کێڵی گۆڕەکەم هەڵنیشن
بە دەنگە خۆشەکەو بە سۆزەکەتان
جوانترین ئاوازم بۆ بچڕن .

هانۆڤەر
٢٠/٤/ ٢٠١٢

# مالیکی .....!!!

هەی شۆڤێنی
تۆ پیاوێکی دەبووسی
کورد بڕیاڕی دا
گەر کورد نەبا
دەنا تۆ ئەو پیاوە نەبووی
لە سەر کورسی ژێرت دابنیشی
هەنوکەش بە چاو سوورکردنەوە و هەڕەشە و گەف
دەتەوێ بمانترسێنی
گەلی کورد هۆلاکۆ بەزێنە
بە هەڕەشە و گەفی تۆ قەت ناترسێ
تۆ نمەکی کوردت کرد و
عەیامێك بوو داڵدەیان دای
ئێستاش حەقتە
بەربوویتە گیانی کورد و
وەکو سەگ پێمان دەوەڕی
هەی شۆڤێنی
باش بزانە
دەریا بە دەمی سەگ
قەت پیس نابێ
گەر حەز دەکەی هەموو ڕۆژێ
نەوەك یەك جار هەزاران جار

هەروەکو تووتکە سەگ
هەر بوەڕە تا دەتۆپی .

هانۆڤەر
٢٠١٤/٣/٢٤

# سوێند دەخۆم ....!!!

من سوێند دەخۆم بە تیشکی خۆر
بەم سروشتە جوانەی لە دەورمایە
بەم وڵاتە شیرین و جوانەی
کە بێ سنورە و ناوی کوردستانە
کە گەورە بووم ...
قەڵەمەکەم لە دەست دەگرم
هەر دەینووسم هیچ ناوەستم
دژی ئەو کەسانەی...
وڵاتەکەمیان کردۆتە لانەی بێگانە .

هانۆڤەر
٢٠١٢/١٠/١٤

# منداڵەکان............!!!

منداڵەکان
پڕ بە دەمتان هاوار بکەن
لە هیچ شتێ
بێ دەنگ مەبن
ئەوەی لە ژێڕ بەرە
بیدرکێنن
ئیمرۆ دونیا عەوڵەمەیە
هیچ مەترسێن
تا دەتوانن ڕاستی بڵێن
ملکەچ نەبن
بۆ دەستەڵاتێك
کەوتۆتە دەست میر و بەگان
ڕازی نەبن بە یاسایەك
کە پڕە لە گەندەڵی
بەرەو لێژایتان دەبا
دەبێت شتێکی تازە بچێنن
تا لە ئایندە بیدرونەوە
کەچی نەوەی پێش ئێوەش
زۆر شتیان چاند
هێشتا وەرزی درونەوەشیان
هەر دیار نییە
هێشتاش خۆرەتاویان
لە ژێڕ هەورا هەر خەوتووە
بۆیە نابێ

هیچ بێ دەنگ بن
پڕ بە دەمتان
هاوار بکەن و بچریکێنن
دونیایان لێ واگا بێنن .

هانۆڤەر
١٤/ ٢٠١٤/٤

# منداڵەکان ....!!!

بڕۆن مێژوو بخوێنەوە
لە بیر نەکەن
ئەوەی بەسەر ئێمە هاتییە
بڕوا ناکەم هیچ میللەتێك
ئەوەی بە چاوی خۆی دیبێت
لە بیر نەکەن
ئەو هەموو دەیووس و پاشەڵ پیسانە
چۆن ئێمەیان هەڵخەڵتاند
پێکەنین و خەندەیان لە سەر لێوانمان سڕیەوە
گریان و فرمێسکیان لە چاومان چاند
ئێستاش خۆیان کردۆتە
دڵسۆزی کورد و
هەر دەیدزن و هەتا دەمرن
قەت تێر ناخۆن ...

هانۆڤەر
٢٠١٢/٤/٣٠

## منداڵەکان ....!!!

منداڵەکان
ئەی وردیلە و خنجیلەکان
لەوەتی هەین بیستوومانە و
هەر دەیبیستین
لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان
لە پەرلەمان
لە بەردەمی ماکرۆفۆنە
سەر زلەکان
بەڵام نەکەن
بروا بکەن هیچی ڕاست نین
هەمووی درۆن
نازانم چۆن
شەرم نایانگرێ و
ببنە یەك دڵۆپە ئاو
تا برژێنە ناو کوچە و کۆڵانەکان
هەموو ڕۆژێ پێمان دەڵێن :
ئێمە یەکین
خاوەنی یەك هەڵوێستین
کەچی لە پشتی یەکتری
خەنجەر لەیەکتر هەڵدەکێشن
هەر کاتێ
دڵیشیان خۆش بێ
یەکێ سەرچۆپیەکەی دەگرێ

دەستماڵی زەرد یاخود سەوز
دەردەهێنن
تکایە با ئەم شانۆیە
کوتایی بێ
مادام ئێوە ڕێز
لەم میللەتە ناگرن
چیتریش سەریان لێ مەشێوێنن
پرێسکەی خۆتان کۆکەنەوە
ئەو ناوە بە جێبێڵن ...

هەولێر
٢٠١٧/٦/٧

# بەگ و میرەکانی وڵات ...!!!

بەگ و میرەکانی
دڵیان لە بەرد ڕەقترە
نابنە ئینسان
کوانێ ویژدان
کوانێ مروەت
سامانی ولاتیان
هەموویان کردە پول و
خستیانە ناو گیرفانیان
شەرم ناکەن دانارزێن
قودس و دڵی کوردستانیان
هەر وا بە سانایی لە بیر چوو
ئێستاش چاوەڕێی بەندی سەدوچڵن
نازانن ئەویش
زۆر لەمێژە
فت بووە
لە دەست چووە
هەتا دوێنێ لە شاخ
بە حەسرەت نانی ڕەق  بوون
لە دەست برسیەتی زگیان دەیناڵاند
ئیمرۆش خواردنی ڕۆژانەیان
قەلەموون و مریشکی برژاو و گۆشتە
هەتا دوێنێ پیادە بوون
یان سواری کەر بوون
ئیمرۆش خاوەنی مۆنیکا و لەیلاعەلەوین

هەتا دوێنێ جێگای حەوانەوەیان نەبوو
هەر لە بن بەرد و ناو ئەشکەوت و بن تەراش بوون
ئیمڕۆش وا لە شار
بووینە خاوەنی کۆشك و تەلار
سەرکردەکان هەموو گیانیان ڤایرۆسە
بۆگەن و چەپەڵ و پیسە
ئەگەر بە ئاوی هەموو دونیا
بیانشۆرن
قەد پاك نابنەوە
هەتا دوێنێ دژی دیکتاتۆر بوون
کەچی ئیمرۆ بە خۆیان
بە سەر میللەت دیکتاتۆرن .

هانۆڤەر
٢٠٠٧/٧/١٣

# وێنەم مەگرە ....!!!

مەگرە  هەی تورەهات وێنەم
ئەو منداڵە گیانی دەرهات
گرتمە باوەشم لە سەرما
وەختە بمری لە برسا
لەتێ نانیش نییە بیخوا
لە من زێتر کەس شك نابا
بووم بە دایك و ،
بووم بە باوك و
بووم بە برا ،
مەگرە وێنەم ئیتر
بەسە نامەوێ نا
سەر داگرە لە ئاست شێوەم
زەلیلی دەستی ئەو حکومەتەم
دەنا منیش هەر وەکو ئێوەم
نابم بە کۆیلەی کەس هەتا ماوم .

هانۆڤەر
٢٠١٤ /٣/٢٠

# مەمکت .....!!!

مەمکت خڕە وەکو هەنار
با جار و بار بیگرم بە زار
ئەو ساتەنەی کە مردم
ڕووحم بە تۆ دەبەخشم
لە سەر کانی بمنێژن
هێسکم ببن بە دەرمان
کیژ چاوان پێی بڕێژن
با کەس نەڵێی من مردوم
لە ڕێ عەشقا تیاچووم
لە سۆمای چاوەکانتدام
هەمیشە من هەر زیندووم .

هانۆڤەر
٢٠١٢/٧/٢٨

# نامەیەك بۆ منداڵە وردیلەکان...!!!

منداڵەکان
ئەی چاوگەش و بێوارەکان
نووسەرەکان لەسەرانسەری وڵات
شتی زۆریان بۆتان نووسی
لەسەر گەندەڵ و گەندەڵکاران
ئایا کەس
گوێ لێڕاگرتن
لەبەر دۆلارە چاو سەوزەکان
شاعیرەکان بە هەزاران
شیعریان نووسی
دژی گەندەڵی و نا یەکسانی
بەڵام کەس گوێ لێڕاگرتن
لەبەر بالەخانە و کۆشك و
تەلاری سەرپێچی بەرپرسەکان
نازانم ئەم میللەتە کەی فێر دەبن
چیتر کرنۆش بۆ دۆلار و کورس نەبەن
شای بە سەپانی خۆیان نەزانن
زۆر ئازاد بن
وەکوو مرۆڤی سەردەم بژین .

هانۆڤەر
١٤ /٥ /٢٠٠٦

# گڕ ....!!!

نا.. نا نەکەی گڕ لە خۆت بەردی ئەم شەو
با شیعرەکانت لە سۆزی تۆ بێبەش نەبن
ئەم شەو ڕەشەبایەکی بەهێز بەڕێوەیە
نەبادە پاش سووتانی جەستەت
خۆڵەمێشەکەی لەگەڵ خۆی ڕامالٚی
هاوڕێیەکانت نەتوانن خۆڵەمێشەکەت
کۆکەنەوە بیبەن لە ناوەڕاستی شارا
پەیکەرێکی جوانت بۆ دروستکەن
تا لە شارە...
ببێتە سیمبۆڵی ئافرەتان ...

هانۆڤەر
٢٠١١/٦/ ١٢

# نۆبل ....!!!

نۆبل ئیمرۆ دڵی خۆشە
ئیمساڵ یەکێك دەیگرێتە باوەشی خۆی لە غوربەتە
شاعیرێکە بە دێژایی ساڵ زۆر ماندووە
تاڵ و سووری و مەینەت و ئاوارەیی زۆر چێشتووە
هەگبەی شیعری بەتاڵ نابێ
هەمیشە هەر پڕە
خەمی میللەتی هەر لە کۆڵە
خەمی نیشتمان لە کوێ بۆنی بێت
ئەو لە ڕێیە جوانترین شیعری پێیە
نۆبل دەڵێت من شایستەی ئەم شاعیرەم
هەر شیعرێکی نووسیوەیەتی
جیگای پەنجەی دیارە
خۆشەویستە لە لای هەمووان
بوویتە شاعیری نەتەوە .

هانۆڤەر
١٩ / ٥ /٢٠١٤

# پڕم لە بۆنی تۆ...!!

هێشتا پڕم لە بۆنی تۆ
لە هەناسە و هەنسکی تۆ
لە بۆنی سەفەرە لەمێژینەکانت
لە جریوەی باڵندەکان و
لە نەغمەی بولبولی ناو سروشت و
لە ڕەنگەکانی ناو قەوسوقەزەح و
لە نالەی نەی, فرمێسکی ساز
لە خۆشترین ئاواز : بە سۆزترین ماڵاوایی
سەفەر چەند زوو دەست پێ دەکاو
چەند درەنگیش کۆتایی دێ
بەڵام پەنهانی نێوانمان
هەر وەکو ئاوی سیروانە
هەر ڕێبوارەو...
لە خوڕەو و هاژەی ناکەوێ...

هانۆڤەر
٢٠٢١ /٤/١

# سەمای ماچەکانی پایز ....!!!

لە ڕۆژێکی پایزدا
گەڵاکان ... ماچی خۆرەتاویان کرد
دەستیان کرد بە سەما
لە خۆشیان بورانەوە و
یەکە یەکە دەکەوتنە سەر زەوی
با ، لەگەڵ خۆیا ڕایماڵین
بردنی بۆ سەر کەنارێ
ئەوانیش دەستیان کردەوە
بە ماچ و مووچ و هەلەکە سەما
تا گزنگی بەیانی

★★★★★★

با زۆر حەزی لە ماچی ڕووبار بوو
ڕووباریش هەر خۆی لە با دەدزیەوە
بە خێرایی ڕایدەکرد
تاکو با لە هیچ شوێنێ
نەتوانێ بیگاتێ و ماچی بکا

★★★★★★

پەپوولەیەك حەزی لە سەما و ماچی گوڵ بوو
ڕۆژێ هەڵفڕی گەڕا و سوڕا
لە قوژبنێك گوڵێکی دۆزییەوە
تێر سەمای لەگەڵ کرد و ماچی کرد
دوای ئەوەی بەجێیهێشت و ڕۆی
عەشقێك لە دڵی گەڵالە بوو
بەیانی کە لە خەو هەڵسا

بۆ لای گوڵەکە هەڵفڕی
بینی گوڵەکەیان قرتاندوە
ئەویش لە حەژمەتان دڵی وەستا و
دەمودەست مرد.

هانۆڤەر
٢٠١٠/١٠/١٢

# سمێل فش ....!!!

له ماڵەوه له سەر گازی پشت ڕاکشایه
وەك كێخوایه ...
پارووی له دەمی منداڵان دەفڕێنن
بۆ دەێنن لەبەر دەمی دادەنێن
هەر دەخوات و قەت تێر نابیت
دەمی هەر وەکو حەزیایه
لەبەر دەرگای حەوشەی ماڵیان
هەمووی ڕانەمەر وەستایه
هەر ڕۆژێ مەرێكیش مردار بێت
گۆشتەکەی دەداته سەگەکانی
منداڵه هەژارەکانیش
حەزرەتیان نان و لۆبیایه
له دیوەخانی ماڵیشی
شەو و ڕۆژ چرا داگیرسایه
هەموو شەوانیش تا بەیانی
بەزم و شایی و هەرایه
ماڵەکانی دەوروبەریشی
چاویان لەبەر دوکەڵی ڵاله و فانۆس
هەڵترۆقایه ...
دونیایەکی بێ سەروبەره
سمێل فش  هەر پیاوی ماقوڵه و
هەژاریش مافی خورایه .

هەولێر
١٥ / ١١ / ٢٠٠٨

# نیشتمانم منداڵێکی زۆر برسییه .....!!!

هەموو ڕۆژێ لە خەفەتان
پەنجەی گەورەی خۆی دەمژێ
تاکو تێر بێت...
حەزی لە شیری مەمە نییە
متووی مەمکی دایکیەتی
بەڵام دایکی هەناوی پڕی کرمە
شیرەکەشی ژەهراوییە
ئەو منداڵە شیرە خۆرە
هەموو ڕۆژێ هەر ناڵە ناڵیەتی
لەم ناوەدا لە شیری مەمکی دایکی
بێبەش بووە .

هانۆڤەر
٢٠١٤/٨/ ١٢

# دوو داری عاشق...!!!

سەیری ئەم دوو دارەکەن
هەر وەکو دوو ماری عاشق تێکئاڵاون
هۆش و بیریان لانەماوە
هەر دووکیان مەست بووینە
ئەوەندەی ماچ و موچ بکەن
هێندە ئاوێزانی یەکتر بووینە
مەحاڵە لە یەکتری داببڕێن
مەگەر بکەونە بەر چاو و زاری خەڵک
لە ژێرەوە ڕەگیان وشک ببێت
ئەوسا دەست لە یەکتری بەربدەن .

هانۆڤەر
٢٠٢١/٤/٦

# هەناسە سپیەکان ....!!!

هێشتا هەر بۆنتان دەکەم و
هەر بۆنتان دێت
تاکو ئێستاش ڕەنگتان کاڵ نەبۆتەوە
من هیچ جارێك نەمووتووە
تۆ بە جارێك دونیای فانیت
جێهێشتووە و ون بووی
ناوت لە سەر زاران ڕەش بۆوە
کە جاروبار سەیری ئاسمان دەکەم
دەتبینم ئامێزت لە پەلە هەورەکان وەرینایە
بەڵام هەندێ جار لە پەلە هەورەکان وەڕەز دەبیت
دڵتەنگی ڕووت تێدەکا
ناچار هۆن هۆن دەگرییێ و
فرمێسکت وەکو باران لە چاوان دەڕژێ
دڵۆپ دڵۆپ بە سەر سەرمە دادەبارێ و
تەرم دەکا...
ئەو کاتە زوو هەست دەکەم
ئەوە فرمێسکی چاوەکانی تۆیە
چۆنکە بۆنی تۆیان لێ دێت
من نەمدەویست لە بیرتکەم و لە بیرمکەی
بەڵام چی بکەم
لەم ڕۆژگارە بێ وەفایە
خستوومیەتە ناو قوڵترین دەریای غوربەت
لە ناویدا ون بوومە و

کەسیش نییە بمدۆزێتەوە
شەپۆڵەکانیش بە خێرایی دێن
لەگەڵ خۆیان لوولم دەدەن
سەدان جار بەرز و نزمم دەکەن
منیش پڕ بە دەنگم هاوار دەکەم
بەڵکو کەسێك گوێی لە سەدای دەنگم بێ
لە پڕ دەکەومە ژێر ئاو و
ئاگام لە خۆم نامینێ
کاتێ چاوەکانم دەکەمەوە
وا لە سەر کەناری دەریا کەوتووم و
دۆلفینەک بە سەرمەوە وەستاوە
بە گوڕ بۆم دەگرییێ و
فرمێسك بە سەر سەرما هەڵدەڕێژێ
هەر زوو هەستم کرد
ئەوە تۆ بووی لە ناو دڵی دۆلفیندا نووستبووی
کە گوێت لە سەدای دەنگی من بوو
یەکسەر واگا هاتی و هانات وەبەرم هێنا
نەتهێشت لە ناوی دەریای غوربەت دا بخنکێم.

هانۆڤەر
٢٠١٥/٤/١٤

# هەناسەکەم بیرت دەکەم ....!!!

له هەر کوێ بێت له دوورەوه
که گوێم له خشپەی پێت دەبێت
بێ ئەوەی سەیری نیگاتکەم
هەر دەم و دەست دەتناسمەوه
کاتێ لێم نزيك دەبێەوه
بۆنت دەکەم
گەر گوڵی دونیا
هەمووی کۆکەیتەوه
بۆنیان له بۆنی تۆ ناچێ.

هانۆڤەر
١ / ٤ /٢٠١٤

# هۆ شارەکەم .....!!!

من چیت بۆ بکەم
گەر تۆ لە من بێزار تر بی
من لە ناو زەڵکاوی غوربەتا خنکاوم
تۆش لە ناوی زەڵکاوی گەندەڵی
هەر چواردەورت لێگیراوە
پنجێك نییە دەستی پێ بگری
هەتا زووە نەجاتت بی.

هانۆڤەر
٢٠١٧/٥/١٨

# ئەی غەریبی ....!!!

له کوێدا منت ون کرد
هەر لەوێشدا بۆ خۆت ونی
پێویست ناکا بە دوای مندا بگەڕێ
یەکەم جار سۆراغی خۆت بکە و
پاشان من بە ئاسانی
له ناو سێبەرەکەی خۆتدا دەدۆزیەوە
لە ژێر خۆرەتاوە سووتاوم
بوومەتە یەک چەنگە خۆڵەمێش...

هانۆڤەر
٢٠١٢/ ٥ / ٢٥

# گولـلە باران .....!!!

ئیمرۆ دوێنێ گولـلە باران کرد
بەلام دوێنێ هێشتا برینەکەی هەر گەرم بوو
پەلاماری ئیمرۆی دا بیکوژی
کەچی ئیمرۆ لە دەستی ڕایکرد و هەڵات
دوێنێ یەکسەر ڕووحی دەرچوو
وەڵی ئیمرۆ لە ژێر دەستی پۆلیس دەرباز نەبوو گیرا
پاش دادگایکردنی
زیندانی هەتاهەتاییان کرد.

هانۆڤەر
٢٠١٢/ ٥ / ٢٥

# بۆ شێرکۆ بێکەس ......!!!

گیانە شێرکۆ ...
کە شیعرەکانم دەخوێندیەوە
بە دەنگ و سەدای نەرمەوە
زۆر لە سەرخۆ ...
باوکم گوێی لێدەگرتم
هەموو جارێ دەهاتە گۆ
دەیگووت بێکەس ...
هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی تۆ
کوڕێکت دوای خۆت جێهێشت
بووە سیمبۆڵی نیشتمان و
بووە شاعیری نەتەوە.

هانۆڤەر
٢٠١٣/٨/١٠

# ڕۆژنامەی شاعیرێکی یاخی .....!!!

چیتان نەکرد
هەمووی دیار و ئاشکرایە
تا منداڵی ساوا و بچووك
شوناسنامەی ئێوەی لایە
ئەوەی پێشان دەکرا و دەبوو
بە خۆتان دەتان وت
تاوانە و زۆرداریيە
کەچی تاوانی ئێوە گەورەترە
لە هیرۆشیما و هەڵەبجە و ئەنفالەکان
سەری یاساتان بڕی و
خستانە ژێر پێڵاوی
پیاوە ماقولەکانتان
یاساتان کردۆتە پێڵاوێك
هەر ڕۆژێ یەکێك دەیکاتە پێی
ئێوە هاتن منداڵەکان
فێری زەردەخەنە بکەن
کەچی زەردەخەنەی ئەوان
گریانی شەو و ڕۆژیانە
ئێوە هاتن وەکو باران
ببارێنن بە سەر ئەم خاکە تێنووە
ئەم خاکەی کە سەدان ساڵە هەر تێنووە
تێنوەتی قەت بە ئێوە ناشکێ
سروشتیش لە خۆی بێزارە

سروشت کە لە خۆی دەڕوانێت
تف لە ڕابردوی خۆی دەکات
تەنانەت باڵندەکانیش لە خۆیان بێزارن
ئەوە نییە پۆل پۆل
لانەی خۆیان دەپێچنەوە
دەڕۆن بۆ هەواری تر
من لەم وڵاتە لە دایك بووم
بەڵام خۆم بە غەریب دەزانم
ماڵم نییە ڕووی تێ بکەم
پەنا بۆ هەر تاشە بەردێك دەبەم
نامگرێتە خۆی
بیکەم بە ژینگەی هەمیشەییم.

هەولێر
٢٠٠٨/١٠/٢٥

# ڕۆژێ دادێ...!!!

بە چاوی پڕ لە فرمێسك و گریانەوە
بە دڵی پڕ لە خەم و ئازارەوە
پڕ لە زام و حەسرەتەوە
پڕ لە هەناسەی ساردەوە
بۆ وڵاتەکەی خۆم دێمەوە
دڵناوایی دایکی شەهیدان و
خانەوادەی ئەنفالەکان دەدەمەوە
منداڵانی دوای ئەنفال بە جێماو
دەگرمە باوەشی خۆمەوە
یەکە بە یەکە تێر تێر
ماچیان دەکەم و دەرسێکیان فێر دەکەم
ئەم ڕۆژە ڕەشانە و نەهامەتیانەیان
قەت لەبیر نەچێتەوە
کە هاتمەوە
هەرچی قورولێتەی وڵاتەکەم هەیە
دەیلێسمەوە ...
پەیامێکی تازەم پێیە
بۆ هەموو خەڵکی وڵاتەکەم دەخوێنمەوە
قەت مەڵێن خەڵکی وڵاتەکەم
کڕ و بێ دەنگن هیچ ناڵێن
دەبێت من و تۆ و ئەوان
فێریان بکەین
کە چۆن ئەو دەرگایە ژەنگاویانەی
لە سەریان داخراوە بیشکێنن

ئەو دەستە ڕەشانەی
بەری خۆرەتاوی لێگرتوون
لە بنەوە بیبڕنەوە
ئەوانەی لە نزیکەوە
چاویان بڕیوەتە وڵاتەکەمان
سووك و ڕەزیل و ڕسوا و دەمکوتیان کەن
نەفرەت لەو کەسانە بکەن
ئیمرۆ لە وڵاتەکەمان دزن
بۆ کورسی و پلە و پارە
وڵاتەکەمان دەفرۆشن
ئەم ڕاستیە هەموو کەسێ دەزانێ
تۆڵە بەسەبرە
بەڵام زۆریش بە زەبرە
ڕۆژێك دادێ
ئەم گەلە بێ تاوانە
کە بووە بە پەندی زەمانە
قۆڵ و بازویان لێهەڵکەن
بە چەپڵەی دەست لە وڵات دەریانکەن
ئەم وڵاتە وێرانە جارێکی تر
سەر لە نوێ نۆژەن بکەن .

هانۆڤەر
٢٠ /٨/ ١٩٩٩

# شێرکۆ بێکەس ....!!!

شێرکۆ بێکەس
بێکەس نەبوو
دارستانێك بوو پڕ لە وشە
دەریایەك بوو پڕ لە شیعر
چقلی چاوی دوژمنان بوو
جگە لەمانەش پێشمەرگە بوو
هەمیشە قەڵەمی لە پەنجە بوو .

هانۆڤەر
١٢ /٢٠١٦/١٠

# کیسەلەکان نافڕن .....!!!

ئیتر لە مەودوا
کیسەلەکان عەوسەلەی فڕینیان نەماوە
کیسەلەکان وەکو عەس عەس
هەمیشە لە سەر جادەن وەستان
زۆر هیلاکن
ڕەش هەڵگەڕاینە
لەبەر خۆرەتاوی هاوین
نە بە شەو دەخەون نە بە ڕۆژ
تەنیا بۆ پارووێ نان
تا تێرکەن زگی خۆیان
وەك سواڵکەرێ..
دەست لەبەر کەسیش پان ناکەنەوە
تا سووکایەتیان پێنەکرێ .

هەولێر
٢٠١٢/٤/٢٤

# خانمەکەم ....!!!

له جیاتی سۆرا و
مکیاژ و مسکاره و فلّچه
خاتوونەکەم دەواز بێنه لەم بەزمه
دەتۆش کلاشینکۆفەکەت وەکو ئەم کچه هەڵگره
نیشتمانەکەت وەکو گلێنەی چاوت
له دوژمن بپارێزه ...

هانۆڤەر
٢٠١٣/ ٧ / ٢٧

# ماڵیان لە دوورە دێیە .....!!!

ئەو کچە چاوی لە ڕێیە
بۆیە ئەوەندەم خۆشدەوێ
زۆر بەوەفا و ڕاستگۆیە
لە جوانی تاکی نییە
مانگیش حەسوودی پێیە
زۆر حەز دەکەم بیبینم
تا لە بینینی تێر بم
کۆڵمەی گەشە وەکو گوڵە
چاوی زۆر سحراویە
بەژن و باڵای کەڵەگەت
ناوقەدی شووشەییە
هەرکە چاوان دەگێڕێ
دڵی من دەخورۆێنێ
منی ئاشق و شەیدا
دڵکەم دەسووتێنێ
بە نیگای چاوەکانی
هەستم زۆر دەبزوێنێ
منت شێت و شەیدا کرد
دەترسێم وازم لێبینێ .

هەولێر
٢٠٠٨/١٠/٢٣

# نیشتمان.....!!!

من کە نیشتمانم نەبێ
ئاڵام بۆ چییە
ج نیشتمان و چ ئاڵا
هەموو ڕۆژی لەسەر زاریانە
سوێندی پێ دەخۆن
کەچی یەک قسەی ڕاستیان نییە
ئەوەی دەیکەن و دەیلێن
هەمووی کاتێ درۆیە...

هانۆڤەر
٢٠١٥ /٥/ ٢١

# منداڵەکان .....!!!

ئەوەی نەشمان بیست بیستمان
ئەوەی نەشمان دیت دیتمان
دەستەڵاتە تۆقێنەرەکە و سەرکووتکەرەکە
شاریان کردوە بە سەربازگە
وەك سەگی هاریان لێهاتووە
هەر ڕۆژی کەڵپەی خۆیان تیژتر دەکەن
کەڵپە لە میللەت دەگرن
پێم ناڵێن فەرقیان چییە
لەگەڵ بەعسی گۆڕ بە گۆڕ چوو
ئەوان بە عارەبی ئازاریان دەداین
ئەوانەش لە وان خەراپتر ئازارمان دەدەن
تەمەنی دکتاتۆرەکان تا سەر نییە
تەمەنیان یەکجار زۆر کورتە
ئەمرۆش نەبی سبەی
ئەم شانۆیە کۆتایی دێ.

هانۆڤەر
٢٠١٢/٦/١٢

# ناتوانم بێ تۆ بژیم ....!!!

وا شیعرێکت بۆ دەنووسم
تاکو ئێستا نەنووسرا بێ
لە چامەی عاشقترین
شاعیریشا نەبیسترا بێ
چەپکی گوڵت بۆ دەنێرم
بۆنی هەرگیز تەواو نەبێ
گەر ویستیشت ئەم جارەیان
دڵی خۆشم دەنێرم بۆت
ئەی خواوەندی جوانترین هەست
ئەی پیرۆزتر لە ژینی خۆم
تا ئەو ساتەی بوونم مابێ
دڵم پڕە لە عەشقی تۆ
من ناتوانم بژیم بێ تۆ
دەزانی بۆچی سەرسامم
ئەو دونیایەی من تیامە
زۆر بێوەفایە ...
شەو و ڕۆژیش لەگەڵ یەکتر
ناتەبایە
سێبەر لەبەر تیشکی خۆر
ڕادەکا خۆی دەشارتەوە
ئاسمان کە توڕە دەبێ
پروشکی لێ دەپرژێ
بەڵام کاتی تۆ کە توڕە دەبیت
توڕەیت لە سیما نایەت

دێم و دەست لە ملت دەکەم و
بە ماچ ئاشت دەکەمەوە
ئەی کچە جوانەکەی سروشت .

هانۆڤەر
٢٠٠٠/٧/٢٣

# نەمری بۆ شەڕڤان ...!!!

ئەو کوڕە شۆڕەسوار بوو
قارەمان و جەربەزە بوو
هیچ کات باکی لە مردن نەبوو
ویژدانی ڕیگای نەدەدا
بۆ خۆی لە ماڵ دابنیشێ
قاچ لە سەر قاچ دابنێ و
کوڕی ڕەش و رووتی وڵاتەکەی
بە کوشت بدا
بۆ خۆی بووبوە پێشەنگ
بۆ داکۆکی لە ئازادی و سەربەستی وڵاتەکەی
خەباتی کرد کۆڵینەدا
هەتاکو مرد
بەڵام چ مردنێك
مردنێکی سەربەرزانە
بووە شەهیدێکی نیشتیمان
بووە سیمبۆڵێك
ناوی هەتاهەتایێ
لە ناو لاپەرەی مێژوودا دیارە و دەمینێ .

هانۆڤەر
٢٠١٧/٤/٢٢

# ڕسوا.....!!!

سەگێك لە لایەن خاوەنەکەی ڕسوا کرا
کەچی لە خەفەتان خۆی کرد بە ژێر ئوتۆمۆبیلە.....
کرێکارێك لە لایەن خاوەنکار ڕسوا بوو ، کەچی زۆری نەخایاند
کارگەکەی سووتا...
فەرمانبەرێك دزی لە دەوڵەت کرد، کەچی لە جیاتی ئەوەی
ڕسوا بکرێ خەڵاتیان کرد...
وەزیرێك گوێیان لە ڕێنمایی نەگرت و پێشنیارەکەیان ڕەتکردەوە ،
کەچی لە خەفەتان دەستی لە کار کێشایەوە...
کچێك لەبەر ئەوەی بە خورتی دایانبەشوو ،
کەچی لە خەفەتان خۆی سووتاند...
سەرەرای ئەو تۆپ بارانە
لە جیاتی ئێران ڕسوا و نەفرەت بکرێ ،
کەچی یادی خومەینیان کردوە لە هەرێم
هەی ئافەرین پەرلەمان...
سەرۆکێك لە ناو کۆمەڵێ خەڵك ڕسوا بوو ،
کەچی فزەی لە دەمی دەرنەهات
لە بەردەمیان ستایشی کردن و پێکەنی
هەی ئافەرین سەرۆك...

هانۆڤەر
٢٠١٠/ ٦ / ١٠

# باڵات هەڵچووە.....!!!

باڵات هەڵچووە وەک لاولاوە
نازانم دڵت بە کێ داوە
ئەوە ماوەیەکە زۆر کشوماتی
هەروەکو مانگەکەی ژێر هەوری
جاروباریش کە دەتبینم
زۆر بەناز دێتە پێش چاوم
ڕۆژێک شیرینی وەک شەکر
ڕۆژێکیش تاڵ وەک ژەهری مار
کە چاوەکانت تێم دەبڕی
دڵم لات دەکەی وەك خەنجەری.

هانۆڤەر
٢٠ / ٦ / ٢٠١٢

# بزەم هاتێ .....!!!

بزەم هاتێ و پێنەکەنیم
چونکە گریان لە بۆسەیەکدا
بۆم دانیشتبوو...
پەلاپیتکەی لە سەر تفەنگ بوو
لەوە دەترسام لە ناکاو بمپێکێ.

هانۆڤەر
٢٠١٥/٦/ ٢٥

# تێکئاڵاوین...!!!

تێکئاڵاوین
وەك هاوکێشە
تۆ منی منیش تۆمە
بە سەر دیواری ژیان هەڵگەڕاوێن
وەك لاولاوە
ڕەگ و ڕیشەمان
لە ژێر خۆمان داکوتاوە
زۆر ئاستەمە
لە یەکتری دابڕێن
بووینەتە یەك پارچە
لەم جەستەیە .

هانۆڤەر
١٨ / ٣ / ٢٠١٤

## دوێنێ .....!!!

له پایتەختی شاره
له وڵاتێکی سەر دەریایی نەوت
گەنجێك ئاگری له جەستەی خۆی بەردا
خۆی کرده خۆڵەمێش
کەسیش فرمێسکی بۆ نەرێشت
کەسێش نەهاته سەر جاده
نوقەشیان له دەم دەرنەهات
وەی لەم وڵاته وێرانه .
هەمووی به جارێ
یان دروێشی حیزبێکه
یان لەم وڵاته بوویته کۆیله...

هانۆڤەر
٢٠١٦/٧/ ١٢

# وەسیەتەکەی گەرمیانی .....!!!

باش دەمزانی
ئەمەیە چارەنووسم
ڕۆژێکی وەك ئیمرۆ
بە دەستی نامەردان دەکوژرێم
منیش تاکە قوربانی نابم لەم خاکە
خۆ پیش منیش گەڵێک کەسیان
خەڵەتانی خوێن کرد
ئاخۆ ئەبێ سەبەی نۆرەی کێ بێ
جەرگی چ داکێك بسووتێنن
هەتا ئەم گەندەڵانە بەرپرسن بن
کورد ژیانی هەر وا دەبێ
بەڵام گرینگە
ئێوە بێدەنگ نەبن
چونکە دڵنیام من و هەموو
شەهیدانی قەڵەم
لە ناو دڵی ئێوە دەژین
هەمیشە هەر زیندووین .

هانۆڤەر
٦ /١٢ / ٢٠١٣

# جروجانەوەرەکانی مەملەکەتی شەو .....!!!

ژیان بە کەیفی ئێوەیە
ئەسپی خۆتان باش لێخورن
هەر بۆ خۆتان بیدزن و درۆ بکەن
میللەت لە خشتە بەرن
خۆ لە هیچتان کەم نییە
نە لە دەرمانی ئێکسپایەر و
نە لە ئاو و کارەبا
ژیانتان بۆ خۆتان زامێن کردوە
میللەتیش ماڵی وێرانە بووە
هەتا دوێنی لە شاخە
خەباتتان لە پێناوی کورد بوو
ئیمرۆ لە شار خەباتتان
لە پێناوی دۆلارە
شەرم ناکەن داناززێن
هەتاکەی ئەم فروفێڵە
سامانی نیشتیمانتان هەمووی دزی و
کردتان بە موڵکی خۆتان
بانقیش نەماوە پارەی زیادەی لێدانەنێن
بۆ کوێ دەچن ...
هەی هەش و خاکتان بە سەر
دونیا تا سەر بۆ کەس نابێ
کە جام پڕ بوو هەر لێدەڕژێ و
گوریسیش لە ئەستووری دەپسێ

ڕۆژێکیش هەر ڕۆژی ئێوە دێ
بکرێنە ناو قەفەزی تاوان و
کورسیەکانتان پێ لەق بکرێ ...

هانۆڤەر
١٠ / ١ /٢٠٠٩

# ژیانەکەمان ....!!!

لە کەشتیەك دەچێ
لە ناو قوڵایی دەریا وەستایە
شەپۆلەکان زۆر بە تورەیی
تەوژم دێنن ...
کەشتیەکەش سەری لێشێوایە و
نە دەتوانێ بۆ پێشەوە هەنگاوبنێ
نە بۆ دواوە بکشێتەوە
زۆر نیگارانە
چاوەڕێی نوحێکە بێت
بەڵکو لەم تەنگەژییە
ڕزگاری بێت...

هانۆڤە ر
٢٠٠٩/١٠/٢

# سێ عاشق ....!!!

عەشقەکانیان
هێندە پیرۆز بوون
زۆر جوان و پاك و
بێگەرد بوون
هەموو سنوورێکیان
بەزاند کە لێیان قەدەغە بوو
دەرگا داخراوەکانیان
خستە سەر پشت و
واڵایان کرد
عەشقێکیان لە دڵ دابوو
چاونەترس و جەربەزە بوو
دژی هەموو یاسا و نەریتێکی
کێخوا و میر و بەگ بوو
خۆ باش دەیانزانی
ئەو ڕێگایەی گرتوویانە
زۆر بەترسە
ڕۆژێ دادێ
مەرگ چاوەڕێیان دەکا
کەچی ملکەچی
ئەو نەریتە بۆگەنەی
میر نەبوون
زۆر ئازا و دلێر و بە جەرگ بوون
هەموو شەوە درەنگەکان
خەوی لە چاوی دەزڕاو

به ماته مات و ترس
دەهاتە دەرێ
بۆ ئەو دیوی دیوارەکەی
پشت ماڵیان
بۆ جێگای ژوان
چاوەکانی کردبوونە
کامیرەی چاودێری
تاکو یەکێ نەیانبینێ
چاوەڕێیە
ئەستێرە گەشەکەی
درەنگی شەوێ
هەر دەرنەکەوت
چاوەڕوانە
بەڵکو لە پڕ وەدەرکەوێ
کەچی هەر دەرنەکەوت
ئەوە ئەو شەوەش بەسەر چوو
ئەوە دیسان وا
ڕۆژ بۆوە هەر نەیبینی
ئای کەساتێکی ناخۆش بوو
بەدرێژای شەو لە جێی ژوان
چاوەڕێ بوو
کەچی ئەو کچە دڵپاکە
وا لە ماڵە
لە ژوورێکە دەرگای
لەسەر داخراوە
لە دەستی میر هەر ناڵەی دێ و

سندم و کۆتی لە دەست دایە
هەر دەیانویست
ئەم دوو عاشقانە
لێکدابڕێن
ئەگەرنا
چاڵی مەرگیان
بۆ هەڵکەنن
لێزا زۆر لە خۆی بێزارە
ژیانی تاڵ بوو وەکو
ژەهری مار بوو
ئامێزی کرد بە کارەبا و
کەچی نەمرد
چونکە عاشق بوو
دڵی زۆر پاك و بێگەرد بوو
جارێکی تر پەنای
بۆ مەرگ برد
کەچی نەمرد
چونکە کچێکی بەوەفا بوو
ئیڤانی لاو
فرمێسکی لە چاو
قەتیسماو
وایدەزانی خۆشەویستەکەی
لە دەست دەچێ
بێ ئارام بوو
ئەویش پەنای  بۆ مردن برد
بەڵام نەمرد

کۆڤانی لاوی هەرزەکار
هاوڕێی گیانی بەگیانیان
ئەویش لە پێناوی
خۆشەویستی ئەوان
خۆی کردە قوربانی
هەردووکیان
بوونە سیمبۆڵی
خۆشەویستی و ئازادی
دژی نەریتە کۆنەکەی
بەگ و میران
بێ ئارامیان بووە
ڕووبارێکی بێ کۆتایی
هەموویان دەستە وەستان
ئەمجارەیان
هەرسێکیان بەیەکەوە
بڕیاریان دا
ئەم هەوارە بەجێبێڵن
کە ڕایان کرد
زۆر دڵخۆش بوون
بەڵام کێخوا و میر و بەگ
پێیانزانی
بە دوایاندا چوون
ئەوان لە خۆشیانە
شاگەشکە بوون
لە دەست ئەم نەریتە
بۆگەنەی میر

نەجاتیان بوو
بەڵام نەیانزانی
لە پڕ دەکەونە ناو تۆڕی  بەگ و میران
وەکوو چۆلەکە باڵ بەست دەکرین و
دەدرێنە بەر ڕێژنەی گولـلەن
خەڵتانی خوێنیان دەکەن
خوێن دەڕژێنن
هەر لە هەمان شوێن
دەیان خەنە ژێر گڵ و
ونیان دەکەن
نازانم بۆ چاوە قوچاوەکانی
ئەم دەڤەرە بۆ بێدەنگن
شەرم ناکەن
تاکەی ملکەچی
ئەم نەریتە بۆگەنەی میرن و
سەرشۆڕدەکەن
بەسە شەرمە
تاکەی چاو لەو تاوانە دەپۆشن و
هەر ژێر دەستەی بەگ و میر بن
هەر کۆیلەبن
کێخوا و بەگ و میرەکەتان
لەبەر بەرژەوەندی خۆیان
مافەکانتان پێشێل بکەن
ئێوە چینی ژێر دەستەن
جا بۆخۆتان باش تێبگەن
ئەمانەی خەڵتانی خوێنیان کردن

عاشقێکی بێ وێنە بوون
سیمبۆڵی خۆشەویستی و ئازادی بوون
چاونەترس و بەجەرگ بوون
ملکەچی ئەو نەریتە
پیسە و چەپەڵە نەبوون
دژی یاسا و نەریت و
دەستەڵاتی میر بوون
لە پێناوی خۆشەویستی
خەباتیان کرد
بوونە قوربانی
ڕێگای عەشق و ئازادی
هەتا مردن .

هانۆڤەر
٢١ / ٩ / ٢٠٠٦

# هاوار...!!!

کاتێ پڕ بە دەنگم
هاوار دەکەم
کەس بە هانای دەنگم نایێ
کەسیش لێم ناپرسێتەوە
خۆ منیش یەکێکم
لە ئێوە
دڵ بریندارو
داخ لە دڵ و ستەمدیدەم
هەر کاتێ بەم شێوەیەش
دەتانبینم
برینی هەرە لەمێژەم
دەکولێتەوە
من تاوانم چییە و
چیم کردوە
بۆچی منیان خستۆتە
ناو قەفەزی تاوانەوە
منیش بابایەکی هەژارم
چەندەها ساڵە
لەبەر ئێش و ئازاری
میللەتەکەم دەناڵم

بۆ بە هانای
سەدای دەنگم نایێن
تۆزێك لێم
نزیك ببنەوە
بۆ دەنگتان هەڵنابڕن
ئەی کوڕانی خانزادی میری سۆران و
کوڕانی هۆلاکۆ بەزین
وەرن چرای دەنگی ئازادی
هەڵکەن
وەرن هەموو خۆتان
یەکخەن
ئەو دەستە ڕەشانە
ببڕن
کە چرای دەنگی ئازادی
دەکوژێننەوە
دەنگی ئازادی گەل
دەخنکێنن
من تاوانم چییە و
چیمکردوە
من تەنیا بۆ شارەکەی
خۆم هاتوومەوە
ئاورێك لەم
میللەتە ستەمدیدە و
منداڵە بێ باوکەکان بدەمەوە
ئەو دەستە ڕەشانەش
ببڕم

گەندەڵی دەنێنەوە و
چرای ئازادی
لە سەر ئەم میللەتە ستەمدیدەم
دەکوژێنەوە
دەنگی ئازادی کپ دەکەن و
مرۆڤ بە گەف و هەرەشە و چاونوقاندن
دەتۆقێنن
بۆ بە هانای دەنگم نایێن
ئاورێك لەم میللەتە
ستەمدیدە بدینەوە
هەستن وەرن
دەست لە ناو دەست نێن
یەکگرن
تا ببین بە خاوەنی
یەك هەڵویست
تا ئەم میللەتە ستەمدیدە و
ڕەش و ڕووتە
چیتر نەناڵێنن
لە دەست زڵم و زۆرداری
ئەم حکومەتە قرەقووشە.

هانۆڤەر
٢٠٠٦ / ١/ ٥

# ئەو کچە زێدە جوانە .....!!!

خاڵی لە سەر لێوانە
لە مەکتەب هاتە دەرێ
تا چاوی بە من کەوێ
لە سەر جادەی ڕاوەستا
تا چاوەڕێی من بکا
منی کە دیت لە دورڕا
چاوی گەش بوو لە خۆشیا
داوای دوو ماچم لێکرد
یەکسەر هاتوو بۆم وەستا
منیش ویستم ماچیکەم
سەری باداو  نەوەستا
کچێ دڵم مەشکێنە
ناسکە وەکو ئاوێنە
بۆچی دڵگیرت کردم
ماچێکم بدێ خێرە
ئەو کچە باڵا بەرزە
چاو گەش و لێو بە خەندە
هێندە ناسك و جوانە
ئاگری لە جەرگم بەردا
داوای ماچێکم لێکرد
هۆشی نەما لە خۆشیا

ئەو کچە زێدە جوانە
ناسکە وەکو ڕەیحانە
زۆر بەناز و سۆز دیارە
سەیری چاوەکانیکە
وەکوو مانگی تابانە
داوای ماچێکم لێکرد
دڵی نەشکاندم گیانە.

هانۆڤەر
٦/ ٩ / ٢٠٠٣

# نازداریَ ....!!!

سەبرم لێ بگرە جارێ
تا لە سەفەری دێمەوە
دەتکەمە بووکی ماڵێ
نازدارێ ....نازدارێ
کیژۆڵەکەی بەر ماڵێ
وەرە دەستی یەك بگرین
بچین بۆ ناو بیستانێ
بیکەینە بەزم و
شایی و هەڵپەرکێ
ئیمرۆ تاکو ئێوارێ
نازدارێ ....نازدارێ
گوڵی وەرزی بەهارێ
بۆنی پەرچەمت خۆشە
عەتر لە چاوت دەبارێ
ئەمن عەشقی تۆ بوویمە
کچە شۆخەکەی ماڵێ
با دایکت پێی نەزانێ
بۆچی ئەوەندە بەنازی
خەندەت لە لێوان دەبارێ
ناسک و شۆخوشەنگی
وەکو ئاسکی کێوانی

نازدارێ ....نازدارێ
جوانە وەرزی بەهارێ
چاو گەش و کوڵمە جوانی
وەك فریشتەی ئاسمانی
ووردە خاڵی سەر گۆنات
با ماچیانکەم جار جارێ
شەمامەی ناو باغەڵت
خڕن وەکو هەنارێ
زۆر خۆشن دەستیان دەمێ .

هانۆڤەر
٦ / ١٢ / ٢٠٠٤

# کێخوای دزان...!!!

لەو دیوی دیوارە
ڕوخاوەکە
دڵی پەنجەرە
درزی داوە
دەرگاش زۆر شەکەت و هیلاکە
هەناسەی نایێ
بە سەر وردە شووشە
ڕەت دەبێ
خوێن لە ژێر پێ
فڕکەی دێ
گۆڕ هەڵکەنەکانیش
ددانیان لە مشار و قازمە
تیژترە
بۆنی لاشەی کەری تۆپی دێ و
سەگەکان دەمی خۆیان
تیاناوە
لەم شارە سەر لێشێواو و وێرانە
خەڵك هەمووی کش و ماتە
نوقەیان لێوە نایێت
دەمیان بە دەرزی و داو دووراوە

چۆڵەکەکانی سەر دار و بن سواندەکان
ئەوانیش وەکو جاران
جریوەیان لێوە نایێت
کە لە دەرگاکان دەچییە دەرەوە و
ڕەت دەبی
گوێت لە دەنگێکی
زۆر کز دەبێ
لە بەر کێخوای دزان
تۆقیوون
نوقەیان لێوە نایێت
کێخوای دزان زۆر دڵخۆشە
خاوەنی کۆشك و دۆلار و
تەکیە و خانەقایە
ئەگەر سەیری ناو
پێچی مێزەرەکەشی بکەیت
هەر دۆلارە
کێخوای دزان زۆر دەولەمەند و پارەدارە
خاوەنی کارخانەی هەمە جۆرە
کارخانەی تایبەتیشی هەیە
ئەویش کارخانەی
خاولی و مەسینەیە
هەر کەسێ دیدەنیکە
خاولی و مەسینەیەکی
بە دیاری پێ دەدا
کێخوای دزان
خاوەنی مەزار و تەکیە و خانەقایە

دەروێشیش
لە هەموو لایەك
دەوری دایە
کەس بۆی نییە
لە بەر دەمی نوقە بکا
دەبێت شەو و ڕۆژ
مەسینەی بۆ هەڵبگرێ و
زکری بۆ بکا .

هانۆڤەر
٢٢ / ٣ / ٢٠٠٦

# دایە....!!!

دایە...دایە...دایە
بێ تۆ سەبوریم نایێ
بە قوربانی چاوت بم
ئەمنت وەبەر هینایە
دایە...دایە...دایە
تۆی جوانی ئەو دونیایە
لە خوای دەپارێمەوە
بتپارێزی لەم ژیانە
دایە...دایە...دایە
بەهەشت لە ژێر پێتایە
گەر لەبەر تۆ نەبا
نەدەهاتمە ئەو دونیایە
دایە...دایە...دایە
خۆزگە مردن نەبوایە
ئەگەر بۆ من مابای
تۆم لەبەر چاوان بوایە
لە ئامێزی تۆ بامە
با بەهەشتم نەبوایە
بەهەشت بووی لەم دونیایە
ئەی دایکی خۆشەویستم

جەرگ و سۆز و هەست و دڵم
تۆ خواوەندی جوانی
بۆ من زۆر خۆشەویستی.

هانۆڤەر
٢٠٠٤/٩/٦

## شیلانە....!!!

ئای شیلانە شیلانە
ئۆی شیلانە شیلانە
دڵم لە لات مێوانە
با ماچکەم ئەم کوڵمانە
منیش بۆ تۆ سووتامە
مەمکوژە بەو چاوانە
ئەمن عاشقی تۆمە
بێ دڵیم مەکە گیانە
دڵم هەر لە لای تۆیە
چاوم چاوەڕێی تۆیە
ناتوانم ئۆقرە بگرم
ئەگەر ڕۆژێك نەتبینم
با چیتر بێزار نەبین
دوور لە تەنیای بژین
دڵم هەر بە تۆ خۆشە
بە رووخسارت سەرخۆشە
وەرە ببین بە هاوژین
با لێکنەترازێن لە ژین
با ڕۆژگارمان بەهار بێ

پڕی  گوڵ و گوڵزار بێ
تا ژیانی هەمیشەیی
بژین بە ئاسوودەیی

هانۆڤەر
٢٠٠٢ / ٢ / ٧

# هەر چەند .....!!!

هەر چەند ...
لە سیمات ڕادەمینێم...
ئەی کچەکەی خوای جوانی
لە لۆکە نەرمتری...
لە ئاوی کانیش ڕۆنتری...
کە لێشت نزیک دەبمەوە ،
ماچت دەکەم...
بۆنت لە کچی بەهەشت ،
دەچی...!

هانۆڤەر
٢٠١١ / ٥ / ١٥

# خەونی ڕەش...!!!

خەونەکانتان قەت نایێتەدی سەر ناگرن
دەزانم مەرامتان چییە و
چاوەکانتان بڕیوەتە کوێ
هەی نەفام...
خەونەکانتان وەکو بەردی بن گۆمن
دڵتان بەوەی خۆش نەبێت
ڕۆژێك بە سەر ئاوکەون
هەی نەفام...
چاوەکانتان بڕیوەتە کەرکووك و
هێرش بۆ قەندیل دەبەن
نازانن قەندیلی خۆراگر
هەزاران هەڵۆی لەسەر شانە
ناتوانن پێ بخەنە ناو قەندیل
گەر هێزی دونیاشتان لە پشت بێ
بیری کەمالست کۆن بووە و باوی نەما
لە ناو هەموو ئەوروپا ڕسوایە و
یەك تۆزقاڵ ڕێزی نییە
ئێوە کەی دڵی ئینسانیەتان هەیە
میللەتێکتان لە ناو دڵە

هەر هەمووی لە مرۆڤی نیاندرتاڵ دەچن
هەی نەفام...
ئەو خەونانەی کە دەیبینن
وەکو بلقی سەر ئاوەن
نە دەتوانن پێ بخەنە ناو کەرکووك و
نە قەندیلیشتان بۆ دەگیرێ
هەڵۆیەکانی قەندیل بەرزە فڕن
قەت ناکەوەنە ناوی داوی ئێوە
دەنیگیان ئەوەندە تیژ دەڕوا
قەت دەنگیانتان پێ کپ نابێت
خەیاڵتان خاوە ،
هەی نەفام...
سەر ناگرن ، خەونکانتان قەت
بۆ نازانن کەرکووک...
دڵی کوردستانە...
هەر دەبێت لە حەژمەتان ،
ڕۆژێ بمرن...

هانۆڤەر
٢٠١٥/١٠/٥

# بڕیارم دا....!!!

بڕیارم دا ئیتر شیعر نەنووسمەوە
هەر شیعرێکی دەنووسم
لە دوای جگەرە کێشانێك
لە پڕ خۆی لێم دەشاردەوە
جارێك لە ناو گیرفانی بادا دۆزیمەوە
جارێکی تریش لە ناو ستیانی کچەکەی دراوسێما
بۆیە ئەم جارەیان ناچار توند گرتم
وەك تابڵۆیەك هەڵمواسی
لە ناوەڕاستی ژوورەکەما.

هانۆڤەر
٢٠١٢ / ٥ / ٢٧

# بمبەرەوە ...!!!

لەگەڵ خۆتا بمبەرەوە
ئیتر چیتر لێرە بەرگە ناگرم
ناتوانم زێتر بژیم
لە ناو ئەم تەم و مژە
ئێرە بۆ من وەك جەنگەڵە
ئێرە بۆ من وەك دۆزەخە
پڕیەتی لە دز و جەردە
بمبەرەوە وا خەریکە
لێرە شێت ببم ، ون ببم ،
کەس ناتوانێ بمدۆزتەوە
بمبەرەوە بەرەو کوێستان
بۆ ناو گوڵ و باغ  و بێستان
لە غەریبی کاڵبوویمەوە.!
ڕەنگە بمبینی نەمناسیەوە
بمکە بە قەدی ئەم گوڵە
با ڕەنگم وەك ئەو گەشبێتەوە
فڕێم بدە ناو کانییەك
با دڵم فینک بێتەوە
بمبەرەوە بۆ ئەم شارە
چاوەڕێم دەکا ئەم یارە

زۆر لەمێژە نەیدیووم
تاکو بیکەمە بە هاوژینم
چیتر ناتوانێت بژیت بێ من
بمبەرەوە بۆ ئەم دێیە
یاری چاو جوانی لێیە
زۆر بۆ من بەپەرۆشە
بۆیە دڵی بە جۆش و خرۆشە
گەر من نەبینێ
دڵی لە جەستە دەردەچێ
دەبیتە شەهیدی عەشق
مەرگ ، بۆ خۆی ڕایدەپێچێ .

هانۆڤەر
٢٠١٤ /٣/١٨

# *بڕیار .....!!!

بڕیار ئیمرۆ
بڕیاریدا بچێتە لای باوکی دیدەنیکا
بۆ ئەوەی لەم گەشتەیان
هەمیشە پێکەوە بن
نەوەکو باوکی بە بێ بڕیار
هەست بە تەنیایی بکا
ماڵئاوا ئەی پەپوولە بچکۆڵەکە
بۆ خۆت بخەوە پشوو بدە بە ئارامی
ئەم هەسارەی تۆی تێداژیای
خاڵی بوو لە ویژدان و مرۆڤایەتی
پڕی بوو لە گەندەڵی و دز و جەردە و
پیسخۆر و مەشەخۆر و
دوژمنی کوردایەتی .

*بڕیار ئەو مێرمنداڵە بوو ، زۆر هۆگری باوکی بوو ، کە باوکی مرد زۆر پەرۆش و سوی لە باوکی بۆوە ، چەند ڕۆژێک دوای باوکیش ئەویش کۆچی دوایی کرد .

هانۆڤەر
٢٠١٩/٨/٢٥

# گریان .........!!!

دەستم کردە ملی گریان و
تۆزێك هێوری بکەمەوە
نەبادە لە ناوی دەریای فرمێسك بخنکێ
کەچی وەکو کەرە چەمووشەکان مۆڕەی لێکردم و
لووشکەی هاویشت
کاتێ دەستم کردە ملی پێکەنین
یەکسەر باوەشی بۆ کردمەوە و
خۆی بۆ ئامێزم هاویشت
بۆیە من پێکەنینم خۆش دەوێ و
زۆر ڕقم لە گریان دەبێتەوە .
هەرگیز نامەوێ بیکەمە هاوڕێی خۆم ...

هانۆڤەر
٢٠١٤/٧/١٢

# پەشیمانین .....!!!

گەر دەمزانی
ئەو میر و حاکمانەی وڵاتەکەم
وەکو دانیاسورەکانی زەمانی زوو
خۆراکی دونیا بەشیان ناکا و
پێی تێر نابن
هەر چی لە ژێر دەستیان دابێت
هەریدەڵووشن...
هەر چی وەچەنگیشیانکەوێ
وەك برێشکەی شەوانی زستانیان
دەیکرۆژن ...
ئێمە هەرگیز خۆمان نەدەکردە
ڕێگای مان و نەمانیان
هیچ کاتێکیش وەکو مۆمێك
لە شەوانی تاریکیان
تا بەیانی دانەدەگیرساین
یان نەدەبووینە پردی سەر ڕێگایان
تا بۆخۆیان هەر ئاوا بە ئاسانی
بە سەرماندا بپەڕنەوە
هەرگیزیش نەدەبووینە پاڕووە نانی
ڕۆژانی برسی بوونیان
زگی برسیەتی خۆیان پێمان تێرکەن

پەشێمانین لەو کارەی کە کردمان
ئێستاش ئەوان بووینەتە
دانیاسوری ئەم سەردەمە
هەرچیەکیان وەدەستکەوێت
هەریدەڵووشن زۆر بە پەلە
شەرم لە ئەم و ئەو ناکەن
بووینەتە ڤایرۆسی ئەم گەلە.

هەولێر
٢٠١٢ /٤/٦

# لەگەڵ غەریبی ئاوێتە بووم .....!!!

وەکو گەڵا هەڵوەڕیوەکانی پایز
خزایمە سەر شۆستەکان
بوویمە هاوڕێ و ئێشکگری
سەرجادە و کۆڵانەکان
کاتێ ڕەشەباش هەڵیگرتم و
گوێزایمەوە بۆ وڵاتێك
ئەو شوێنەی کە تێدا گیرسامەوە
وڵاتی غەریبی بوو
لەویش بە غەریبی ناونرام
بۆ هەر کوێیەك دەچووم
لەگەڵ هەر کەسێك دەدوام
هەر غەریب بوو
نەك تەنیا خۆم
دەوروبەریشم هەر غەریب بوون
ئێمە هەمووومان هەر غەریبین
لەگەڵ غەریبی بووینتە
یەك جەستە ...
من بە غەریبی لە دایك بووم و
لە وڵاتی غەریبیش گیرسامەوە
ئەو هەناسە قوڵانەی

هەموو ڕۆژان هەڵیاندەکێشم
هەر هەناسەی غەریبیە
بۆ کوێ بڕۆم
غەریبی هەر لەدوامە
شەوانیش خەون هەر بە غەریبی دەبینم
لە ناو دەریایی غەریبیدا  وا خەریکە دەخنکێم
کەسیش نییە لێم نزیك بێتەوە و فریامکەوێ و دەربازمکا
جەستەم لە ناو شەپۆلەکان ون دەبێت و
لە کەنارێك تەرمەکەم سەر ئاو دەکەوێ
کەسێك لەم غوربەتە  شك نابینم
لە بستێکی ئەم خاکەدا بمنێژێ
دەبمە خۆراکی باڵندە غەریبەکان و ماسی.

هانۆڤەر
٢٠١٦/٦/ ١٢

# جگەرە...!!!

هەم دۆستمە و هەم دوژمن
کاتێ لێ دوور دەکەومەوە..
بیری دەکەم...
کە لێش نزیك دەبمەوە ،
بە دەست خۆم نییە ڕکم زۆر لێدەبێتەوە
بۆشم ناکرێ دەستبەرداری بم...
هەرچەندە هەناویشی ڕەشکردوم ،
هەر لێم نزیک دەبێتەوە ...
دەست لێبەردەنیشی...
کارێکی یەکجار دژوار و سەختە ،
ئافەرین بۆ ئەو کەسەی دەتوانێ ،
لە بەرۆکەی خۆی بکاتەوە ...
زۆر بوێر و جەربەزە و
خاوەنی ئیرادەیە ...!

هانۆڤەر
٢٠١٣ /٣/١٥

# ئەو تابلۆیانەی هێشتا تەواو نەبوونە ...!!!

چاو مەگێرە بۆ هیچ شتێ
تۆ خەوتووی و هەڵقرچاوی
بەر تیشکی خۆرەتاوی
حەسرەتت پارووە نانێ بوو
دڵت کزەی لێوەدەهات
لە پڕ وشك هەڵگەڕایی و
جووڵەت نەما...
ئیمرۆ دوا ساتی تەمەنت بوو
گەڵا وردیلەکان هەڵوەڕین
ئەو گەرردەلوولە شێتەی
کە شەو داهات هەڵیکرد
دەست بەجێ چرای ژیانی کوژاندیەوە
دونیایی جوانیت لێ تاریك بوو
زەردەخەنەکەی سەر لێوت
بە خێرایی سڕانەوە
ئەمە دوا هەناسە بوو هەڵیتکێشا
بۆ ئەو خۆزگانەی کە پێشتر خەونت پێوە دیتبوون
بۆ ئەو ڕۆژانەی کە خۆت لە ناوی نەدۆزیبوونەوە

دوێنێ شەوی ڕابوردو
هەورەتریشقە گرماندی
هەناسەکانت لە سەفەرێکی کتوپڕدا دەهاتنەوە
سەر لێویان پڕی بوون لە خەندە
یەکسەر لێیان بووە گریان
ئەمە دوا ساتی تەمەنت بوو
نەت دەزانی خەندەکان
یەکسەر دەست دەکەنە ملی گریان
لافاوی فرمێسك هەڵدەستێ
چاوەکانت جارێکی تر هەڵناهێنی
خەوێکی تاهەتایێ
دەگریە باوەش و
حەزت دەکرد بووکە شووشەکانت
بگرێتە ئامێز و
تێر ماچیانکەی
سترانی ماڵئاوایت
بۆ بچڕن ...

هانۆڤەر
٨ /٢٠١٤/٥

# تا کوشتن ....!!!

تا کوشتن...
لەم وڵاتە کاولْبووەیمە زۆر بێ
ڕۆژنامەنووس زۆر تر دەبن ،
نە لە گرتن و نە لە لێدان و
لە هەڕەشە و گەف و
چاو سوورکردنەوە و تۆقاندن ،
هیچ ناترسێن ، هەر بێباکن ...
گەر چارەنووسیشان کووشتن بێ ...
بێدەنگ نابن هیچ ناوەستن ،
هەمیشە قەڵەم بەدەستن ،
هەر دەینووسن...

هانۆڤەر
٢٠١٧/٩/١٠

# شەق مەهاوێ.....!!!

شەق مەهاوێ هەی بێناموس
هەی کەلەپووتی هیچ و پووچ
تۆ چی و بۆچی بەخۆت دەنازی
تۆ ڕەبۆتی دەستی
ئاغا و میری خۆتی
بە ئارەزووی خۆیان
دەتهینن و دەتبەن
شەرم ناکەی دانارزێی
لەبەر چی تۆ لووشەکە داوێی
دەمانچەت لە دەستە
دەڵێی عەسابەی تەکساسی
قورمساغی قوچ هاتی
تۆ بمری چاکترە لە ژین
نەفرەتت لێ بێ هەی بێ دین
دەتکەم بە قوربانی
پەنجەیەکی مامۆستای دێرین.

هانۆڤەر
٢٠١٨/٩/٢٥

# له شارەکەما .....!!!

له شارەکەما که دادوەری نەبێ
با سەرانسەری شار پڕی
دروشمی بریقەدار بێ
بێتاوان بگیری و بکوژ ئازاد بێ
بانگەشەش بکەن بۆ دیموکراتی
چ سوودی هەیە لەبۆ میللەتی
گەر دادوەر تەنیا سەر بە حیزب بێ .
هەر تەنیا دروشمە
کە هەموو جارێ دەڵێن و دەیڵێنەوە
کەس لە یاسا گەورەتر نییە و
یاساش با سەروەر بێ...!

هانۆڤەر
٢٠١٦/٨/١٢

# هەموومان کۆبانێین ......!!!

هەر لە گەورە تاکو بچووك
هەر لە منداڵ هەتاوەکو پیر
لە پێناوت خەبات دەکەین تاکو نەمان
دەستەوەستانین ،
گیانمان دەکەینە قوربانی تۆ
تۆ تەنیا نیت
ئێمە هەموو پشتوانی تۆین
لە پێناوت سەر دادەنێن
خوێن دەڕێژین
گوڕستانیان لە کاسەی سەر دەنەخشێنین.

هانۆڤەر
٢٠١٧/٧/ ١٧

# من شەڕڤانم ....!!!

هەلۆی چیاو دەشت و دۆڵم
من لە مردن باکم نییە ...
هیچ ناترسم...
لە ڕێی خاکمدا ...
شەهید بوونم بۆ من جێگای شانازییە
قوربانی خاک و خۆڵی کوردستانم
من شەڕخوازنیم...
ئاشتی خوازم...
بەڵام کە بەرۆکیان گرتم
منیش ناچارم دەست دەدەمە چەکەکەم
لە ڕوویان دەوەستمەوە
دەستیان لێنپارێزم
وەکو شێرم دەنەڕێنم
هەتا دوا دڵۆپێ خوێنم مابێ
هەتا دوا هەناسەم تیا مابێ
هەر دەجەنگم...
وڵاتەکەم لە دوژمن دەپارێزم
وەکو سۆمای چاوەکانم.

هانۆڤەر
٢٠١٨/١/ ٢٤

## *لەقلەق ....!!!

ئەوە لەقلەق جارێکی تر گەڕایەوە
کۆنە هەوار...
ئەو هێلانە بۆ وی
زۆر نامۆیە...
پاش ئەوەی بە دەوری شارەکە
سوورێکی دا هەڵفڕێ و سوڕایەوە
وا جارێکی تر...
لە سەر منارەکەی مزگەوت
هەڵقونجاوە...
بۆنی خوێنی لەقلەقە کوژراوەکەی دەکرد
سەیری هێلانە ساردوسڕ و تێکشاکاوەکەی دەکرد
کە چەندەها ساڵە بە چۆڵی بە جێماوە
بەڵام ئەوە لەقلەقەکەی
پێشوو نییە...
ئەوەی داتانە بەر ڕێژنەی گولـلەن
ئەوەی ئێستا دەبینن
لەقلەقێکی تازەیە
پەیامکی تازەی پییە
هەرکە لەسەر منارەکە دادەبەزێ

دندوکەکانی لێکدەدا و
پێتان دەڵێ...
واز لەو بیرە کۆنانەی خۆتان بینن
بیرێکی تازە هەڵبگرن...
..واز لە توندوتیژی بینن
چیتر یەخەی یەکتری مەگرن
چیتریش خوێنی یەکتری مەرژێنن
میللەتانی جیهان هەمووی پێشکەوتن
کەچی ئێوە هەر بەرەودواوە دەڕۆن
جا لەوڕۆوە
با ببێتە دەرسێک
با بەس بێ بەس
ئیتر بووەستن ...

*مەبەستم حاجی لەقلەقە

هانۆڤەر
٢٠١٨/١١/٥

# سلێمانی .....!!!

تۆ بیبیلەی چاومانی
تۆ گوڵی تۆ دڵی هەمووومانی...
تۆ هەتوان و دەرمانی...
بۆ پێشمەرگەی کوردستان
سارێژی زامەکانی
تۆ شاری ئەوین و ...
هەوێنی کچ و کوڕانی عاشقانی
تۆ ڕەگ و ڕیشەی بابانی ...
شاری ناڵی و ساڵم و کوردی و پیرەمێردی
مەولەویش بۆ سلێمانی فەیلەسوف و دانا بوو
تۆ وار و لانەی لانەوازانی ...
تۆ گەنجینە و شانامەی شاعیرانی
جێ و ڕێ و شوێنی پیرەمێرد و قانیع و بێکەسی
دالْدەی گۆران و وەفایی و مەحوی و بێخود و بێسارانی
هەزار ڕەحمەت لە کاکەی فەلاح ...
شیعری بۆ منداڵان نووسی
نەجمەدین مەلا و دیلانی شاعیر
بۆ سلێمانی داهێنەر بوون...
گۆران و شێرکۆ و شێخ نوری و دلشاد مەریوانی و دیلان ئەفراندن بوون

بۆ شیعری نوێ و نەوەی نوێ
ڕۆشنبیرانی تریش هاتن چین بە چین
سلێمانیان کردە بەهەشت و بوکێکی جوانی سەر ڕووی زەمین
تۆ پایتەختی ڕۆشنبیری...
تۆ لانەی شۆڕشگێرانی ...
بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ هزر و بیرت مەزنتر دەبێ
خانە و لانە و خانەقای موریدانی شێخانی
تۆ شارەکەی شێخی نەمری
بۆیە هەردەم زۆر عەجید و حەفیدی.. هەر نەمری
تۆ مادەم خاوەنی گۆیژە و ئەزمری ...
دوژمنی بەدفەر ....
هەرگیز ناتوانێت خۆی لە بەر تۆ ڕاگرێ...
گردی سەیوانت بوویتە چەتر ....
بۆ گۆڕەکانی شاعیران....
هەموویان تا ئێستاش جێی پەنجەیان دیارە
بەردیان خستۆتە سەر بەرد و...
شەونخونیان کێشاوە ...
بۆ پێشخستنی ئەم شارە ...
ئێستاش پایتەختی ڕۆشنبیری
بە ناو و دەنگ و دیاری...

هانۆڤەر
٢٠١٨/١١/١٧

# بەسە چیتر .....!!!

بەسە چیتر خوێن مەڕێژن
دایکان چیتر بەرگە ناگرن
ڕۆشناییان لە چاو نەما
ئەوەندەی فرمێسک هەڵبڕێژن
ئێوە دزو جەردە و مافیان
چی لە وڵات نەماوە نەیفرۆشن
میللەت حەقی خۆیەتی
بڕژینە ناو شەقام و کۆڵانان
نارەزای دەربڕن بەرامبەر دز و جەردان
دەک دەستان بشکێ بۆچی ..؟
گەنجەکانتان خەڵتانی خوێن کرد
جەرگی دایکانتان سووتاند
میللەتان لە خۆتان هار کرد
ئەم میللەتە لەم ژیانە زۆر بێزارە
بڕوا ناکام تازە واز بینێ
دەست هەڵگرێ لەم کارە
تا نەیروخێنی ئەم حکومەتە تۆتالیتارە
تا هەمووتان نەدەنە دادگا و
شاربەدەرتان نەکەن لەم شارە.

هانۆڤەر
٢٠١٧/١٢/٢٠

# لێیان گەڕێن ....!!!

باسیان مەکەن
با وڵات لەمە زیاتر
چیتر کاوڵتر نەکەن
ئەوانە سۆنەن...
ئەگەر بە ئاوی هەموو دونیا
بیانشۆرن...
قەت تەر نابن ...
هەتا دوێنێ دەستیان ...
لە هەوکێی یەکتر بوو ...
کەچی وا ئیمرۆش ...
لە دیوەخانێ بە یەکەوە دانیشتوون
موویان بە نێوان وەناچێ ...

هانۆڤەر
٢٠١٨/١١/٢٢

# بۆ ئاپۆ ...!!!

ئەوە نۆزدە ساڵە تۆ لەزیندانی
قارەمانی شۆڕشگێری
گەر تۆ نەبایتە ڕێبەری ئەم میللەتە
کورد لە باکور ناسنامەی خۆی نەدەناسی
تۆ پێشمەرگەی لە زیندانی
قسە نەکەی بەس تەنیا بکۆکی
تورکیا لە ترسان زەندەقی لێت دەچی
تۆ مرۆڤێکی  بوێر و چاونەترس و جەربەزەی
بۆ خەبات و سەربەخۆی کوردستان
بەردەوامی هیچ ناوەستی
گەر چی تۆ ئێستا لە زیندانی
بەڵام زیندان بۆ تۆ قوتابخانەیە
هیچ کاتێ سست و ساردت ناکاتەوە
لە ڕێبازی کوردایەتی.

هانۆڤەر
٢٠١٨/٥/١٢

## سێوە.....!!!

که سێوەم دیت
له ناوبڵێسەی گڕی ئاگر دەسووتا
هەموو جەستەی ئاگر بوو
هەڵدەپەری له تاو ئازاری گیانی
منداڵەکانیشی وەکو پشکۆ داگیرسان بوون
دەگریان و دەیانناڵاند
قیژەیان گەیشته ئاسمان
دونیایان هەمووی هەژاند...
سەرانسەری وڵاتایان تاساند
فرمێسکیان خسته چاوان
بێهودە بوون...
بۆ خۆیان سووتان و گیانیان سپارد
هەر یەکەیان بوونه سێوێک
لەباغچەکەی بەهەشتەکەی ئاسمان
ئەمە تاوانێکی بچووک نەبوو
ئەمە قێزەوانترین تاوان بوو
ئێمە هەرگیز نابێت بێدەنگ بن
دەبێت هەموومان پێکڕان
بەری ئەم تاوانانه بگرین
تاوانباران...
سوک و ڕەزیل و ڕسوا بکرین

ڕایانکێشنە پێش دادگا
تۆڵەی ئەم چوار پەپولەیان لێ بستێنن
بخەینە ملیان پەتی یاسا...

هانۆڤەر
٢٠١٨/٢/٢٥

# بۆ دکتۆر جەمال نەبەز ....!!!

من تەنیا جەمالێکم  دەناسی لە بەرلین
ڕۆژ بە ڕۆژ بیر و هزری فراوان و ڕۆشنتر دەبوو
قەڵەمەکەی ڕۆژ تا ڕۆژ تیژتر دەبوو...
هەر ڕۆژێ لاپەرەیەکی تازەی...
دەخستە سەر مێژووی کورد...
تا لە خەونەکانیشی بیری ناسیونالستی
تا دەهات زێتر دەبوو...
خەفەت مەخۆ تۆ نەمردوی...
تۆ لە ناو دڵماندای هەر زیندووی
بنوو بۆ خۆت پشوو بدە...
ئەی گەورە بیرمەند کورد...
تۆ زۆرت کردوە بۆ کورد...
جێگا و پەنجەت لە هەموو شوێنێ دیارە...
بڕوا ناکەم تۆ مردوی وا ئیمرۆ بەجێتهێشتووین...
تۆ هەر تەنیا بە جستە لە لامان ڕۆیشتی...
دەنا تۆ لە لامانی هەتا دونیا ماوە هەر زیندووی...

هانۆڤەر
٢٠١٨/١٢/٩

# بۆ مستەفا سالح کەریم ....!!!

داستانێک بوو...
پڕ لە پەیڤ...
دەریایەک بوو پڕ لە وشە
کەشکۆلێکت لە دوای خۆت
بۆ جێهێشتووین...
پڕیەتی لە بابەتی هەمەجۆری کوردەواری
تۆ نەمری ...
ناوت هەر لە سەر زارانە و
هەر دەمینێ بە زیندوویەتی.

هانۆڤەر
٢٠١٨/١٢/١٦

# ولاتەکەم......!!!

ولاتەکەم دڵگیرە
خاکی باوک و باپیرە
ولاتەکەم پیرۆزە
چونکە مێژووی دێرینە
ولاتەکەم زۆر خۆشە
بەهەشتی سەر زەمینە
ولاتەکەم شیرینە
وەکوو شەکر و هەنگوینە
ولاتەکەم هەڵدێرە
پڕی لالە و کنێرە
ولاتەکەم زۆر جوانە
وەکوو گوڵی باغانە
ولاتەکەم ئازیزە
هەرگیز لەبەر چاومانە
لە دڵ و دەروونمانە
دەبێت پشتیوانی بم
هەتاکو لە ژیان مابم
خەبات و تێکۆشانم
لە ڕێگای نیشتمانم

دەبێت پارێزگاریکەم
لە چەنگی دوژمنانم

هانۆڤەر
٢٠٠٥ /١٠/٢٤

# جەنجەڕ ......!!!

وەختی ماڵمان لە دەشت بوو
زۆرم حەز لە جەنجەر بوو
پاش دروونەی هاوینان
جەنجەریان دادەبەستان
دەگەڵ هاوڕێیانی دێ
جارجار دەکەوتینە ڕێ
لە گوندی جۆخین دوور بوون
قاچمان زوو ماندوو دەبوون
بەر لەوەی بگەینە وێ
ئازارمان دەچێشت لە ڕێ
کە دەچووینە سەر جۆخین
لە سابات دادەنیشتین
هەتا درەنگ چاوەڕوان
ئینجا دەهات نۆبەمتان
چاوەڕوان دەبووین پێکران
تا دوو دوو بەڕێ دەکراین
هەنوکەش شارنشینم
دوور لە گوندی دێڕینم
هەرکە وەرزی هاوین دێ
جەنجەرم زوو وەبیر دێ
بەڵام چی زۆر بێزارم

خوڵیای گوند و نزارم
ئای جەنجەرم خۆشدەوێ
زۆر تامەزرۆی بووم لەوێ

هەولێر
١٩٨٢ /٦/١٥

# لەم وڵاتەی وێرانەیمە .....!!!

ڕۆژ نییە سێوێک
لە دار نەکەوتە خوار
بەڵام لەم چەند ڕۆژانەدا
ئەمجارەیان...
نەک هەر سێوێ...
بەڵکو چرۆیەکانیشی لەگەڵ خۆیدا
بۆ سەر زەوی کەوتنە خوارێ
هەموویان بوونە کۆتری سپی
لە شقەی باڵیاندا ...
جارێکی تر بۆ هەوارگەی خۆیان
کە بەهەشتە
بەرەو ئاسمان هەڵفڕین.

هانۆڤەر
٢٠١٨/١٢/٢٥

# هەڵیرێژە هەموو ڕۆژان .....!!!

فرمێسکەکانی تەنیایت...
با لە ناو دڵت پەنگ نەخواتەوە
لێت ببێتە کولکی سەرەمەگ...
تا پێت دەکرێ هەر پێبکەنە
بەڵکو دڵت دەبێتە کانییەک و
تا ژیانت ماوە هەر هەربقوڵێ و
وشک نەبێ...
تا جوانترین گوڵی لێ بڕوێ
بۆنی هەرگیز کۆتای نەیێ...
بۆنی لە گوڵی بەهەشت بچێ ....
گەر بۆ چرکەیەک بۆنی بکەی...
بۆنەکەی لە لات هەر بمێنێ...

هانۆڤەر
٢٠١٩/١/٨

# وەختێ خۆت گوڵیت .....!!!

گوڵ لە یەخەی خۆت مەدە
قژی خاوی ئاوریشمت دامەهێنەو
داو و دەرمانی لێ مەدە
چاوی عەنەتریکت کە هەڵدێنی
بە شەو دەدرەوشێتەوە ...
بەیانی کە خۆرهەڵدێ ...
هەمیشە ئیرەیت پێ دەبا...
کە خۆت جوانیت پێویست ناکات
بچیتە بەر ئاوێنە ئەی پەری
لەبەر جوانیەکەت...
وەختە ئاوێنە شەقبەری
دەزانی جوانیەکەت جوانی سروشتە
خوا پێی داوی وەک دیاری
کاتی بە لاتدا ڕەت دەبم
بە دیتنت سەرسام دەبم
ئەوەندە ناسک و دوڵبەری
جوانیەکەت...
گەڵێک جوانترە لە پەری...

هانۆڤەر
٢٠١٩/١/٩

# من عەشقی ئەو هەولێرەم ......!!!

هەر چەندە من لە تۆ دوورم
هەر کێ هاتەوە پێ بزانم
ماچێکی گەرمت بۆ دەنێرم
ئەو هەولێرە کۆنە شارە
باوکی لاوک و حەیرانە
قەلات و منارە زۆر جوانن
خەڵک بە دیتنیان سەرسورمانە
یاخوا ئاوادان بێ هەولێر
کچی جوانی لێیە هەولێر
من شێت و شەیدای هەولێرم
شەوان لە خەونمدا دەیبینم
هەرگیز دەرناچێ لە زەینم
هەر چەندە لە تۆ زۆر دوورم
من تەنیا بە جەستە لێرەم
بەڵام دڵم هەرلە لاتە
ئەی شارەکەی شیرینم.

هانۆڤەر
٢٠١٩/١/١٣

# منداڵێکی ئازامه .....!!!

له دڵ زۆر شارەزامه
زۆر چالاك و وریامه
حەزم زۆر له خوێندنه
زانست و پێشکەوتنه
چرای هۆش و بیرمه
بۆیه زۆر مەبەستمه
خۆشم دەوێ قوتابخانه
زانیستەو ڕێ ژینمه
ئەوەی سەوادی نەبێ
ژیانی کوێرەوه دەبێ
بۆیه دەبێ بخوێنم
تا له ژیان دوانەکەوم
ئەرێ هۆ هۆ مامۆستا
فێری وانەی خۆشمکه
دەبێ منیش وەك تۆ بم
لەگەڵ گەلم ڕاستگۆبم
خوێندن ڕێگای ژیانمه
سەربەستی و ئازادیمه
دەبێ ئەمن بخوێنم
زانستی وه دەست بهێنم

لە زانست وازنەهێنم
چرای ئازادی هەڵکەم
وڵات بەرەو پێش ببەم

هانۆڤەر
١٢ /٦/ ٢٠١١

# مەرج نییە .....!!!

من لێرە بم یاخوو لەوێ
ئەی نیشتمان...
بەڵام من تۆم هەر خۆشدەوێ
وەکو سۆما...
لە چاوەکەنم هەڵتدەگرم
هەتاهەتایێ
ئاواتە خوازم ڕۆژێك دابێت
ئالاکەت شەکاوە بێت لە دونیایێ.

هانۆڤەر
٢٠١٥ /٣/١٦

# فریامکەوە ...!!!

فریام کەوە ئەمشەو دڵم زۆر تەنگە
خەریکە خۆم وەکو شەراب دەخۆمەوە
دڵم زۆر بچووک بوویتەوە
هەر چی خۆشی تێدا هەبوو کۆمکردبۆوە
هەمووم بە جارێ دوور هاویشت
کە زانم تۆ بە جێتهێشتم و
بە یەکجاری بە بێ ماڵئاوای کردن
لە پڕ ڕۆیشتی دوور کەوتیەوە
منت خستە گۆشەگیری و
بە تەنیایت سپاردم
وەختە خۆم لە بیر بچێتەوە
نازانم ڕوو لە کوێ بکەم
تا سەبوریم بداتەوە
دڵم هیندە ناسک بووە
بەرگەی ئەو تەنیایە ناگرێ
دەترسم ڕۆژی لە بێ تۆیی
لە پڕ وەکو شووشە
بشکێ و ورد و خاش بێ.

هانۆڤەر
٢٠١٩/١/١٩

# کەرکووك ......!!!

کەرکووک خەمی هەمووانە
کەرکووک چاوە کەرکووک دڵە
کەرکووک هەناسەکانمانە
کەرکووک دایکە خۆشەویستە
هەمیشە لە یادمانە
کەرکوکمان زۆر مەغدورە
شارێکی  کەلاوە و وێرانە
تا ئێستا هیچی بۆ نەکراوە
هەر کۆنە شارەکەی جارانە
دز و جەردە دەوریان داوە
هێزی بەبەردا نەماوە
هەر وەکو مەر دۆشیویانە
غەدرێکی زۆری لێکراوە
تاکو ئێستاش لە ژێر
چەپۆکی دوژمن دایە
زۆری قوربانی بۆ دراوە
زۆریش خوێنی بۆ ڕژاوە
کەچی تاکو ئێستا
هەر لە دوای سنور مایە
خەمی کەرکووک
خەمی هەموومانە
کەرکووک من شێتی تۆم هەردەم

بۆیە بۆ دوژمن چۆک نادەم
ڕۆژێک لە ڕۆژان
هەر دەبێت بتکەم
بە پایتەختی خۆم
ئەی شارەکەی دێرینم
هەرگیز لە یادت ناکەم
بۆ من زۆر خۆشەویستی
شیرنی وەک هەنگوینی

هانۆڤەر
٢٠١٩/١/٢١

# سەیرم مەکە .....!!!

سەیرم مەکە بە تورەیی
تۆ قەت تورەیت لێنایێ
با تۆزێک خەندەی سەر لێوت ببینم
تا خەم لە دڵم دەرچێ
تکایە مۆبیلەکەی دەستت دامەخە با کراوە بێ
بمخەرە گیرفانی کراسەکەی لای دەستی چەپت
با هەندێ گوێم لە ترپەی دڵت بێ
ئەو کاتەی من دەزانم
تۆ عاشقی یان شەڕ بە من دەفرۆشی
ئیتر بەسە وازبێنە لەم خووە
گەر عاشقی دەبێ هەمیشە
لێوت پڕ لە خەندە بێ
دەنا نابێ چیتر
سەیری کەس بکەی بە تورەیی.

هانۆڤەر
٢٠١٨/١/١٠

# بەرخۆدانە .....!!!

سەرهەڵدانە
ورەی گەل زۆر بەهێزە
وەکو ئاسن و پۆڵایە
ئەم ئاگرەی هەڵیانکردوە
گڕ و گڵپەی زۆر بەتێنە
ئەم جارەیان دانامرکێ
بۆ سەرانسەری وڵاتە
ڕاونانی دوژمنانە
قۆڵ و باسکتان لێهەڵماڵن
هیچ مەوەستن
ئەمرۆ ڕۆژی جوامێرانە
بیشکێن بیسووتێنن
چەک و جبەخانەی داگیرکەری دوژمن
دەریان بکەن لەم وڵاتە
ئێرە وڵاتی خۆمانە
ئیتر جێتان نابێتەوە لێرانە
پێیان بڵێن ئەی داگیرکەر
ئیتر بەسە
سەبر و ئۆقرەمان نەما چیتر

بۆ ناچنەدەر
مۆڵگاکانیان بە سەردا بروخێنن
ئەوانە نەوەی ئەتاتورکن
لە وڵات دەریان بکەن نەیانهێڵن
ورد و درشتیان بگرن
وەک کەر بیانتۆپێنن.

هانۆڤەر
٢٠١٩/١/٢٦

# هەتا گەنج بووم...!!

به چاوه تیژەکانم
شەوەزەنگ دەبوو بە نیوەڕۆم
وەکو تیرێک دڵی کچانم دەپێکاو
وەک یەک و دوو سێی یاری خەجەڕۆم
عەشقم دەبوون
ئێستاش پیر بووم
هێز و گوڕی جارانم نەماوە
دەستم گۆچانیش ناگری
پێوە بڕۆم...

هەولێر
٢٠١٨/٩/٢٢

# هەموو ڕۆژێ ....!!!

هەموو ڕۆژێ وەکو شێرێ
دەوەستم لە ڕووی دوژمنان
خەبات دەکەم هیچ ناوەستم
بۆ ئازادی بۆ کوردستان
تاکو کوردیش...
سەربەخۆ بێ...
وەکو گەلانی جیهان
خاوەنی ئاڵای خۆی بێ
لە بارەگای وڵاتەیەکگرتوەکان.

هانۆڤەر
٢٠١٢/٨/ ٢٢

# وەرە مەرۆ ....!!!

بەجێم مەهێڵە
توخوا بەس ئەم جارە
دونیا پاشی تۆ
هەموو تاریک و لێل و وێرانە...
پاشی تۆ من چاوم هیچ نابینێ
تاکو کەسێکی تر بدۆزمەوە وەکو تۆ
هاوژین و هاوخەمم بێ
هەمیشە دڵم پێخۆش بێ.

هانۆڤەر
٢٠١٨/١/٢٨

# حەزم دەکرد ....!!!

گۆچانەکەی دەستی چارلی بام
کە تەمامی دونیای هێنا پێکەنین و گریان
کاتێ دەمردم...
خۆ لە مۆزاخانەی دایاندەنام
ئەو کاتەی هەموو دونیا
دەیانناسیم...
ناوەکەم دەچووە ناو لاپەرەی مێژوو
نەوکو وەکو ئێستا هەر شیعران دەنووسم و
کەسیش نییە بمانناسێت.

هانۆڤەر
٢٠١٩/١/٢٨

# ئەی خودایە ......!!!

نازانم تۆ بۆ قینت لە ئادەم هەڵسا
تۆ سێویێکت ڕەوا نەبینی
تا بۆ خۆی بیخوا
کەچی پێش ئەوەی
لە بەهەشت فڕێ بدەی و
بۆ دونیایەکی تر
هەر لە پەراسووی خۆی
خانمێکت پێ بەخشی
جووتێ سێوی جوانت پێدا
نازانم پاشان بۆ پەشێمان بوویەوە
هەردووکیانت لە بەهەشتێ
دەرکرد و فڕێتدان.

هانۆڤەر
٢٠١٩/١/٣٠

# چاوەکانت .....!!!

چاوەکانت لێک مەنێ
با تیشکی خۆری تێکەوێ
تیشکی چاوەکانی تۆش
بۆ من دەرمانە گیانە
لێگەرێ خۆ گووناح نییە
با بابایەکی وەکو منیش
با تۆزێک تیشکی بەرکەوێ
تۆ لە ناو من توایەوە
ناتوانیت لێم دورکەوی
بۆچی خۆتم نیشان نادەی
دەترسێ ئیرەیت پێ ببەم
جوانیەکەت هیندە کاریگەرە
نەوەکو چاوێنی بیت
ئەگەر خۆشیشت لێم بشاریەوە
من سەبر و ئۆقرەم گەڵێ زۆر
ڕۆژێک هەر دەبێت دەرکەوی
مودەتێکە چاوەرێمە
من ئەو تیشکەم هەر نەدی
دەترسم لەم غوربەتە بمرم
ئیتر ئەو تیشکە نەبینم
کە گوێم لە ترپەی دڵم دەگرم

دڵەکەم لەبەر بێ تۆیی تۆ
زۆر کز و لاواز بووە
دەترسم ڕۆژێک لە هیکرا
لە پڕ بوەستێ و کارنەکا
چەرخی ڕۆژگاریشم سوایە
وا خەریکە هێدی هێدی دەگەڕێ
دڵم هێز و گوڕی تیا نەماوە
وا خەریکە جار و بار بوەستێ
غەریبیت دەکەم قوربان
زۆر دەمێکە لێم ونی
وەرە باوەشینیکە
هەتا زووە ، با گڕنەگرێ
من لە مردن ڕاناکەم
ئەوە ڕێگای ، هەمووانە
ئەو دڵەی خوا بەمنی داوە
ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر دەبێ
لە لێدان بکەوێ ...

هانۆڤەر
٢٠١٩ /٢/١

# ئیتر بەسە .....!!!

کوردە ئیتر بەسە
وازبێنە لە دیل و کۆلایەتی
دەستی خۆت بنێ ناو دەستی برات
بۆ خۆت سەربەز بژی بەمەردایەتی
تاکو ئێستا کۆیلەتیت کرد
تۆ هیچت بە هیچ نەکرد
هەموو تاوانەکان دیارن
دەرحەق بە میللەتی خۆت کردت
ئیتر بەسە وازبێنە
هۆشت بینەوە سەرت
میللەتی دونیا هەمووی ئازاد بوون
هەر تۆ بە تەنیا ماوی
وا سەدەی بیستەم تێپەری
با غیرەتێکت هەبی
ئاڵای کوردستان هەڵکە و
بانگی سەربەخۆیکە
با تۆش خاوەنی دەوڵەت بی.

هانۆڤەر
٢٠١٩/١/٢٧

# هۆ میر تەحسین .....!!!

مخابن وا ئیمرۆ تۆ رۆیشتی و
بەجێتهێشتین ...
ماڵئاوایی یەکجارەکیت لێکردین
ڕۆیشتی و چوویە دونیای فانی
دڵی هەمووانت تەنگ کرد
هەمووومان وا بۆت غەمبار و پەریشانین
هۆ میر تەحسین
تۆ جوامێر بووی
شۆڕەسوارێکی سەردەمی خۆت بووی
وەکو پەپوولە ئاسا
پاک و بێگەرد بووی
ناخت لە بەفر سپیتر بوو
هەمیشە بۆ میللەتەکەت پشت و پەنا و
لەسەر پێ بووی
بۆیە من پێت دەڵێم
تۆ نەمردوی
تۆ هەمیشە هەر زیندووی
میر ڕۆیشت و
بەجێهێشتین
گەڕایەوە ئەو شوێنەی
کە وەکو دیاریەک
بەدیاری بە منداڵی هەناردبوویان
میر شێوەی لە تاوس دەچوو

که باڵەکانی دەکردەوە
هەموو میللەتەکەی
بە هەر ڕەنگ و بە هەر تەرزێک
خستبووە ژێر باڵەکانی
دەیپاراستن وەکو سۆمای چاوەکانی
کاتێ ئەو جێهێشتین ڕۆی
بە سەر هەورازەکەی ئاسماندا هەڵگەڕا
هەندێک لە پێشوازی دابوون
هەرکە گەیشت ، کۆشک و تەلارێکی بدەنێ لە بەهەشتێ
لە کۆشک و تەلاری خۆی بچێ
میر تەحسین بۆ هەر جێگایەک چووبا
گۆچانەکەی لە دەست دابوو
گۆچانەکەی لە عەسای موسا دەچوو
هەر کەسێ لەبەر دەمی
غەدرێکی لە یەکێک کردبا
گۆچانەکەی فڕێ دەدا
یەکسەر دەبووە مار و دەیگەزی
پیاوێکی زۆر دلسۆز بوو
خەمخۆری میللەتەکەی بوو
هەمیشە پشت و پەنا بوو
زۆر ڕاستگۆ و بە ویقار بوو
لای هەمووان خۆشەویست بوو.

هانۆڤەر
٢٠١٩/١/٢٩

## زەمانێ بوو ......!!!

زەمانی بوو کە ماچم دەکردی
بە درەنگانی شەوان
لە کۆلانە تەنگ و تاریکەکانی
ئەو دیوی ماڵتان بوو
کە خەیالت دەکردەوە
وێنەکەت دەهاتەوە بەرچاو
زۆرت پێ خۆش و بە دڵ بوو
پەیمانت پێم دابوو...
تاسەر هەر تەنیا بۆ من بی ....
بۆچی لێم پەشێمان بوویەوە ....
خۆ هەرچی دەتوویست بۆم دەکردی
هەستای ڕۆیشتی...
لە تەنیایی جێتهێشتم...
بە یەکجاری شێت و شەیدات کردم
بەلام لە بیرت نەچێ ...
ئەو ماچەی لە تۆم کرد...
ماچێکی ڕووح بوو...
هەتا ئەو ڕۆژەی دەمرم...

هەرگیزا و هەرگیز دەرناچێ لە دڵم
لە سەر کێلەکەی گۆڕم
دەبێ بنووسن بۆم
مرد لە پێناوی ماچێک
تەنیا شەهیدی یەک ماچ بوو.

هانۆڤەر
٢٠١٩/٢/٢٧

# حەڤدەی شوبات .....!!!

هەموو ئەو خوێنانەی ڕژان
شەقامەکانیان سوور کرد
کەسیش لە سەر نەگیرا و سزا نەدرا
هەمووشی بە فیرۆ چوو
کوانی ئەوانەی دەیان وت
ئێمە هەرگیز بێدەنگ نابین
خوێنی ئەوانە لە یاد ناکەین
تۆڵەیان بۆ دەسێنین
بەڵام ئەوانە گەیشتنە مەرامی خۆیان
ئێستا کەسیان لە بیر نەما
چاویان کوێر کردنە بە دۆلار
هەموو شتێکیان لەبیر چۆوە
هەتا دوێنێ ئۆپۆزسیون بوون
گەنجانتان هەمووی گەوجاند بوو
ئێستاش دانیشتوون لە سەر یەک کورسی
مووتان بە نێوان وەناچێ .

هانۆڤەر
٢٠١٤/٢/١٤

# قوتار بوون....!!!

کاتێ شووشەکە شکا
بە ناو قلیشاوی زەوی چووە خوارەوە
مێرووڵە تێنوەکانی
لە خنکان قورتار کرد
هەی ئافەرین ئاو
ڕاوچییەک لە دارستانێک
بە تفەنگەکەی
نیشانەی لە کۆترێک گرتبوو
بیکوژێت
لە هیکرا زەردەواڵەیەک
بە پشتی ملی وەدا
ئەویش لە تاوان ڕاچڵەکی
تفەنگەکەی بەڕووی ئاسمان بەرز بووە
یەکسەر تەقی
لەگەڵ دەنگی تەقەی تفەنگەکە
کۆترەکە لە پڕ هەڵفڕی
بۆ خۆی لە مردن
رزگاری بوو
هەی ئافەرین زەردەواڵە .

هانۆڤەر
٢٠١٩ /١٠/٦

# مخابن ......!!!

مخابن بۆ ئەم شانۆکارە
تەها گیان بنوو چاوەکانت لێکنێ
بە یەکجاری با کەلەکت بحەسێتەوە
ئەوەی خەمخۆری تۆ بوو
وەکو تۆ ڕووت و ڕەجاڵ بوو
بێ ماڵ و حاڵ و بێناز بوو
گیرفانی هەموو کاتێ بە تاڵ بوو
دینارێکی نەبوو ...
بیدا بە پارووە نانێک و بیخوا
هەموو ژیانت خەم و خەفەت و
... ئاخ هەڵکێشان بوو
ئەوەی ئاورێکی لێت نەداوە
ئەم حکومەتە گەندەڵە بوو
ڕۆژێ بە ملیۆنەها دۆلار دەدزی
کەچی کۆمەکی نەکردی بۆ چارەسەری
هەزار حەیف و مخابن...
سەرت نایەوە بە جوانەمەرگی.

هانۆڤەر
٢٠١٧\٢\١٦

## کەر ......!!!

کەریشمان هەیە
 زوو زوو دەغەزری
زۆریش چەمووشە
تخونی کەوی
هەر جۆتکەی داوێ
هەمیشە خەیاڵی لەلای پارەیە و
لە لای کورسییە
قەت شەرمیش ناکات
ئەوە عەیامێکە
.میللەتەکەی ئاوا برسییە

هانۆڤەر
٢٠١٨/١ /١٥

# وەرە گیانە ......!!!

وەرە گیانە ئەم شەو بکە دڵ بارانم
نەکەی پێم بڵێی دوورکەوتیەوە لێم
بێ وەفا بووی بەرامبەرم ...
لە بیرت چوو هەموو شەوێ
بە سەر سەرتە ئێشکگر بووم
نەتدەزانی چونکە دڵم زۆر ئاوێزانت بوو
لە بیرت چوو ترپەی دڵم
نەدەوەستا هەر بەرز بوو
لەبەر تۆ بوو عومرم هەموو بەزایەع چوو
لە بیرت چوو لەبەر تۆ بوو
دڵم پڕی ئاخ و ئۆف بوو
شەوم بە بێ خەو بەرێ کرد
دڵ و هۆشم لە لای تۆ بوو
لە بیرت چوو دەستم هەر لە سەر دڵت بوو
چونکە تەنیا دڵم هەر بە تۆ خۆش بوو
لە بیرت چوو خەو نەکەوتە چاوەکانم تا بەیانی
لە تەکتەوە دانیشتبووم هەناسەکەتم هەڵدەمژی
ئێستاش تۆ بێ وەفا دەرچووی بەرامبەرم
گەر پێم بکرێ دەرتدێنم لە ناو دڵم
تاکو ژیانم ماوە با ئەم دڵەم لە دەست نەچێ.

هانۆڤەر
٢٠١٩/٢/٢٤

# که له پاسه‌که دابه‌زی ....!!!

تۆزێک وه‌ستا و پێکه‌نی
پێکه‌نینه‌که‌ی بووه کۆترێکی سپی
له شه‌قه‌ی باڵیدا و هه‌ڵفڕی
له دوای چاوقوچانێک
له شوێنک په‌ڕییه‌وه
هاوارێکی له ده‌م ده‌رهات و
له پڕ گریا...
پێکه‌نین ده‌ستی کرده ملی گریان
هه‌ر دووکیان چوونه لای مه‌رگ
بوونه مێوان...
هه‌ر دووکیان له یه‌ک جه‌سته توانه‌وه
وه‌کو به‌فری سه‌ر لووتکه‌کان
هه‌ر هه‌مان ڕۆژ له‌گه‌ڵ یه‌کتر شارانه‌وه
مه‌رگ بۆ خۆی بردنیه‌وه...

هانۆڤه‌ر
٢٠٠٥/١٠/٢٤

# هەردووکمان یەکین ...!!!

ئێمە لە یەک خاڵ هەر دووکمان یەکین
هەر دووکمان خوێن سۆر هەر دووک چاو ڕەشین
هەر وەکو برا هەر لە پشت یەکین
هەر پێشمەرگەینە هەتاکو ماوین
بۆ کوردستانیش...
هەرلە سەر پێ و هەر لە سەنگەرین
گیان لە سەر دەستین
هەر خەبات دەکەین...
هەرگیز ناوەستین ...

هانۆڤەر
٢٠١٨/٣/١٤

# لێدە شەفیق .....!!!

لێدە شەفیق با دمبەی بێ
ئەوە ئیمارەتەکان
ڕێککەوتوون و چیتر بۆڵەیان لێوە نایێ
بۆ خۆیان وڵاتیان کردوە بە سێ لەت
لەتەکی بۆ ئەو لەتێکیش بۆ ئەوی تر
ئەوەی ماشەوە دەیدەن بە ئیمارەتەکەی دی
جا بەوەش ڕازینینە ئیتر ،
دایناسورن گەدەیان زۆر گەورە
بە هیچ شتێ تێر نابن
گیرفانیان کونە...
هەر چی تێبکەن تژی نابێ
ئەمانە دز و جەردە و مافیان...
دوو ڕووی یەک دراوێکن ...
وڵاتیان کردۆتە وێرانستان
هەموو شتێکیان کرد...
خۆ هیچیش نەماوە نەیکەن
میللەتیش ئەگەر نارازییە...
با بۆ خۆی سەری بدا لە بەرد
لێدا شەفیق بە دمبەی بێ ...
دەنگی دهۆلەکت زۆر خۆشە

ئەم ساڵ وەرزی بارانە...
دەڵێن بەهارەکەشی خۆشە
لە هەموو لایەک گیا سەوزە
هەتا چۆکانە...
هەتا ئەم میللەتە بێ هۆش بێ
ئەمانە هەر میری جارانن
هەر وەکو مێگەڵی مەر لێیان دەخورن
لێدا شەفیق دەی دەتوند لێدا...
دەست هەڵمەگرە ...
با دهۆلەکەت دەبا بدرێ...
بەڵکو خوا کردی ئەم میللەتە
تۆزێک عەقل و هۆشی دێتەوە بەر
چیتر سەیر ناکرێن...
هەر وەکو مێگەڵە مەر...

هانۆڤەر
٢٠١٩/٤/٤

# وەك گوڵە حاجیلەی دەشت و وەردان ....!!!

کراسی لەبەر خۆی داکەنییەو
لەبەر خۆرەتاو ڕاکشاوە
بۆ ئەوەی ڕەنگ و ڕووی توزێک ئەسمەر ببێ
لە ناو کێلگەی ئەم دەشتەدا
پیفۆکەکانی ژێر زەوی
کە وەرزی بەهار دێ
سەری خۆیان دەردەهێنن
هەر یەکە و چەترێک هەڵدەدەن
بۆ ئەوەی جەستەیان بە باران تەر نەبێ
لە کەندەرانەکەی خوارەوە
کیسەڵێک خۆی گرمۆلە کردۆتەوە
لە پڕ خەوی لێ دەکەوی
خەونێکی خۆش دەبینی
وەدەزانی لە ڕۆژی لە دایک بوونیدا
لەگەڵ دۆستەکەی
یاری سەمای بالێت دەکا
بەڵام زۆری نەخەیاند
لە خەوەکەی واگا دێ
ئینجا دەزانی ئەمە ڕاستی نییە و
هەمووی خەون و خەیاڵ بوو

لە بن دار هەنارەکەی ئەو بەری
دوو بۆقیلەی جوانکیلە بەرامبەر
یەک وەستاون
یەکێکیان دەستی هەڵبڕییە
بە پەنجەی دەستەکانی
ئیشارەت بۆ ئەوی دیکە دەکات
بەڵکو بێتە ئەم بەری
لە ماچە تەڕەکانی سەر لێوی
بێبەشی نەکات
لە بەیاری ئەم گوندەدا
دوو ئەسپ هەن
بە دوا یەکا ڕادەکەن
یەکیان سەری خۆی بۆ ئاسمان
بەرز کردۆتەوە
ئەوی تریان بۆ سەر زەوی
هەردووکیشیان یەک ڕێچکەیان گرتووە
بەری نادەن
یەک هیوا و مرازیان لە دڵ دا
ئاواتەخوازن ڕۆژێک لە پڕ
بۆیان بێتە دی .

هانۆڤەر
٢٠١٩/٤/١

## زەینم .....!!!

تا دێت زەینم کوێر تر دەبێ
دوێنێ لە ناو بازار کچێکم ناسی
ئەوەندەی پێنەچوو
ناوەکەم زوو لە بیر چوو
تا دێ هەست و سۆزم  زێتر دەبێ
دوێنێ منداڵێکم بینی
لە ئامێزی دایکی لە هۆش خۆی چوو
بە دەست خۆم نەبوو
فرمێسکم لە چاوان بۆی ڕێشت
تا دێ دڵم لە خەم تژی دەبێ
من بە بێ خەم ناتوانم بژیم
من لەگەڵ خەم ئاوێتە بوویمە
گەر خەم نەبێ
چۆن دەتوانم فرمێسکی قەتیسماوی
چاوم ڕۆژانە هەڵبڕێژم
تا دێ چاوم لە جاران کز تر دەبێ
هێز و گوڕ و ڕۆشنایی
تێدا نەماوە
جاران دەرزیم لە ناو ئاو دەدۆزیەوە
بەڵام ئێستا زۆر زەحەمەتە
هیوادارم لەمە زیاتر کز تر نەبێ

تا ئەو شتەی چەندەها ساڵە
 بە دوای وێل و عەودالْم
کە بە دوای گەڕام
بە ئاسانی لە چاوقوچانێکە
لە پر بیدۆزمەوە و
دەستم کەوێ .

هانۆڤەر
٢٠١٩/٣/٣١

# خەون ......!!!

ئەو خەونانەی پێوەم دیتی
هەمووی بە ڕاستی هاتە دی
تۆم کردە بووکێکی جوان و
لە ناو کەژاوە دامنای
تا ژیانت ماوە بمپەرستی
دڵنیا بووم لەوەی ...
هەرگیز مەحاڵە لەبیرمکەی
ئەو سۆز و خۆشەویستیەی پێم دای
مەحاڵە ڕۆژی دابێ فرامۆشی بکەی و
بیخەیتە ژێر پێت ...
چونکە ئێمە هەر دووکمان
خاوەنی یەک دڵین
هەرگیزاوهەرگیز نابێ بە دوو
هەتا ئەو ڕۆژەی دەمرین ...

هانۆڤەر
٢٠١٩/٤/١٧

# گەر شیعر باڵی هەبوایە .....!!!

له دەست ئەم کۆلکە خوێندەوارانەی
ناو فێیسبووک دەفڕی و
ئەم ناوەی بەجێدەهێشت
جارێکی تر نەدەگەڕایەوە
بۆ ئەم وڵاتە وێرانستانە
گەر شیعر باڵی هەبوایە
له دەست ئەم حکومەتەی لەمەر خۆمان
کە زمانی کوردی ئەنفال و وێران کردییە
دەفڕی و سەری خۆی هەڵدەگرت و
دەچوو بۆ هەندەران
دەبوو بە پەناهەندە ...

هانۆڤەر
٢٠١٩/٤/٢٠

## وەفایی .....!!!

وەفایی و دڵسۆزی وەک تۆ لەم دونیادا زۆر دەگمەن و کەمە
لە سایەی خوا ئەوەی لە ناو دڵی مندا نییە هەر خەمە
بۆیە ئاواتە خوازم هەتا لە ژیاندا ماوی هەر وابیت
تەمەنت لە چیای سەفین و هەیبەت سولتان درێژ تر بیت
کە سەیری هەولێر دەکەم هەڵبەتە بە تۆوە جوان و ئاوەدانە
زۆر قارەمان و دلێری تێدایە ئەم نیشتمانە جوانە
خۆیان ناویان دیارە هەر دەمینێ بە زیندوو
بەداخەوە کەسیش باسیان ناکات لە ناو لاپەرەی مێژوو .

هانۆڤەر
٢٠١٩/٥/١١

## ئەی نەشمیلە ئازیزەکەم ......!!!

دڵگیر مەبە
لە هەموو ئان و ساتێکدا
بیرت دەکەم ...
لە ناو ئاوێنەی دڵما دەتبینم
تۆ کۆترێکی جوانی ...
لە سەر چلی داری ...
بەر دەرگایماڵمان هەڵنیشتووی
تۆ ئەو ئەستێرەی...
لە ئاسمانی دڵی مندا گەشایەوە
تۆ بەفری سەر لووتکەی چیای دڵی منی
تۆ گوڵێکی سووری...
لە باغی دڵی مندا چێندڕاوی
لە من زیاتر کەس بۆی نییە
بۆنت بکات ...
ئەی نەشمیلە ئازیزەکەم
دووری تۆ...
هەوێنی شیعرەکانمە ....
خەم ڕەوێنی ڕۆژانەمە ...
هەتوانی زامەکانمە...

خۆشەویستیت لای من...
بەرزتر لە دۆندی قەندیل و سەفین
ڕۆناک ترە لە خۆرەتاو...
شیرین ترە لە هەنگوین...

هەولێر
٢٠٠٨/٩/١٠

# تەرەس .....!!!

که ئەو تەرەسە هاتە هەولێرێ
هەمووی پێشوازیان لێی کرد
رێزیان لێنا هەر وەکو شێرێک
کە باسی کەرکووکیشی کرد
هەموو کەڕ و لاڵ بوون
نووقەیان لەدەم دەرنەهات
ئەوانە خۆ بە خۆ لە ناو وڵات وەکو شێرن...
بەڵام بەرامبەر داگیرکەران ...
هەر وەکو ڕێویەکەی بیتوێنن
بۆیە هەمیشە لە ڕاست دوژمنان...
سوک و ڕسوا و زەلیلن .

هانۆڤەر
۲۰۱۹ /٥/۱

# سێدارە ....!!!

کە بردیانمە پێش داری سێدارە
بۆ ئەوەی هەڵم واسمان بە دارە
پێکەنیم و ئاخم بۆی هەڵنەکێشا
پێیان وتم پەتەکەت ناخەینە مل و
وازت لێ دێنین ئەم جارە
بەس تەنیا بڵێ من کورد نیم و
پەشێمانم لەم کارەی کە کردوومە
دەتکەین بە مامۆستای ئەم شارە
منیش وتم گەر بمکەن
بە سەرۆکی ئەم شارە
من وازناهێنم لە کوردایەتی و
لەو بیروباوەری تیای دامە
هەمووی لە ناو مێشک و
دڵ و دەروونم نووسرایە
بێ باکم وەرن بمدەن
لە سێدارە
چونکە دەبمە شەهیدێک
بۆ نیشتمان
کە ئاڵاکەی بە خوێنی
شەهیدان سوور کرایە .

هانۆڤەر
٢٠١٩/٥/١٩

# خۆشناوین .....!!!

ئێمە هەمووی خۆشناوین
لە یەک ڕەگ و ڕیشە و خاکین
هەوارمان هەمووی چیایە
بۆمان وەکو پۆڵایە
یەکتر دەگرین وەک ئاسن
نامان بڕێ تیغی دوژمن
هەموومان پێکەوە تەباین
دەگەڵ یەک وەک دۆست و براین
ڕک و کینەمان لە لا نییە
هەر وەکو بەفر ناخمان سپییە
کاتێ کە توڕەش دەبین
دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکەین
دونیای هەموو دەهەژێنین
بۆیە پێمان دەڵێن خۆشناو
خوا دوورمانکە لە زار و چاو.

هانۆڤەر
٢٠١٩/٥/١١

# بۆ ئەو کەسەی خۆشم ویست .....!!!

بۆ ئەو کەسەی خۆشم ویست و
لێم دابڕای...
کە خۆرت بینی...
وەکو کلۆ بەفرێك زوو توایە
بەڵام من هیچ هەست ناکەم
کە لێم ونی
هەر وەکو ئۆکسجین
هەمیشە لە ناو هەناسەکانم دای
هەر دێ و دەچی ،
هیچ ناوەستی ...

هانۆڤەر
۱۱ /٥/ ۲۰۱۳

# هەی کەردۆگانی بێناموس ....!!!

هەتا بەر نەفرەتی خوا نەکەوتی
زووبە پەلەکە پەتێ بکەرە ملت
خۆت هەڵواسە
ئیتر واز بێنە لە کورد بەسە
چیتر خەڵکی بێتاوان مەکوژە
هەی ناشیرینی دەبووس
هەناوت پڕە لە ڤایرۆس
بۆچی یەخەی کوردت گرتووە
هەی بەرازی قۆچ هاتی
هەی کەمتاری بەرەڵا
هەی هیچ و پووچ
هەموو دونیا دەتناسی
تۆ بێ ئەخلاق و تەرەسی .

هانۆڤەر
٢٠١٩/٦/٢٨

# دووژمن .....!!!

دووژمن لە هەموو لایەک
تەخسیری ناکا
بە کوشتنی کورد
ئەدی پێم نالێن
کوان لە کوێین ئەوانەی سوێندیان خوارد
پارێزگاری بکەن
لە خاک و لە نیشتمانی کورد
وا هەمووی خەوتوون
لە ژێر بەتانیە سوورەکەی ئەتاتورک
دەک خەجاڵەت و ڕوورەش و ڕەزیل و سوک بن.

هانۆڤەر
٢٠١٩/٦/٢٨

# بۆ دڵزاری شاعیر

بنو بۆ خۆت پشوو بدا
تۆ پێشەنگ بووی لە شیعر و هەڵبەستدا
شەو و ڕۆژت لێکگرێدا
بۆ خزمەتی وشەی ڕەسەنی کوردی
تۆ نەمری ...
لەبەر چاوان و دڵانمان هەر زیندووی
شیعرەکانت ئیمرۆ
لە تاوان ڕەشپۆشن
شێوەن دەگێرن و دڵ تەنگ و مەڵولن
چنارۆک و هەیبەت سولتانیش
کز و داماون لە تاوان ڕەشپۆشن
فرمێسکیان لە چاوان چک نابێت
بۆ خۆت بنوو پشوو بدا
ئەی شورەسواری مەیدانی ئەدەبیات
خامەت هەمیشە ڕەنگین و چاڵاک بوو
تا دوا هەناسەت کۆڵتنەدا
خامەت هەر بە بڕشت بوو
تۆ هەر زیندووی
تەنیا بە جەستە لە لامان نیت
دەنا لە ناو هزر و هۆش و بیرمانی
تۆ نەمری.. تۆ نەمری

هانۆڤەر
٢٠٢١/٤/١٠

## که گوێم له سترانه‌که‌ت بوو .....!!!

ئه‌وه‌نده‌ی تر دڵم ته‌نگ بوو
هه‌موو جه‌سته و گیانم ته‌زی
که گوێم له سه‌دای ده‌نگی تۆ بوو
ڕۆندکی چاوم چک نابێ
که گوێم له مردنی تۆ بوو
بڕوا ناکه‌م که تۆ مردوی
چونکه تۆ هه‌میشه زیندووی
ئاواز و گۆرانیه‌کانیشت دڵ ته‌نگن
له دووری تۆ شێوه‌ن ده‌گێرن
دوا گۆرانیت ته‌واو نه‌کرد
گوڵت هه‌ڵوه‌ڕی و با بردی
ماڵئاوایت له جیهانی
هونه‌ر و مۆسیقا کرد.

هانۆڤه‌ر
٢٠١١/٨/٢٦

# جەژنانە... !!!

له دەرگامدا
هات و دەرگای لێم کردەوە
وای ئەوەندە شوخ و شەنگ بوو
بەو بۆ و بەرامەی کوڵمە و خەندەی
هۆشی بردم...
ها ، چیت دەوێ ، چیت گەرەکە:
گەدام ، نان .. نا ، تەنێ نێوە ماچێ:
له لێوتا بە جەژنانە ...

هانۆڤەر
٢٠٢١/٣/١٢

# مەیسووتێنە هەی گەمژە ....!!!

گەر کتێب نەبایە
تۆ نەدەبوویە مامۆستا
هەر ئەو کتێبە نەبوو
تۆ فێری ئەلف و بێی کرد
هەی قورمساغ
کتێب زۆر پیرۆزە
بەڵام لە لای شیاکەیەکی وەکو تۆ
دیارە نرخی نییە
گەر تۆ نەخۆشی
بڕۆ چارەسەرێکی خۆت بکە
کتێب تاوانی نییە
گەر کتێب نەبوایە
کەس تۆی لە لای خۆی
نەدەکردە گاوانیش
بە قوربانی کتێب بیت
کە تۆ پێگەیاند وەک مامۆستا
ئەگینا هەنوکە تۆ سفری پشت فاریزە بووی
ئێستاش بوویە دوژمنی کتێب و
هەمووت ئاگر تێبەردا و سووتاندت
هەمووت کردە خۆلەمێش و فڕێتدان

. ئەو کارەی تۆ کردت
زۆر قێزەوان و ناشیرن و درندە بوو

هانۆڤەر
٢٠١٩/٧/١٤

# هەر چیم هەبوو ......!!!

هەر هەمووی چوو
من تەنیا دڵم بە تۆ دابوو
تۆش دڵی منت شکاند
هەر وەکو شووشە وردوخاش بوو
پارچەکانی هێندە بچووکن
جارێکی تر یەکتر ناگرنەوە
ببنەوە بە دڵەکەی پێشوو
ئیتر من چاوەڕێی چی بکەم
هەموو هیوا و ئاواتێکم
هەر تەنیا تۆ بوویت بەس
تۆش وەکو گوڵێک
هەڵوەڕی...
ئیتر هیوام بە هیچ نەما
بەجارێ ماڵی وێرانم
ئەویشم چوو.. ئەمیشم چوو
نازانم ڕوو بکەمە کوێ
تا هەندێ سەبوری و ئارامم
پێ ببەخشێ
تا لە نەهامەتی ئەم دونیایە
نەجاتم بێ...

هانۆڤەر
٢٠١٩/٧/١٥

# وەرە گیانە بێ خەم بە .....!!!

له زستانه کراسێکت
له خۆر بۆ دەدوورم
بیکەیته بەرت تا هەرگیزاوهەرگیز
سەرمات نەبێ...
که هاوینیش هات
له گەرمای هاوین دەتپارێزم
کراسێکت له بەفری کوێستانان
بۆ دەدوورم بیکەیته بەرت
تا هەمیشه دڵت پێ بکرێتەوه و
هەر فێنکت بێ ...
که بەهاریش هات
ئەو کاته کەژ و هەوا خۆشه
له هەموو لایەک
بای نەسیم دێ
تۆش ئەو کاتی دڵت خۆشه
کراسێکت بۆ دەدوورم
له پەڵکی گوڵ
تا له دوورەوەش بۆنی بێ
تۆش له خۆشیان
بیکەی به هەڵپەرکێ.

هانۆڤەر
٢٠١٩\٧/٢٠

## نەفرەت لە مین .....!!!

نەفرەتیان لێ بێ
ئەوانەی ناویان لێنای مین
هەناویان پڕە لە ڕك و قین
ئەوانە مرۆڤ نین
نە دڵیان هەیە نە ویژدان
ئەگینا ئەو دونیایەیان
تژی نەدەکرد لە مین
دەك چاوتان کوێر بێ
دەست و قاچتان
شەت و خوار بێ و
بە لەشتان وەبنووسێ
با هەزار نەفرەتیش بێت لە مین
هەر چەند پارچە ئاسنێکە
بەڵام هاناویان پڕ کردییە
لە ڕك و قین
لە سەرانسەری گێتی
بوویتە دوژمنی مرۆڤایەتی
منداڵان لە سۆزی دایك و باوك دەکا
دەستەکەنیان و قاچیەکانیان دەپەڕێنێ

چاوەکانیان کوێر دەکا
هەزاران نەفرەت لەوەی
کە ناویان لێنای مین
یارەبی قەت خێر و خۆشی
لە خۆیان نەبینن .

هانۆڤەر
٢٠١١/١٠/ ١٥

# ئەی یاسەمینە بچکۆلەکە ....!!!

ئێستا ئاو تۆی ون کردییە و
شونبزر بووی
نەریت و کەلتورێکی نەگۆڕ و
چەقبەست و توند و تیژ بوو
سەری لێشێواندی
تاکو بەم دەردەیان بردی
مخابن تۆ هێشا
کچێکی زۆر ژیکەلە بووی
گەڵێک هیوا و ئاواتت هەبوو
بەڵام بە داخەوە
لەگەڵ خۆت بردنە
ژێر گڵ...
بەڵام من هەرگیز
بڕوا ناکەم تۆ مردو بی
وا ڕووحت لە ناوی دڵی
ماسیەکان دەژی .

هانۆڤەر
٢٠١١/٤/١٨

# نەگەڕامەوە ......!!!

نەگەڕامەوە و شاد نەبوومەوە بە باوەشی پڕ سۆزی تۆ دایە
هەتا دەمرم ئەو داخە و کەسەرە لە سەر دڵمدا مایە
لێم ببوورە کە خۆپەرست بووم و بە جێمهێشتی لەم ژیانە تاڵە
دەبووایە هەموو خەم و ژانت  بە شان و کۆڵی خوم دادبایە
نەگەڕامەوە تا پێت شاد ببمەوە لە ئامێزت بگریم دایە
لەبیرم ناچی هەرگیز کە تۆم بەجێهێشت لەم تەنیایە
لێم ببورە کە نەمتوانی سۆزی دایکایەتیت هەڵبگرم
بە بێکەسی سەرت نایەوە و داخ و کەسەرت بۆ جێهێشتم.

هانۆڤەر
٢٠١٩/٧/٢٦

# هەرگیز ناتکەم بە سەرۆکم .....!!!

هەرگیز ناتکەم بە سەرۆکی خۆم
نامەوێ ببمە کۆیلەی تۆش
هەر سەرۆکێکیش وەکو تۆ
کەلە ڕەق و تاکڕەو و خۆسەپێن بێ
من هەرگیز چەهرەی ئەوم ناوێ
دەبا نەفرەتی لێ بێ
ئەو سەرۆکە دیکتاتۆرە
با بەرۆکی ئێمە بەردا
لەبەر چاوم...
دەبا وەل بێ .

هانۆڤەر
٢٠١٦ /٣/١٩

# زنجیری سەد بەندینخانە ....!!!

چەکی زۆرداری بێگانە...
فرۆکە و تۆپ و تەنک و دەبابە
کورد ناترسێنێ لەوانە بێباکە...
هەڕەشە و گوڕەشە و گەفی
تورکی فاشیستی حیز
کورد ناترسێنت هەرگز...
یەک زەرە کاریان تێ ناکا و...
نیشتمانیان پێ چۆڵ ناکا...

هانۆڤەر
٢٠١٩/١٠/٧

# پەیڤەکان دەدوێن...!!!

ئەی شۆڕەسواری مەیدانی عەشق
تۆ لە پێناوی عەشق دا
لە ناو ونبووندا توایەوە
سەرت بە جارێ لێشێواوە
نازانیت نە تۆ ئەوی نە ئەو تۆیە
گەردەلوولەی عەشق وا خەریکە
...وێرانتکا
تۆ ئەسپی خۆت تاودا
بە هەورازی عەشقا ڕەت بوو
سەرەرای ڕێگایەکی دوور و سەخت
پڕی بوو لە ئازار و مەینەتی
کەچی یەك تۆزقاڵ نەوەستای
بەڵام داخیگرانم...
ئامانجەکەشی نەپێکا
تۆ عەشقی کچێك بووی
لە ناو دڵتا...
وەکو پاساریەکی لانەواز
هێلانەیەکت بۆ چێکرد
بەڵام ئەو کچە بێوەفا بوو
دەرگای لانەکەی گرتوو چوو

ئەوەی تۆ عەشقی بووی
وەکو کچە عاشقەکان
دڵی وەك لۆکە نەرم نەبوو
ڕەق و تەق و پڕ لە قین بوو
لە خڕکە بەردەکانی زوورگەزراو دەچوو
تۆ عەشقی کچێك بووی
دڵی لە سۆز و مهرەبانی خاڵی بوو
وەکو پیرە مارەکانی
ناو تەراشەکانی بن پێچی مەسیف بوو
پڕی ڕك و کینە و ژەهر بوو .

هانۆڤەر
٢٠١١/٧/١٧

# بۆ بەکر عەلی ...!!!

خوێنت بە زایەع ناچێ
ڕۆژێک دادێ
دەکەونە بەر زەبر و زەنگی
ئەم میللەتە خێر لەخۆنەدیوە
تۆڵەی تۆیان لێ بسێنن
ئەوان وایان دەزانی ،
شاعیر تەنیا قژی جوان و چاوی کاڵی یار دەناسی
نەیان دەزانی بێزار و توڕەبوونی
سەر ڕووی هەژارانیش دەخوێنتەوە
لە دوورەوە
گوێی لە ناڵە و نوزە نوز و
ترپەی دڵی دایکە جگەر سووتاوەکان دەبێت
نەیاندەزانی شەوان خەوی نییە و
خەیاڵی لەلای ئەم میللەتە ڕەش و ڕووتەیە
بە درێژاییساڵیش
خەمی ئەم میللەتەی
وەکو بارێک خستۆتە کۆڵی
ڕێبوارێکی ڕێگای نەهامەتییە
نازانی ئەو ڕێگایەی گرتوویەتەبەر
دەیبا بۆ کوێ .

هانۆڤەر
٢٠١٩/٩/١

# ژنێك كوژرا ......!!!

له بەردەم دادگا
حاكمەكان هەمووی بەیەكەوە
سمێلیان بادەدا و
پێدەكەنین هەمووی پێكرا ،
باوكیشی دەیگووت :
كچەكەم هەڵەی كرد و
باجەكەی دا ،
باشه پێم ناڵێن ،
لەم وڵاته وێرانستانەیمە
كوا یاسا...
یان ژن خۆی دەسووتێنێ
یان دەكوژرێ له پێش دادگا ...!

هانۆڤەر
٢٠١٩/٩/٢

# ئیم شەو ....!!!

ئیم شەو وەکو هەموو شەوەکانی تر
ناخەوم ئێشکدەگرم
لە دانیشتنیش لە خۆم وەڕەز و بێزار دەبم
هەڵدەستم بۆ خۆم پیاسەیەك دەکەم
بە پێچ و لۆفەی خەمەکانی تۆ سەر دەکەوم
هێشتا ناگەمە کۆتایی
خەمەکانی تۆ هیندە زۆرن
بۆم ناژمێردرێن
لە کتێبك و دوان و سێ
جێگایان نابێتەوە بیانووسم
ناچار من لێرەدا دەوەستم
ئیتر وازدەهێنم
چونکە کۆتایی خەمەکانی تۆ
دەبێتە سەرەتای نەمانی من .

هانۆڤەر
٢٠١٥/٤/١٥

# پەپوولە ....!!!

ئەی پەپوولەی باڵ نەخشین
خەمی چیت هەیە لەژین
دەفڕی لەم چل بۆئەو چل
لەناو باغ و لەسەر گوڵ
زۆر جوان و وەفاداری
لەهەموو شوێنێ دیاری
ئێسک سووک و باڵ نەخشین
سەما دەکەی لەبۆ ژین
خنجیلەو ورد و ڕەنگین
تۆ بێزار نابی لە ژین
هەر ڕۆژێ لە باغێکی
لە سەر چلی دارێکی
تەنیا هۆگری گوڵ بوویت
ناتوانی بێ گوڵ بژیت .

هانۆڤەر
٢٠١١/٤/٢٩

# ڕقم لێته...!!!

که ئەو ڕۆژەی
بەردم بینی وەکو باران
بەسەر سەر دوعایدا
دەیانباراند..!
سەری دوعای پان کردەوە
لە ناو گۆمی مەرگ و خوێنا
گوەزاندیان...
لە تاو ئازاری جەستەی
پڕ بە دەنگی دەینالاند
هەر لەو ڕۆژەوە...
ڕقم لە بەرد دەبێتەوە ،
بەردێک لە هەر کوێ ببینم
یەکسەر ئەو ڕۆژەم بیر دێتەوە
هەرگیز من بەردم خۆش ناوێ
گەر مردیشم نامەوێ کێلی گۆڕەکەم بێ
ڕقم لە هەموو بەردێکە
هەتا بەردی ئالحەدیش بێ...
١ * ((لە دوایی ئەوەی ..بەردم بینی
سینگی دوعای کرد بە دوورگەی ئازار و خوێن
دابێژ دابێژ بوون

گیان و لەش
ڕقم لە هەموو بەردێکە))★
هەتا بەردی قیبلەش ..

* ئەمە هی خاتوو ترێ عومەرە

هانۆڤەر
٢٠٠٧/٣/١٥

## دەسڤیدانیا .....!!! *

هەتاکو ئێرە هاوڕێ بووی
ئێستاکە پێت دەڵێم ماڵئاوا
من قەت خۆم لە تۆ نەشاردۆتەوە و
هەمیشە ڕووبەری تۆم
بەڵام دەبێت ببوری جارێکی تر
ناتگرمە دەستی خۆم
هەر پێت دەڵێم دەسڤیدانیا
من لێرەم لە شارێکم لە ئەلمانیا
لەوانە بوو بەم زووانە نەدیباماوە لێرانە
ئەی غەریبی بە بێ شەراب
منت کردوە بە پیری مەیخانە
من دەمێکە وازم لە شەراب هێناوە
شەرابی من تەنیا ئاخ و ئۆف هەڵکێشانە
ئەی غەریبی دڵت بە من خۆش نەبیت
لەوانەیە ڕۆژێك
دەست لە هەوکێ تۆش بکەمەوە
بە تۆش بڵێم دەسڤیدانیا

*دەسڤیدانیا: وشەیەکی روسیە بە واتای ماڵئاوای دێ .

هانۆڤەر
٢٠١٢ /١١/٢٧

# من گەلێ دوورم ....!!!

دوورم لە گوندە قەڵا بەرزەکەم
ناتوانم برۆم بیکەمە لانەم
دوورم لە زەوی جوان و بەپیتم
بۆ خۆم تیام نێژت نەمامی ژینم
لێمان ناگەڕێن زەوی بکێلین
بەرهەمی خۆمان تیا بروێنین
لێمان دەسێنن ناهیلن بیکەین
تا ژیانی خێزان مسۆگەر بکەین
دوورم لە یارە ڕوو بەخاڵەکەم
دڵی ئاوێنەی هەست و نەستەکەم
دڵی هەوێنی خۆشەویستمە
جوانی یارەکەم جوانی سروشتمە.

هانۆڤەر
٢٠١١/٩/ ٢٢

# پەڕەسێلکە......!!!

ئەی پەڕەسێلکەی هەژار
تۆ لە دەشت بووی هاتیە شار
وا لە سەر جادە کەوتووی
کەس نازانێ تۆ مردوی
لەم شارە دڵ مردووە
کەس هانای بۆت نەبردووە
وا بە گوڕ لە گریانی
هەر ئاخو ئۆف دەزانی
فرمێسکت بۆ دەڕێژی
تەرمی جوانت دەنێژی
بێ خزم و کەس و کاری
بێ هاودەم و هاوکاری
لەبەر ئەوەی بێ کەسی
بێ نازو فریاد ڕەسی
ئەگەر تۆ دەوڵەمەند بای
خاوەنی کۆشك و تەلار بای
خەڵك لە شار و لادێ
دەهاتنە لات دەست بەجێ

ئێستاش بەبێ کەس ماوی
لە سەر ڕێ  فڕێدراوی
دوور لەماڵ و ژیانی
مردویی کەس پێت نازانێ ...

هانۆڤەر
٢٠١٠/٦/٢٤

# قەت مەڵێن .....!!!

قەت مەلێن بێکەسین
ئێمە هەموومان لەگەڵتانین
ورد و درشت پالپشتانین
ئێمە بۆ خۆمان ئاشتی خوازین
پەلاماری هیچ کەس نادەین
بەڵام ئەوەی شەڕمان پێ بفرۆشێ
لە ڕووی دەوەستینەوە وەکو شێر
ناحەقی لە کەس قبول ناکەن
گەر دوژمنان هێرشمان بۆ بینن
دەرسێکی وایان دەدەینێ
دەستیان لە بنەوە دەبڕین.

هانۆڤەر
٢٠١٩ /١٠/٩

# پەیامێك.....!!!

گەر دەتەوێ بە ڕۆژی ڕۆناک
لە سەر جادە بمڕفێنی و هەتکم بکەی
سەرم لە لەش جیاکەیتەوە و
خوێنم بخەیتە کاسە و فڕکەی
چیت لە دەست دێ تەخسیری مەکە
ئەمە قەت لەبەر چاوان ون نابێ
لە مێژوودا دەنووسرێ
چونکە دوای من هەزارەها نەوەی نوێ
دەڕژێنە ناو جادە و کۆڵانەکان
هاوار دەکەن .. کوا ئازادی
گەر خاوەن شکۆ
گەورەترین دەستەڵاتی هەبێ
مەحاڵە قەڵەم لە ناو بچێ
تاج و تەختی لێ تێک دەچێ.

هانۆڤەر
٢٠١٢ /٥/١٩

## بۆ ئەبوبەکر خۆشناو .....!!!

کاکە خۆشناو هێشتا زوو بوو
کۆچی ناوادەت کاتی خۆی نەبوو
هەگبەی هزرت پڕ بوون لە وشە
هەمووت بە تەواوی نەدرکاند بوو
حەیف و مخابن زوو بە جێتهێشتین
خەم و خەفەتت لە دڵدا نێشتین
هەزاران سڵاو بۆ ڕووحی پاکت
بۆ قەڵەمی دەست و پەنجە و
بو کاری چاکت
گومانم نییە جێگات بەهەشتە
لەویش دوو بارە بۆ کورد بنووسە.

هانۆڤەر
۱۲ /۲۰۱۳/۱۰

# سالح موسلیم ....!!!

مەندێلای ڕۆژئاوای کوردستانە
گیڤارایە و هۆشی منە و بیرمەندێکی زۆر ماندووە
نەجیب زادە و خانەدان و شۆڕەسوارە
مەرد و جوامێر و جەربەزەیە
پێشمەرگە و شەڕڤان و گریلایە
پلە و پۆستی ناوی پێویستی نییە
بۆیە بڕیاری دەست لە کارکێشانەوەیدا
پیاوێکی زۆر سادە و خاکییە
هەمیشە بۆ کوردستانێکی یەکگرتوو
لە سەر پێیە و گیانی لە سەر دەستە
مەرگی لە رێیە...

هانۆڤەر
٢٠١٧/٩/٢٨

# کاتێ دەستم قەڵەمێ بگرێ .....!!!

دژی داگیرکەرانی کورد
هەر دەینووسم بە بێوەستان
تا کەف و کۆڵی دڵم داکەوێ
دەبێت هەر ئێمە ڕسوایانکەین
تا ببنە پەند و عیبرەت لە هەموو جیهان
هەر کاتێ دەستم وزەی تیا نەما
ئیدی ئەم ئەرکە بە ئێوە دەسپێرم
ئەوەی من پێم نەکراوە بینووسم
ئێوە تەواوی بکەن
بۆ ئەوەی داگیرکەرانی دوژمن
چۆک بدەن
زندەقیان لە قەڵەم بچێ
تا چیتر نەتوانن
دوژمنایەتیمان بکەن و
بەرانبەرمان بوەستن
تا لە هەموو دونیا ڕسوا بن .

هانۆڤەر
٢٠١٩/١٠/٨

# ئەو کچەی کە عەشقی بووم ...!!!

بە دەست دوعام
بۆت نووسی
بە چاوان بۆم خوێندیەوە
ئەگەر دڵت
خۆش نەبوو
بە لێوان دەتلێسمەوە
ئای گوڵم ئای دڵم
تۆی سۆمای
هەر دوو چاوم
خۆشم دەوێ تا ماوم
ئەو ژیانەم بێ تۆ ناوێ
ئەگەر تۆی تێدا نەبێ
دەوەرە چاوەکەی چاوم
جەرگ و دڵ و هەناوم
ئەو ژیانەم بێ تۆ ناوێ
گەر بەهەشتیشی تێدا بێ
بە ماچ دوعام بۆ کردی
بۆ ملوانکەی گەردەنت
تاکو عەشقی من ببی

ئەم جارە دوعات بۆ دەکەم
لە سۆز و دەروون و هەستم
تاکو هۆگری من ببیت
لە ناو عەشقم دا
بسووتێی و گڕ بگریت
ئای گوڵم ئای دڵم
هەست و سۆزی بێ گەردم
تۆ بەهەشتەکەی منی
من تەنیا هەر تۆم دەوێ
تۆ بۆ من زۆر پیرۆزی
ئەو بەهەشتەم بێ تۆ ناوێ
گەر خودا پێم ببەخشێ.

هانۆڤەر
٢٠٠٦/٧/١

# زۆرم خۆشدەوێ .....!!!

بۆیە زۆرم خۆشدەوێ
شیرینە هەر وەکو ترێ
هەر چیم بوێ بۆی کردوم
هەرگیز دڵی نەشکاندوم
هیچ لە دڵم دەرناچێ
جوانە وەک مانگە شەوێ
ناتوانم بێ تۆ بژیم
با دڵم یەکسەر گڕ نەگرێ
ناتوانم لە تۆ دوور بم
بە بێ کەسی شێت دەبم
من بڕیاری خۆم داوە
تۆ هەر دەبی بۆ من بیت
ئەگەر تۆ ڕازیش نەبیت
ڕۆژیک دێت پەشێمان دەبیت .

هانۆڤەر
٢٠١٩/٩/١١

# ئەی یارەکەم...!!!

ئەی یارەکەی شۆخ و شەنگم
قەت پێم مەڵێ دڵ تەنگم
هەرچی خەمت لە دڵدا بینێژە
شتێکی جوانتر لە ناو دڵت بڕوێنە
ئەوەی دوێنێ ڕوویدا
ئەوەندە بیری لێمەکەرەوە
لاپەرەکی نوێ
لە ناو ژیانت هەڵدەوە
تاکو چیتر ڕۆژانە
لەبەر دەمی خەم
گیرۆدە نەبیەوە.

هانۆڤەر
٢٠١٩/٩/١٢

# تاکەی ئەو بێدەنگییە....!!!

ئەو کاتەی
چاوە جوان و ناسکەکەت
بوون بەقوربانی
هەموو کات و ساتێکی
ڕۆژە سەختەکان
وازت لە هەموو
حەزو ئارەزوەکانت هێنا
حەزو ئارەزوەکانت
کردنە قوربانی
ئەم ڕۆژە سەختە و دژوارانە
ئەم ڕۆژانەی
کە گەلێك لەمێژە
چاوەڕوانت دەکردن
ڕۆژە تازەکانن
ئەم ڕۆژانەی
کە بە ئازادی پێبکەنی
بە ئازادی بژی و
بە ئازادی بمری
ئێمە تاکوو ئێستا

به ئازادی نەژیاوین
کە دەشمرین
کەس پێمان نازانێ
ئەوەتانی هەزارەها
گۆڕی بە کۆمەڵ
لە بن گردۆلکەکان و
دەشتەکان
چاویان هەڵهێنا
بەڵام کەس
نە ڕەنگیان و
نە ئاکاریان و
نە شێوەیان
ناناسنەوە
چاوەڕێی ئەو ڕۆژانە بووی
تۆش وەکوو هەموو
ئەم مرۆڤانەی دونیا
بە ئازادی بژی و بمری
بەڵام کەی...؟
هیچیان هێشت
هەموویان شێواند و
ڕەشکردەوە
وەختی خۆی
بە جۆرەها چەکی
کوشندە و کۆکوژی
لێیاندەداین و
دەیانکوشتین

بەڵام ئێستا
وا بە دۆلار
مێشکیان
کاس کردوین و
دەمانکوژن و
قڕماندەکەن
هەتاکەی
ئەو  بێدەنگییە ...
هەتاکەی واکر دانیشتووی
کە جام پڕ بوو
هەر لێیدەڕژی

ئەوانە ئێستا
لە سەر ئەم گەلە
بەستەزمانە
هەمووی بووینە
قۆنتەراتچی
کێ کردی و
کێ خواردی
ئەوەی کردی
تاکوو ئێستا
هیچی بە هیچ نەکرد
ئەوەی نەیکرد
گرەوەکەی خۆی بردەوە
ئەوانە...
کاسەلێس و جاش و

نۆکەرانی بە عسی بوون
تاکوو ئێستا
هەر لە ناو کۆشك و
بالەخانەی خۆیان ماون
پۆستی گەورەشیان
پێدراون
بەڵام ئەوانەی
کاتی خۆی خەباتیان کرد
مێژووویەکی بە خوێنیان
تۆمار کرد
نە ڕەنگیان دیارە
نە دەنگ
خۆ ناویشیان
لە هیچ شوێنێ
نابیسرێ
ئەوانەی بەر
ئەنفاڵ و کیمیاباران و
پاکتاوی ڕەگەزی کەوتوون
وا ئێستا لەبن
سێبەری دیوارەکان
کەوتوون
کوا مافەکان
کوا یەکسانی
کوا دیموکراتی
کوا....
کوا...

کوا...
بەسە ئەی میللەت
تاکەی ئەو بێدەنگییە..!؟
تاکەی ئەو گێلەتییە
بۆچی خۆتان کرکردیە
هەستن ڕابن
دەرکەون و مان بگرن
دونیایان لێ بهەژێنن
ئەگەر مافی چارەنووس
بۆ کورد نەستێنن
با ئەو ناوە
بە جێ بێڵن...!!

هانۆڤەر
٢٠١٦ /١٠/ ٢٣

# پێم بڵێ ....!!!

پێم بلێ بۆ تۆراوی.؟
لە سەر من، باوکت لێیداوی.؟
ئەی کچە شۆخەکەی هەولێری
چیم پێ وتی...
چیم لێکردی...
هەر لەبەر ئەوەی خۆشم ویستی
لەو جادەی کە تۆم بینی
دڵت پڕ کردم
لە هەناسەی خۆشەویستی
ئەو جادەیەم هەمیشە هەر خۆش دەوێ
ئەگەر ڕۆژێك پیاسەی تێدا نەکەم
وا هەست دەکەم مەرگ ژینم لێدەستێنێ
هەر چەندە لە من تۆراوی
ڕۆژ بە ڕۆژ خۆشەویستیت
لە ناو دڵم زێتر دەبێت
هەرگیز ناتوانم وازت لێ بێنم
هەتا نەبی بە هاوژینم.

هانۆڤەر
١٢ /١٠/ ٢٠١٦

# هەتاکو کەی لێم دڵ ڕەقی ....!!!

چیت بۆ بکەم
تا بە زمانێ لێم تێبگەی
هەر چی هەبوو بۆم نەکردی
هێشتاش تۆ لێم دڵگرانی
داوات لێم کرد کوانی چاوت
گووتم هانی بکەرە مۆم
داگیرسێنە تا بەیانی
نەوەك لەم شەوەزەنگە
بیر لە تەنیایی خۆت بکەیتەوە
تووشی خەمۆکی بیت
داوات لێم کرد کوانێ دڵت
گووتم هانی ...
با بۆ تۆ ببێتە کانی
نەوك لە تێنوەتی بخنکێی
کەسیش نەبێت پێت بزانێ
بەڵام من تێتناگەم
بۆچی بۆ من هەر دڵ ڕەقی
دڵت لەبەرد ڕەقترە
قەت وەکو لۆکە...
بۆ من نەرم نابێ ...

هانۆڤەر
٢٠١٧/٨/٢٠

# جگەر گۆشەم .....!!!

کزەی جەرگم
خەفەت مەخۆ
کە تۆ مردوی
بڕوا بکە
ئێمە هەمووی درشت و ورد
بە بێ هیڵاک و ماندوبوون
بە زیندووی چاوان مردوین.

هەولێر
٢٠٠٨/٩/٢٢

# چاویلکە.....!!!

ئەم چاویلکەیە لە چاوت بکەوە
با چاوە گەشەکەت دەرکەوێتەوە
توخوا چیتر مەیانشارەوە
با وەکو مرواری بدرەوشێنەوە
چاوەکانت هەر وەک فسفۆرن
دەدرەوشێنەوە گەر لە دووریش بن
گەر شەویش دابێ هەر درەوشاوەن
شەوقیان لێنابرێ وەک مانگە شەون.

هانۆڤەر
٢٠١٩/٩/١٢

# به چەند دڵۆپێ...!!!

به چەند دڵۆپێ کانیاوی جەستەت
تێنوەتیم نەشکا ..
لەمەش زیاتر چاوەڕێم دەکرد
به دڵۆپەکانی تری ناختەوە
تا چلوپۆپەی چێژی کۆتایی
کەفی هەڵچوونی ...
ناخی دەروونم دامرکێنی و
دڵخۆشم بکەی ...
به جەستە و ئامێز و ئارەزووە تێنوەتیەکانت
بمورووژێنی و ڕامچلەکێنی
تا گڕ و گڵپەی ناخی دەروونم
هەموو به جارێ لێم خامۆش بکەی.

هانۆڤەر
٢٠١٢/٦/٧

# پێرستی شیعرەکان


تۆ دەکەم بە نیشتمانی خۆم ........ ١١
سەمای کلۆ بەفرەکان ........ ١٢
هەرگیز ناکرێ لە بیرتکەم ........ ١٤
سەمای ماچی ئێواران ........ ١٥
سەفەر ........ ١٦
سەفەر مەکە ........ ١٧
شتراسنبان ........ ١٨
شەقام ........ ١٩
شەرم ناکەن دانارزێن ........ ٢٠
شەنگاڵ هەرگیز لە بن نایێ ........ ٢١
شەوەکانی غوربەت ........ ٢٣
دڵم پڕە لە ژان ........ ٢٤
شێرە ژنەکەی قەڵا و منارە ........ ٢٥
شینی گەڵا هەڵوەریوەکانی پایز ........ ٢٧
شێوەکان هەمووی وەک یەکن ........ ٢٨
شەوێک لە شەوان ........ ٢٩
فرمێسکەکانی تەنیا ئیدریس ........ ٣٢
فرمێسکەکانی غەریبی ........ ٣٤
کاڵبوونەوە ........ ٣٦
کۆبانێ ........ ٣٧
کۆتایی دکتاتۆرەکان ........ ٣٨
شاسوارەکەی وڵاتی من ........ ٣٩

نیشتمانێکم هەبوو ........ ٤١
کوا ........ ٤٢
وڵاتە یەکگرتووەکان ........ ٤٣
کێ هەیە بتوانیت ........ ٤٤
کێ هەیە خاتوو دکتۆر شایان نەناسی ........ ٤٥
کە جیتهێشتم ........ ٤٧
کە ژنێک دەکوژن ........ ٤٨
کە سەیری دونیا دەکەم ........ ٤٩
کە منداڵ بووم ........ ٥٠
کەنگر و ڕێواس و کاردی ........ ٥١
گەر ڕۆژێکم لە تەمەن مابی ........ ٥٢
گەردەلوولەی ڕک ........ ٥٣
لالش ........ ٥٤
لە پشت دەرگا داخراوەکانی ئەم شارە ........ ٥٥
لە دووری تۆ ........ ٥٧
لە مەملەکەتی میران ........ ٥٩
لەم ئێوارە غوربەتەدا ........ ٦١
لەو دیوی پەنجەرە داخراوەکان ........ ٦٢
لێم مەپرسە ........ ٦٣
لە هەر چوار لاوە ........ ٦٥
لە پێش مەرگم ........ ٦٦
لە پەنجەرەی خەمەکانم ........ ٦٧
لە چوار لاوە ........ ٦٨
لە خەویا ........ ٦٩
لە ناو حەوشەی ئەو ماڵە ........ ٧١
لەوەتی هەم ........ ٧٢

ماچەکانی شەوی یەڵدا ........ ٧٣
مافیا ........ ٧٥
ماڵئاوایی ........ ٧٧
ماچەکانی تۆ ........ ٧٨
مردنی تۆ ........ ٧٩
مخابن ........ ٨٠
کۆچی مامە ........ ٨١
مامۆستا گیان ........ ٨٣
من عەفرینم ........ ٨٤
من زەعیفە نیم ........ ٨٥
من دەڵێم ........ ٨٦
من هەنوکە لە سەنگەرم ........ ٨٧
من لەمێژە ........ ٨٨
من لە سیمات دەخوێنمەوە ........ ٨٩
مەدالیا ........ ٩٠
مەترسە ........ ٩٢
من عەفرینم ........ ٩٣
منداڵەکان ........ ٩٤
منداڵەکان ........ ٩٥
من ئەو منداڵەم ........ ٩٧
ئاڵا ........ ٩٨
مۆمی تەمەن ........ ٩٩
مەملەکەتی گەندەڵستان ........ ١٠٠
مەرج نییە ........ ١٠١
لە وڵاتی توونس ........ ١٠٢
مەمکوژە ........ ١٠٣

مەیشکێنن ........................................................................ ١٠٥
نیشتمانێک پر لە کۆیلە ........................................................ ١٠٦
نازە بێنازەکەم ........................................................................ ١٠٧
نیشتمانم ئافرەتێ بوو ........................................................... ١٠٨
نیشتمانم منداڵێکە ................................................................ ١٠٩
نەفرەت لە کوشتن ................................................................ ١١٠
نزا ........................................................................................ ١١١
هەناسەکانی غوربەت ............................................................. ١١٢
نامە ....................................................................................... ١١٣
کەردۆگان .............................................................................. ١١٤
من هیچم ناوێ لە تۆ ............................................................. ١١٥
نیشتمانێک پڕ لە حەسرەت ................................................... ١١٦
هەی ئافەرین ......................................................................... ١١٧
هەموو شتێ کۆتایی دێ ........................................................ ١١٨
پاپا ......................................................................................... ١١٩
هەر ئەو جارەی تۆم بینی ....................................................... ١٢٠
هەرچەند لێت ڕادەمینێم ........................................................ ١٢١
هەناسەکەم ........................................................................... ١٢٢
هەتا دوێنی لەشاخ بووم ........................................................ ١٢٣
وێرانستان ............................................................................. ١٢٤
هەولێر ................................................................................... ١٢٦
ئامەد هەرگیز بێدەنگ نابێت .................................................. ١٢٧
سمۆرە .................................................................................. ١٢٩
ژنێک ..................................................................................... ١٣٠
ئازیزەکەم ............................................................................. ١٣١
ئاخێک بۆ شەنگاڵ ................................................................. ١٣٢

ئێمە لە جەنگین ........................................................................ ١٣٤
ئیمرۆ ........................................................................ ١٣٥
ئەی خودایە ........................................................................ ١٣٦
ئەرێ هۆ گیانە وەرە ........................................................................ ١٣٨
ئەوەندەت چاوەڕێ ناکەم ........................................................................ ١٣٩
ئەوەندە شەکەت و هیلاک و برسیم ........................................................................ ١٤١
ئەوەندەی ماچم کردی ........................................................................ ١٤٢
ئەی فریشتە ........................................................................ ١٤٤
بێزارم ........................................................................ ١٤٥
٣١ی ئاب ........................................................................ ١٤٦
خاڵخاڵۆکە ........................................................................ ١٤٧
باسی زمان بڕینم بۆ مەکە ........................................................................ ١٤٨
ئەی کچە جوانەکەی وڵاتی ئینگلیستا........................................................................ ١٥٠
بۆ شەهید ڕێژوانی جوانەمەرگ ........................................................................ ١٥١
بۆ پێشمەرگە ........................................................................ ١٥٢
دیواری شووشەکانی مەرگ ........................................................................ ١٥٤
کۆلە پشتەکەم هەڵدەگرم ........................................................................ ١٥٥
پێڵاوێکم لە پێیە ........................................................................ ١٥٦
کورسی ........................................................................ ١٥٧
فرمێسکەکانی خەم ........................................................................ ١٥٩
ئەم بووکە ........................................................................ ١٦٠
بنووسەوە ........................................................................ ١٦١
قوباد ........................................................................ ١٦٣
زەمانێ بوو ........................................................................ ١٦٥
بە زگی برسی و هەناسە ساردی ........................................................................ ١٦٦
کورسی ........................................................................ ١٦٧

زۆر سەرسام بووم بە بینینت ........................................ ١٦٨
بە چی دەچێت ........................................ ١٦٩
بمنووسەوە ........................................ ١٧١
بڕیام دا ........................................ ١٧٣
بڕوسکەیەک ........................................ ١٧٤
بەفر ........................................ ١٧٦
بەسە ئیتر ........................................ ١٧٧
بەست ........................................ ١٧٨
بۆ شێرکۆ بێکەس ........................................ ١٨٠
بۆ مامۆستا جەمال خەزنەدار ........................................ ١٨٢
بۆ ستیڤان شەمزینی ........................................ ١٨٤
بۆ ماری کۆلڤین ........................................ ١٨٥
بۆ ئایلان ........................................ ١٨٦
بۆ شیلان خان ........................................ ١٨٧
بیست و پێنج ساڵە ........................................ ١٨٨
بێدەنگ نابین ........................................ ١٨٩
بۆ ئەنگێلا مێرکل ........................................ ١٩٠
بەسە چیتر مەمگرێنە ........................................ ١٩١
بەس ئەم جارە ........................................ ١٩٢
پاپا ........................................ ١٩٣
بەفر ........................................ ١٩٥
پەنابەر ........................................ ١٩٧
پیرەژنێکی سواڵکەر ........................................ ١٩٩
پێبکەنە ........................................ ٢٠٠
پەیکەر ........................................ ٢٠١
تا سێبەری ئەوان مابی ........................................ ٢٠٢

تا چاو کز دەبێت لە دیتنی تۆ ........................................................ ٢٠٣
پەیامێک ........................................................................ ٢٠٤
چاوەکانت ........................................................................ ٢٠٦
چاوەڕێتم ........................................................................ ٢٠٧
جەژنی نەورۆز ................................................................... ٢٠٨
حەیفە بۆ ئەم میللەتە .......................................................... ٢٠٩
چاوی غوربەت .................................................................. ٢١٠
چیمان هەبوو .................................................................... ٢١١
چۆڵەکە .......................................................................... ٢١٢
چاوەڕوانی ........................................................................ ٢١٣
بۆ ئۆردوگان ..................................................................... ٢١٦
بۆ ئەنگێلا مێرکل ................................................................ ٢١٧
چاوی چاوانم .................................................................... ٢١٨
حەزم لێیە ........................................................................ ٢١٩
چەوساوەکان ..................................................................... ٢٢١
خۆزگە ............................................................................ ٢٢٢
خەجێ ............................................................................ ٢٢٣
خرنووک .......................................................................... ٢٢٤
خەیاڵەکانی سەرۆک ............................................................ ٢٢٥
خەمەکانی غوربەت .............................................................. ٢٢٦
دڵم کیشوەری خەمانە .......................................................... ٢٢٨
باران ............................................................................. ٢٣٠
خەم .............................................................................. ٢٣١
خۆزگە مرۆڤیش باڵندەیەک دەبوو ........................................... ٢٣٢
دیموکراسی ...................................................................... ٢٣٣
دوو بولبول ....................................................................... ٢٣٤

دەمامکە ڕەشەکان ........ ٢٣٥
داعش ........ ٢٣٧
دڵەکەم ........ ٢٣٩
ڕازی دەروونێک ........ ٢٤٠
ڕەش و برشن وەکو قەتران ........ ٢٤١
سێ و هەنار و هەرمێ ........ ٢٤٢
هەولێر ........ ٢٤٣
لە بیرتە ........ ٢٤٤
ئیمڕۆ ........ ٢٤٥
خوێندکارم ........ ٢٤٦
درۆیە دەمامکدارەکان ........ ٢٤٧
بۆ پەشێوی مەزن ........ ٢٥٠
تۆم هەرگیز لە بیر ناچی ........ ٢٥١
دڵی من ........ ٢٥٢
بۆ ڕۆژئاوا ........ ٢٥٣
قەڵەم ........ ٢٥٤
دوو شت لە دونیا ........ ٢٥٥
نەزانێک ........ ٢٥٦
قەت مەڵێ ........ ٢٥٧
مەڵێی هەرگیز ........ ٢٥٨
خەمەکانم ........ ٢٥٩
هەموو ڕۆژێ ........ ٢٦٠
گەر بمتوانیبایە ........ ٢٦١
ماڵئاوا ........ ٢٦٢
ئەوەی کە دەمگرییێنێ ........ ٢٦٣
ئەرێ هۆ خەڵکینە ........ ٢٦٤

من کرۆنۆش بۆ ئازادی دەبەم ........................................................ ٢٦٦
ئەگەر ئەم جارە بێیەوە ........................................................ ٢٦٩
ژوان ........................................................ ٢٧١
سەرم بەرز کردەوە ........................................................ ٢٧٢
گەر شەهید بووم ........................................................ ٢٧٣
فانۆسەک ........................................................ ٢٧٤
هەناسەکەم ........................................................ ٢٧٥
ناڕازیمە ........................................................ ٢٧٦
بۆ مەحمود کاوانی ........................................................ ٢٧٧
زامە قوڵەکانی هەڵەبجە ........................................................ ٢٧٩
کۆشکی فیرعەونەکان ........................................................ ٢٨٣
سوورە گوڵ ........................................................ ٢٨٤
شەراب ....!! ........................................................ ٢٨٥
وەرە با ئیمرۆ ........................................................ ٢٨٦
چاوەڕێم کردی ........................................................ ٢٨٧
پشوەک دەدەین ........................................................ ٢٨٨
هەر سەرۆکێک ........................................................ ٢٨٩
بابەگوڕگوڕ ........................................................ ٢٩٠
قوربانت بم ........................................................ ٢٩١
سەیری چی دەکەی ........................................................ ٢٩٢
دەریایەك ئاخ و ئۆف بۆ سەردەشتی جوانەمەرگ ........................................................ ٢٩٣
بەرد باران ........................................................ ٢٩٥
بۆ سەردەشت عوسمان ........................................................ ٢٩٦
بۆ کەژال خان ........................................................ ٢٩٧
بۆ کەژال ئەحمەد ........................................................ ٢٩٨
بۆ کوێ بڕۆی ........................................................ ٢٩٩

بۆ کوێ دەڕۆی ........ ٣٠٠
کەردۆگان ........ ٣٠١
پەیڤێك بۆ ئیحسانی فەتاحیان ........ ٣٠٢
بۆ ڕۆژی ڤالانتین ........ ٣٠٤
تەمەن ........ ٣٠٥
تەمەنی گەنجیم ........ ٣٠٦
چاوت ڕەشە وەکو ترێ ........ ٣٠٧
چیتان کرد بۆ هەڵەبجە ........ ٣٠٨
حەڤدەی شوبات ........ ٣٠٩
حەڤدەی شوبات بەڕێوەیە ........ ٣١١
خەونی شەوانی منداڵیم ........ ٣١٣
خۆزگە لە پاریس بوومایە ........ ٣١٤
دڵی من هەرگیز موتوربە ناکرێ ........ ٣١٧
کڵاوەکەی خۆم ........ ٣١٩
دوعا و دونیا ........ ٣٢٠
دونیا ........ ٣٢١
ڕۆژی دایکان ........ ٣٢٣
ڕۆژێکی زستان ........ ٣٢٤
وەڕەزم ........ ٣٢٥
شەقام ........ ٣٢٧
وردیلە شیعر ........ ٣٢٨
کەرلەمان ........ ٣٢٩
کوردستان ........ ٣٣٠
ئەو ژنە ........ ٣٣١
گەر دەتەوێ من شێت نەبم ........ ٣٣٢
گەڵا وردیلەکانی پایز ........ ٣٣٣

وشەکان هەرگیز بێدەنگ نابن ........ ٣٣٥
لە بەفرم پرسی ........ ٣٣٦
لە بەهاری چاوی تۆ ........ ٣٣٧
لە پشت پەنجەرە داخراوەکانی ئەم شارە ........ ٣٣٨
لە پشت دەرگا شکاوەکان ........ ٣٤٠
لە دارستانێك ........ ٣٤١
لە مەملەکەتی خەرابستان ........ ٣٤٢
لە ناو گیرفانی خەونەکانم ........ ٣٤٣
لێدە شەفیق ........ ٣٤٤
لێم ببورە ........ ٣٤٥
لێیان پڕسیم ........ ٣٤٧
ماشەڵا ........ ٣٤٨
ماڵئاوا ........ ٣٤٩
مالیکی ........ ٣٥٠
سوێند دەخۆم ........ ٣٥٢
منداڵەکان ........ ٣٥٣
منداڵەکان ........ ٣٥٥
منداڵەکان ........ ٣٥٦
بەگ و فیرعەونەکانی وڵات ........ ٣٥٨
وێنەم مەگرە ........ ٣٦٠
مەمکت ........ ٣٦١
نامەیەك بۆ مناڵە وردیلەکان ........ ٣٦٢
گڕ ........ ٣٦٣
نۆبل ........ ٣٦٤
پڕم لە بۆنی تۆ ........ ٣٦٥
سەمای ماچەکانی پایز ........ ٣٦٦

سمێل فش ........ ٣٦٨
نیشتمانم منداڵێکی زۆر برسیە ........ ٣٦٩
دوو داری عاشق ........ ٣٧٠
هەناسە سپیەکان ........ ٣٧١
هەناسەکەم بیرت دەکەم ........ ٣٧٣
هۆ شارەکەم ........ ٣٧٤
ئەی غەریبی ........ ٣٧٥
گولـلە باران ........ ٣٧٦
بۆ شێرکۆ بێکەس ........ ٣٧٧
ڕۆژنامەی شاعیرێکی یاخی ........ ٣٧٨
ڕۆژێ دادێ ........ ٣٨٠
شێرکۆ بێکەس ........ ٣٨٢
کیسەلەکان نافڕن ........ ٣٨٣
خانمەکەم ........ ٣٨٤
ماڵیان لە دوورە دێیە ........ ٣٨٥
نیشتمان ........ ٣٨٦
منداڵەکان ........ ٣٨٧
ناتوانم بێ تۆ بژیم ........ ٣٨٨
نەمری بۆ شەڕڤان ........ ٣٩٠
ڕسوا ........ ٣٩١
باڵات هەڵچووە ........ ٣٩٢
بزەم هاتێ ........ ٣٩٣
تێکئاڵاوین ........ ٣٩٤
دوێنێ ........ ٣٩٥
وەسیەتەکانی گەرمیانی ........ ٣٩٦
جڕوجانەوەرەکان مەملەکەتی شەو ........ ٣٩٧

ژیانەکەمان ........................................ ٣٩٩
سێ عاشق ........................................ ٤٠٠
هاوار ........................................ ٤٠٦
ئەو کچە زێدە جوانە ........................................ ٤٠٩
نازدارێ ........................................ ٤١١
کێخوای دزان ........................................ ٤١٣
دایە ........................................ ٤١٦
شیلانە ........................................ ٤١٨
هەر چەند ........................................ ٤٢٠
خەونی ڕەش ........................................ ٤٢١
بڕیارم دا ........................................ ٤٢٣
ﻤبەرەوە ........................................ ٤٢٤
بڕیار ........................................ ٤٢٦
گریان ........................................ ٤٢٧
پەشێمانین ........................................ ٤٢٨
لەگەڵ غەریبی ئاوێتە بووم ........................................ ٤٣٠
جگەرە ........................................ ٤٣٢
ئەو تابلۆیانەی هێشتا تەواو نەبوونە ........................................ ٤٣٣
تا کوشتن ........................................ ٤٣٥
شەق مەهاوی ........................................ ٤٣٦
لە شارەکەما ........................................ ٤٣٧
هەموومان کۆبانێین ........................................ ٤٣٨
من شەڕڤانم ........................................ ٤٣٩
لە قلەق ........................................ ٤٤٠
سلێمانی ........................................ ٤٤٢
بەسە چیتر ........................................ ٤٤٤

لێیان گەڕێن ........................................................ ٤٤٥
بۆ ئاپۆ ........................................................ ٤٤٦
سێوە ........................................................ ٤٤٧
بۆ دکتۆر جەمال نەبەز ........................................................ ٤٤٩
بۆ مستەفا سالح کەریم ........................................................ ٤٥٠
وڵاتەکەم ........................................................ ٤٥١
جەنجەڕ ........................................................ ٤٥٣
لەم وڵاتەی وێرانەیمە ........................................................ ٤٥٥
هەڵیڕێژە هەموو ڕۆژێ ........................................................ ٤٥٦
وەختێ خۆت گوڵیت ........................................................ ٤٥٧
من عەشقی ئەو هەولێرەم ........................................................ ٤٥٨
منداڵێکی ئازامە ........................................................ ٤٥٩
مەرج نییە ........................................................ ٤٦١
فریامکەوە ........................................................ ٤٦٢
کەرکووک ........................................................ ٤٦٣
سەیرم مەکە ........................................................ ٤٦٥
بەرخۆدانە ........................................................ ٤٦٦
هەتا گەنج بووم ........................................................ ٤٦٨
هەموو رۆژێ ........................................................ ٤٦٩
وەرە مەرۆ ........................................................ ٤٧٠
حەزم دەکرد ........................................................ ٤٧١
ئەی خودایە ........................................................ ٤٧٢
چاوەکانت ........................................................ ٤٧٣
ئیتر بەسە ........................................................ ٤٧٥
هۆ میر تەحسین ........................................................ ٤٧٦
زەمانێ بوو ........................................................ ٤٧٨

حەڤدەی شوبات ........................................ ٤٨٠
قورتار ........................................ ٤٨١
مخابن ........................................ ٤٨٢
کەر ........................................ ٤٨٣
وەرە گیانە ........................................ ٤٨٤
کە لە پاسەکە دابەزی ........................................ ٤٨٥
هەر دووکمان یەکین ........................................ ٤٨٦
لێدە شەفیق ........................................ ٤٨٧
وەک گوڵە حاجیلەی دەشت و وەردان ........................................ ٤٨٩
زەینم ........................................ ٤٩١
خەون ........................................ ٤٩٣
گەر شیعر باڵی هەبوایە ........................................ ٤٩٤
وەفایی ........................................ ٤٩٥
ئەی نەشمیلە ئازیزەکەم ........................................ ٤٩٦
تەرەس ........................................ ٤٩٨
سێدارە ........................................ ٤٩٩
خۆشناوین ........................................ ٥٠٠
بۆ ئەو کەسەی خۆشم ویست ........................................ ٥٠١
هەی کەردۆگانی بێناموس ........................................ ٥٠٢
دووژمن ........................................ ٥٠٣
بۆ دڵزاری شاعیر........................................ ٥٠٤
کە گوێم لە سترانەکەت بوو ........................................ ٥٠٥
جەژنانە ........................................ ٥٠٦
مەیسووتێنە هەی گەمژە ........................................ ٥٠٧
هەر چیم هەبوو ........................................ ٥٠٩
وەرە گیانە بێ خەم بە ........................................ ٥١٠

نەفرەت لە مین ................................................................................ ٥١١
ئەی یاسەمینە بچکۆلەکە ................................................................ ٥١٣
نەگەڕامەوە .................................................................................... ٥١٤
هەرگیز ناتکەم بە سەرۆکی خۆم ................................................. ٥١٥
زنجیری سەد بەندینخانە ............................................................... ٥١٦
پەیڤەکان دەدوێن ......................................................................... ٥١٧
بۆ بەکر عەلی ................................................................................ ٥١٩
ژنێک کوژرا ................................................................................... ٥٢٠
ئیم شەو ......................................................................................... ٥٢١
پەپوولە ........................................................................................... ٥٢٢
ڕقم لێتە .......................................................................................... ٥٢٣
دەسڤیدانیا ...................................................................................... ٥٢٥
من گەلێ دوورم ............................................................................. ٥٢٦
پەرەسێلکە ..................................................................................... ٥٢٧
قەت مەڵێن ..................................................................................... ٥٢٩
پەیامێك ......................................................................................... ٥٣٠
بۆ ئەبوبەکر خۆشناو ..................................................................... ٥٣١
سالح موسلیم ................................................................................. ٥٣٢
هەر کاتێ دەستم قەڵەمێ بگرێ .................................................. ٥٣٣
ئەو کچەی کە عەشقی بووم ......................................................... ٥٣٤
زۆرم خۆشدەوێ ............................................................................ ٥٣٦
ئەی یارەکەم .................................................................................. ٥٣٧
تاکەی ئەو بێدەنگییە ..................................................................... ٥٣٨
پێم بڵێ .......................................................................................... ٥٤٣
هەتاکو کەی لێم دڵ ڕەقی ............................................................ ٥٤٤
جگەر گۆشەم ................................................................................. ٥٤٥

چاویلکە ........................................................................ ٥٤٦
بە چەند دڵۆپێ ................................................................... ٥٤٧